

# خیانەتی کشانەوەی کەرکووک و مقاوەمەتی جوامێرانەی پردێ

# قۆناخێکی تازە بەرامبەر تەحەدییەکان و تێپەڕاندنی کارەساتێکی گەورە



**سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان وەک نوێنەری راستەقینەی خەڵکی کوردستان هەرگیز رێگە نادات کوردستان دابەش بکرێت و سازش لەسەر یەک بستی خاکی کوردستان ناکات، لە هەمانکاتدا رێگەش نادات ئەوانەی خۆیان کردووە بە داردەست و کلاوسووری پێش لەشکری داگیرکاری کوردستان، یەکریزیی خەڵکی کوردستان تێکبدەن**

**لە ئێستادا کە تۆڕی میلیشیاکانی حەشدی شەعبیی سەر بە ئێران و سەرۆک وەزیرانی عێراق سەرخۆشی بە حیساب سەرکەوتنێکن کە بە خیانەتی تاقمێک لە خۆمان بەدەستیان هێناوە، دەیانەوێت خۆیان وەک لایەنی براوەی شەڕێکی سەربازی پیشان بدەن، کە هەر خودی دەستووری عێراق، پەنابردنی حکومەتی عێراق بۆ هێز بۆ چارەسەکردنی کێشەکانی لەگەڵ کوردستان و پێکهاتەکانی دیکەی عێراقیش ریسوا و مەحکوم دەکات**

بیست رۆژ پێش خیانەتی کشانەوەکەی کەرکووك، گەلی کوردستان بە رێژەی نزیکەی ٩٣٪ی بەشداربووان لە چوارچێوەی ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆمدا دەنگی بۆ سەربەخۆیی کوردستان داوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو کەسانەی بڕیاریان دا لەچوارچێوەی رێککەوتن لەگەڵ دوژمنانی کوردستاندا کەرکووك تەسلیم بکەنەوە، دەکەونە ناو رێژەی ٧٪ی ئەوانەی کە چاویان بە شکۆی نیشتمان و نەتەوەی خۆیان هەڵنایەت و دژی ئەوە بوون ئەو واقیعەی خوێنی پێشمەرگە قارەمانەکان لەشەڕی دژی داعش لەسەر زەوی دروستیان کردبوو، هەروەها ئەوەی کە دەنگی گەلی کوردستان کردبوویە دیکۆمێنتی شەرعیەتدان بەو واقیعە، بەرگری لێبکرێت و جیهان ناچار بێت رێز لە ئیرادەی گەلی کوردستان بگرێت.

ئەو خەڵکانەی خۆیان کردۆتە کەواسووری پێش لەشکری داگیرکاران، خۆیان ئەو شاهیدییە دەدەن کە ئەوان دژی ئەنجامدانی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان بوون، هەربۆیە ناکرێت و ناشێت ئەم خیانەتەی کە ئەم کۆمەڵە خەڵکەی کە کەوا سووری پێش لەشکری داگیرکاریان لەسەر کردووە، بە ئەندامانی حزبێکی سیاسی، یان نوێنەری حزبێکی سیاسی لە قەڵەم بدرێت.

لە مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و بزووتنەوە رزگاریخوازییەکانی نەتەوەکانی دیکەی جیهانیشدا، زۆر جار روویداوە کە تاقمێك بە ناوی حزبێکەوە سەنگەری مقاوەمەت و بەرگریی نیشتمانی چۆڵ دەکەن و لەمەش زیاتر هەوڵدەدەن ئەم کارەیان وەك کارێکی نەتەوەیی و نیشتمانی لەقەڵەم بدەن، بەڵام مێژووی خەباتی شۆڕشگێڕانی ئازادی و سەربەخۆیی دەمێکە ئەو راستییەی سەلماندووە، ئەوانەی لە هێڵی گشتیی بیرکردنەوەی نەتەوە و نیشتمانی خۆیان لادەدەن، ئیدی لە چوارچێوەی حزب و لایەنی سیاسی و بەشێك لە خەباتی نیشتمانی و نەتەوەیی مامەڵەیان لەگەڵدا ناکرێت، ئەم دیاردە نەخوازراوە چۆن لە مێژووی نەتەوەکانی جیهاندا رەتکراوەتەوە، بەهەمان شێوە لە مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستاندا رەتکراوەتەوە و ئەنجامدەرانی شەرمەزاری مێژوو کراون.

لایەنی ئەرێنی بۆ نەتەوەی خاوەن ئیرادە ئەوەیە، هەرگیز دوژمنانی نەتەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو خەڵك و گرووپانە وەك نوێنەری نەتەوە ناکەن و ئامادە نین رێککەوتنی سیاسییان لەگەڵدا ئەنجام بدەن، بەڵکو وەك ئامێرێك بۆ مەبەستێکی تایبەتی بەکاریان دەهێنێت و کە کارەکەیان تەواو بوو، ئینجا پشتگوێ دەخرێن و بە رەزیلی مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن.

ئەگەر سەرنج لە کشانەوەی کەرکووك بدەین کە کۆنترای ئەم خیانەتە بە رێککەوتن ناوی دەبەن و گوایە زیاتر لە ٣٠ ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانی ئیمزایان لەسەر کردووە، بەشێك لەو رێککەوتنە لەلایەن پەرلەمانتارێکی عێراقی بزووتنەوەی گۆڕانەوە بڵاوکرایەوە، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی ئەو رێککەوتنە لەلایەن هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان و تێکۆشەرانی ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستانیشەوە رەتکرایەوە، بەڵام حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی حکومەتی عێراق تەنیا ٢٤ کاتژمێر دوای داگیرکردنەوەی کەرکووك و لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا، نەك هەر پابەندبوونی خۆی بەو رێککەوتنە رەتکردووە، بەڵکو بە ئاشکرا رایگەیاند کە رێککەوتنی لەوجۆرە لە نێوان حکومەتی عێراق و ئەو تاقم و گرووپە نەکراوە کە بۆ بەرژەوەندیی حەشدی شەعبی چاوساغییان بۆ گرتنەوەی کەرکووك کردووە.

بەڵام لە میانەی قسەکانی نوری مالیکی کە بەشێوەیەکی ئاشکرا پشتگیری خۆی بۆ دوو ئیدارەیی و دوو هەرێمی کوردستان پیشان دا، دەرکەوت ئەو رێککەوتنە کە وەك دیکیۆمێنت لەسەر شاشەی فرانس ٢٤ بەرز دەکرێتەوە، لەگەڵ تۆڕی ملیشیاکانی حەشد شەعبی ئەنجامدراوە، کە لەلایەن قاسمی سولەیمانی فەرماندەی هێزی قودسی سوپای پاسدارانەوە سەرپەرشتی دەکرێن، ئەم رێککەوتنەش وەك بەڵێنێکی قەرزێك دراوە کە لە ئایندە پێیان دەدرێتەوە. راشکاوانەتر ئەم بەڵێنە لەسەر بنەمای هەڵبژاردنەکانی داهاتووی نیسانی ٢٠١٨ی عێراق دراوە، بەو حیسابەی ئەو هاوپەیمانییەی نوری مالیکی سەرۆکایەتی دەکات کە هاوپەیمانییەکی پرۆ

ئێرانیە هەڵبژاردنەکان دەبەنەوە کە دەسەڵاتی حکومەتی داهاتووی عێراقیان کەوتە دەست بۆیان جێبەجێ دەکەن، بەڵام ئامانجی سوپای پاسداران و قاسم سولەیمانی فەرمانەدەی هێزی قودس لەوە فراوانترە کە قسەی لەگەڵ ئەو تاقمە پێکراوەو ئەو دەیەوێت لەم قۆناخە سیاسەت و ستراتیژیەتی سوپای پاسداران لە عێراقدا لەگەڵ سیاسەت و ستراتیژیەتی ئەمریکا بۆ عێراق هاودژی دروست نەکات و ناسەقامگیرییەکی ئەتۆ نەیەتە ئاراوە کە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی کۆماری ئیسلامی ئێران دروست بکات، هەربۆیە پسپۆڕان و چاودێرانی سیاسی بەو جۆرە مەزندە دەکەن کە سوپای پاسداران و هێزی قودسی ئێرانی ئەگەر راستەوخۆش پشتگیری ئەو هاوپەیمانییە نەکەن کە عەبادی سەرۆکایەتی دەکات بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق و مەزندە دەکرێت تەیاری سەدر و ئەیاد عەللاوی و عەمار حەکیم و چەند هێزێکی دیکەی شیعە لەخۆی دەگرێت، ئەوا بەو ئاستە دژایەتی ناکات کە گوشارێکی ئەوتۆ دروست بکات، هاوپەیمانی رکابەری عەبادی بە سەرۆکایەتی مالیکی هەڵبژاردنەکان بباتەوە.

قاسم سولەیمانی کە هەتا ئێستا چوار نەوەی تۆڕی میلیشیای وەکیلی لەناو شیعەی عێراقدا پەروەردە کردووە و گەیشتۆتە ئەو قۆناخەی ئێستا کە جیهادی شیعە لە عێراق و سووریا پیادە بکات، هێندەی ئامانجەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ئێرانی لە تەئمینکردنی پردی زەمینی نێوان باشووری لوبنان و تاران چڕکردۆتەوە، هێندە بایەخ بە پرسی هەڵبژاردنەکانی عێراق نادات و لای گرنگ نییە حەیدەر عەبادی دەبێتەوە بە سەرۆك وەزیران، یاخود مالیکی، یان هادی عامری، بۆیە هەر یەك لەوانە ببنەوە بە سەرۆك وەزیران، ئەوەی گرنگە بۆ ستراتیژیەتی سوپای پاسداران ئەوەیە چاوپۆشی لە رۆڵی فراوانخوازی و باڵادەستیی نفووزی ئێران بکەن، بۆ ئەوەی عێراق بکاتە پردێك بۆ پەڕینەوە بۆ شام و باشووری لوبنان و هەروەها بارەگاکانی حەشدی شەعبی بکاتە ناوەندی مەشق و راهێنانی تیرۆری میلیشیای دیکە کە ئێستا ئێران لە یەمەنەوە تا دەگاتە کەنداو و سووریا و لوبنان لە هەموو کاتێکی دیکە زیاتر پێویستی پێیەتی. بۆیە ئەو رێککەوتنەی ئەو تاقمە لەگەڵ هێزی قودس و میلیشیاکانی عەسائبی ئەهلی هەق و کەتائیبی حزبوڵای مالیکی کردوویانە، قەرزێکە پەیوەستە بە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراقەوە، ئەوجا هەڵبژاردنی داهاتوو ئاکامەکەی هەر چۆنێك بێت، بەرژەوەندی ئاسایشی نەتەوەیی کۆماری ئیسلامی ئێران وادەخوازێت کە ئەو قەرزە وەك ئەوەی ئیمزای لەسەر کراوە، نەدرێتەوە و لەوانەیە ئەم تاقمەش چاوەڕێی وەرگرتنەوەی ئەو قەرزە نەکەن، چونکە باش دەزانن، ئەوان نەك نوێنەری گەل و نەتەوە، بەڵکو وەك نوێنەری تەنیا یەك حزبی سیاسیی کوردستانیش مامەڵەیان لەگەڵدا ناکرێت.

بەڵام دیارە لە پشت ئەم رێککەوتنە ئاشکرایەوە، کۆمەڵێك ئامانجی شاراوەی ئەو تاقمە و هێزی قودس و تۆڕی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی پرۆ ئێرانی هەیە، ئەمەش لەو خاڵەوە خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، ئەو رێککەوتنەی کە بە ئاشکرا ئیمزای لەسەر کراوە، ئەگەر ئامانجی دیکەی دوژمنانی کوردستانی لە پشتەوە نەبێت، بە ئاسانی جێبەجێ ناکرێت، بۆیە خاڵی شاراوەی پشت ئەو رێککەوتنە ئاشکرایە ئەوەیە کە بە تەواوەتی یەکڕیزی نێوان گەلی کوردستان تێکبدرێت و زەمینە بۆ شەڕێکی ناوخۆیی خوێناوی و نەبڕاوە بێنەئاراوە، ئەم ئامانجەش وا نەخشەی بۆ کێشراوە کە لەگەڵ پێشڕەویی حەشدی شەعبی بۆ داگیرکردنەوەی کەرکووك، پێکدادانی چەکداری لەنێوان هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان رووبدات و مەسەلەی داگیرکردنەوەی کەرکووك ببێتە شتێکی لاوەکی، بەڵام کاتێك بەڕێز مسعود بارزانی وەك فەرمانەدەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی کوردستان و تێکۆشەرانی دیکە، تێگەیشتن لەوەی کشانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بێ فەرمانی فەرمانەدەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی کوردستان، خۆی لە خۆیدا ئەنجامدانی کودەتایە بەسەر فەرمانەدەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی کوردستاندا، بەڵام لۆژیك و ئەزموون و دووربینی سەرۆك مسعود بارزانی، ئەمجارە بە پیشاندانی

**حکومەتی ئێستای عێراق کە بەدەستی خیانەتی ناوخۆی کوردستان کەرکووکی داگیرکردۆتەوە، گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی ئیرادەی گەلێکی ئازادیخواز بە زنجیری دەبابە تێکناشکێندرێت، بەڵام دەیەوێت خۆی وا پیشان بدات کە داگیرکردنەوەی کەرکووك واتە کۆتاییهاتنی ئاکامی ریفراندۆم و راگەیاندنی یەکپارچەیی عێراق بۆ هەتاهەتایی**

**کشانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بێ فەرمانی فەرمانەدەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی کوردستان، خۆی لە خۆیدا ئەنجامدانی کودەتایە بەسەر فەرمانەدەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی کوردستاندا، بەڵام لۆژیك و ئەزموون و دووربینی سەرۆك مسعود بارزانی، ئەمجارە بە پیشاندانی بێدەنگی و کۆکردنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بە شێوەیەکی ئاقڵمەندانە، لە بەهێزترین خاڵی داگیرکەرانەوە، ئەو پیلان و کودەتایەی پووچەڵ کردەوە**

**خاڵی شاراوەی پشت ئەو ڕێککەوتنە ئاشکرایە ئەوەیە کە بە تەواوەتی یەکڕیزی نێوان گەلی کوردستان تێکبدرێت و زەمینە بۆ شەڕێکی ناوخۆیی خوێناوی و نەبڕاوە بێنەئاراوە، ئەم ئامانجەش وا نەخشەی بۆ کێشراوە کە لەگەڵ پێشڕەویی حەشدی شەعبی بۆ داگیرکردنەوەی کەرکووک، پێکدادانی چەکداری لەنێوان هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان ڕوبدات و مەسەلەی داگیرکردنەوەی کەرکووک ببێتە شتێکی لاوەکی**

**لە میانەی قسەکانی نوری مالیکی کە بەشێوەیەکی ئاشکرا پشتگیری خۆی بۆ دوو ئیدارەیی و دوو هەرێمی کوردستان پیشان دا، دەرکەوت ئەو ڕێککەوتنە کە وەک دیکیۆمێنت لەسەر شاشەی فرانس ٢٤ بەرز دەکرێتەوە، لەگەڵ تۆڕی ملیشیاکانی حەشد شەعبی ئەنجامدراوە، کە لەلایەن قاسمی سولەیمانی فەرماندەی هێزی قودسی سوپای پاسدارانەوە سەرپەرشتی دەکرێن**

بێدەنگی و کۆکردنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بە شێوەیەکی ئاقڵمەندانە، لە بەهێزترین خاڵی داگیرکەرانەوە، ئەو پیلان و کودەتایەی پووچەڵ کردەوەو سەرلەنوێ بارودۆخەکەی ڕێکخستەوە و ڕێگەشی نەدا خیانەتی ئەو چەند کەسە وەك هەڵوێست و پێگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، هەربۆیە ئەم مامەڵە ئاقڵمەندانەیەی سەرۆك بووە هۆکاری ئەوەی جارێکی دیکە چاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و جیهان بەرامبەر هەقیقەتی ئەم پیلان و خیانەتە ڕۆشن بکاتەوە و دووبارە سۆز و هەستی نێودەوڵەتی بۆ کێشەی نێوان کوردستان و عێراق دروست بکاتەوەو، بە گەلی کوردستانیشی ڕاگەیاند کە لوولەی تفەنگی پێشمەرگە تەنیا ڕوو لە دوژمنانی کوردستان دەکات و شەڕی خۆکوژی و ناوخۆیی پێناکرێت کە دوژمنان پیلانیان بۆ داڕشتووە و هیوای بۆ دەخوازن، ئەمەش لە ڕۆژی ٢٠ی ئۆکتۆبەر لە مقاوەمەتی جوامێرانەی پێشمەرگە دژی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی کە هاتبوون ئیرادەی هێزی پێشمەرگە دوای خیانەتەکەی کەرکووك تاقی بکەنەوە، بە شکاندنی دەبابەی ئەبرامزی ئەمریکی و دەیان هامەر و زرێپۆش و سەدان کوژارو بریندار وەڵامدرانەوە و پاشەکشەیان پێکرا.

شەڕی پردی تەنیا ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەربازی لە نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی نەبووە، بەڵکو ئەم شەڕە نەك هەر بەمانا سەربازییەکەی بەڵکو بە مانای سیاسیی شەڕ، شەڕێك بوو کە وەرچەرخانی دروستکرد، ڕاشکاوانەتر ئەم شەڕە پیادەکردنی سیاسەتێکی نوێی دیکەی کوردستان بوو بە ڕێگەی لوولەی تفەنگی پێشمەرگە، بە دیکیۆمێنتکردنەوەی ئیرادەی بەڵێی ٢٥ی ئەیلوول بوو کە چیدیکە گەلی کوردستان لەگەڵ ئەو ئەقڵییەتە تائیفی و شۆڤێنییەی بەغدا ناتوانێت بژی کە ئاستی دەوڵەتداری و حوکمڕانیان هەر ئەوەندەیە کە دەیانەوێت بەشێك لە گەلەکەی خۆیان بە پیلان و هەماهەنگی لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە سەرکوت و ژینۆساید بکەن!

حکومەتی ئێستای عێراق کە بەدەستی خیانەتی ناوخۆی کوردستان کەرکووکی داگیرکردۆتەوە، گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی ئیرادەی گەلێکی ئازادیخواز بە زنجیری دەبابە تێکناشکێندرێت، بەڵام دەیەوێت خۆی وا پیشان بدات کە داگیرکردنەوەی کەرکووك واتە کۆتاییهاتنی ئاکامی ریفراندۆم و ڕاگەیاندنی یەکپارچەیی عێراق بۆ هەتاهەتایی، بەڵام خۆی لەوە بێ ئاگا دەکات کە لۆژیکی سەرۆکی کوردستان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تەنگژەیەکی لەوجۆرە، تەنیا بەڕێوەبردنی تەنگژە نییە وەك ئەوەی لە زمانی سیاسەت پەنای بۆ دەبرێت، بۆ ئەوەی خۆگونجاندنێك لەگەڵ ئەمری واقیعی زوڵم و غەدر دروست بکرێت، بەپێچەوانە مامەڵەی ئەمجارەی سەرۆك بارزانی لەگەڵ ئەم تەنگژە گەورەیە، وەرچەرخانی تەنگژەیەکە کە بە غەدر مافێکی ڕەوا و شەرعی گەلێکی ئازادیخواز ڕەتدەکرێتەوە، هەوڵێکە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بگاتە ئەو قەناعەتەی کە ناچاربوونی گەلی کوردستان بۆ ئەوەی پەنا ریفراندۆم و سەربەخۆیی ببات، لەبەر ئەوە نییە کە کوردستان بەو دەستوورە ڕازی نییە کە لە ٢٠٠٥ بە پلەی یەکەم بۆ ڕێکخستنەوەی عێراقی عەرەبی و پەیوەندی نێوان کوردستان و عێراق نووسراوەتەوە، بەڵکو ئەنجامدانی ریفراندۆم دەرهاویشتە و کاردانەوەی گەلی کوردستان بووە لەبەر ئەوەی دەسەڵاتدارانی شیعە کە ئێستا لە لوتکەی هەرەمی دەسەڵات و حوکمڕانیی عێراقدان، خۆیان پابەند نەبوون بەو دەستوورەی کە خۆیان دەنگیان لەسەر داوە، هەروەها ئەقڵییەتی تائیفەگەری شیعەیە کە نایانەوێت بەپێی ئەو دەستوورە کێشەکان چارەسەر بکرێت و پەیوەندییەکی برایانە و ئارەزوومەندانە لەنێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراقدا دروست ببێتەوە.

لە ئێستادا کە تۆڕی میلیشیاکانی حەشدی شەعبیی سەر بە ئێران و سەرۆك وەزیرانی عێراق سەرخۆشی بە حیساب سەرکەوتنێکن کە بە خیانەتی تاقمێك لە خۆمان بەدەستیان هێناوە، دەیانەوێت خۆیان وەك لایەنی براوەی شەڕێکی سەربازی پیشان بدەن، کە هەر خودی دەستووری عێراق، پەنابردنی حکومەتی عێراق بۆ هێز بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی لەگەڵ کوردستان و پێکهاتەکانی دیکەی عێراقیش ڕیسوا و مەحکوم



دەکات، لەهەمانکاتدا بانگەشەش بۆ ئەوە دەکات کە دەبێت لەسەر بنەمای دەستوور بە دیالۆگ کێشەکان لەگەڵ کوردستان چارەسەر بکات، لە ئێستادا کە کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی پشتگیری لە هەڵوێستی کوردستان دەکات بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای دەستوور دیالۆگ و وتووێژ لەنێوان هەردوولادا دەست پێبکاتەوە، لەبەرامبەردا حکومەتی عێراق دەیەوێت ئاستەنگ بۆ ئەم وتووێژ و دیالۆگە دروست بکات، ئەمە مانای ئەوەیە حکومەتی عێراق باش لەو راستییە تێگەیشتووە، لۆژیك و دووربینی سەرۆك بارزانی بەجۆرێك ئەم کێشەیەی وەرچەرخاندووە کە نە حکومەتی عێراق دەتوانێت ئامانجە شاراوە داگیرکارییەکانی بشارێتەوە، نە ئەو تاقمەشی بە خیانەتی کشانەوە کودەتایان دژی ئیرادەی خەڵکی کوردستان ئەنجامدا، دەتوانن یەکریز و یەکهەڵوێستی گەلی کوردستان تێکبدەن و شەڕێکی ناوخۆیی و خوێناوی لە کوردستاندا دروست بکەن.

کەواتە شەڕی پردی بەمانا سیاسییەکەی جیا لەو سەرکەوتنە سەربازییەی بەسەر حەشدی شەعبیدا بەدەستی هێنا، دوو ئامانجی گرنگی سیاسیشی بەدەست هێنا، کە یەکەمیان ئەوەیە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان وەك نوێنەری راستەقینەی خەڵکی کوردستان هەرگیز رێگە نادات کوردستان دابەش بکرێت و سازش لەسەر یەك بستی خاکی کوردستان ناکات، لە هەمانکاتدا رێگەش نادات ئەوانەی خۆیان کردووە بە داردەست و کڵاوسووری پێش لەشکری داگیرکاری کوردستان، یەکریزیی خەڵکی کوردستان تێکبدەن.



**نادر هاشمی**

بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی دەنڤەر بۆ گوڵان:

# سەیرە ئەمریکا ئێران بەسەرچاوەی کێشەکان دادەنێت، بەڵام لە ئاست حکومەتی عێراقدا هاوهەڵوێستە

**نادر هاشمی پرۆفیسۆری سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی ئیسلامییە لە قوتابخانەی جۆزێف کەربوڵ بۆ دیراساتی نێودەوڵەتی لە زانکۆی دەنڤەر، بە هەمان شێوە بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە هەمان زانکۆ. تایبەتمەندە لە کاروباری ئیسلامییەکان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئایین و دیموکراسی، عەلمانیەت، سیاسەتی بەراوردکاری و تیۆری سیاسی و چەند بوارێکی گرنگی دیکە. بۆ تاوتوێکردنی گرنگی و بایەخی ئەو ستراتیژییەتە نوێیەی ئەمریکا لە ئاست ئێراندا رایانگەیاندووە، هەروەها بۆ ئەوەی شرۆڤەی ئەوە بکرێت ئایا تا چەند ئەم ستراتیژیەتە ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت هەلومەرجەکە بە شێوەیەکی بنەڕەتی بگۆڕێت و چەند پرس و بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ ئەنجامدا، ئەویش بەم شێوەیە تێڕوانینەکانی خستەڕوو.**

*** دوای راگەیاندنی ستراتیژە نوێیەکەی ترەمپ لە ئاست ئێراندا، تا چەند پەیامی ئەمریکا بۆ ئێران و هاوپەیمانە تەقلیدییەکانی لە ناوچەکە پەیامێکی روون و بەهێز بوو؟**

- بە دڵنیاییەوە پەیامێکی روون و بەهێز بوو، هەم بۆ هاوپەیمانە تەقلیدییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، وەك سعودیە و ئیمارات و ئیسرائیل کە زۆر خۆشحاڵن بەم ستراتیژیەتەی ترەمپ. لە کاتێکدا ئێران نیگەران و ناڕەحەتە لەم پەیامەی ترەمپ، بەڵام لە هەمان کاتدا کەسانێك هەن لە نێو ئێراندا زۆر خۆشحاڵن بە وتارەکەی ترەمپ و بە هەڕەشەکانی ترەمپ بە هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتنە ناوکییەکە. بە دەربڕینێکی دیکە، توندڕەو و سەرسەختەکانی نێو ئێران هەر لە بنەڕەتدا لەگەڵ واژۆکردنی رێککەوتنە ناوکییەکەدا نەبوون، واتە لەگەڵ گرتنەبەری سیاسەتی رووبەڕووبونەوە بوون لە دژی ئەمریکا. لەم روانگەیەوە کەسانی نێو سوپای پاسداران و نووسینگەی رابەری باڵا خۆشحاڵ بوون بە وتارەکەی ترەمپ، چونکە بەکاری دەهێنن بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیان لە ناو ئێراندا و بۆ سنووردارکردنی سیاسەتەکانی حکومەتەکەی رۆحانی، کە دەیویست پەیوەندی لەگەڵ رۆژئاوادا دروست بکاتەوە و گفتوگۆ لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ناوچەکە بکات، کە ئێستا گرتنەبەری ئەم شێوازە سەختتر بووە، بەهۆی ئەم ستراتیژیەتە نوێیەی ترەمپەوە. هەرچۆنێك بێت هێشتا روون نییە کە ئایا ئیدارەی ترەمپ بە تەواوەتی لە رێککەوتنەکە دەکشێتەوە، یان نا، چونکە دەبێت ترەمپ ئەم پرسە رەوانەی کۆنگرێس بکات و کۆنگریسیش ٦٠ رۆژی لەبەردەمدایە بۆ گەڵاڵەکردنی سیاسەتێك و دواتر دەبێت هەڵسەنگاندنێکی دیکە بکات لە ماوەی ٦٠ رۆژدا بۆ ستراتیژیەتەکەی ترەمپ و بۆ یەکلاکردنەوەی ئەوەی ئایا ئەمریکا لە رێککەوتنەکە بکشێتەوە، یان نا.

*** ئایا دەتوانین بڵێین لە ئێستادا ئیدارەی ترەمپ سیاسەتێکی گشتگیر و هەمەلایەنەی گەڵاڵە کردووە بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئێراندا؟**

- بە دڵنیاییەوە نەخێر، چونکە ئەوەی ئێمە لە سەرۆك ترەمپی دەبیستین لێدوانی توندە، بەڵام سیاسەتێکی روون بەدی ناکەین بۆ پاڵپشتیکردن لەو لێدوانانە. لێرەدا ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە ئیدارەی ترەمپ بەردەوام ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئێران سەرچاوەی هەموو کێشەکانی جیهانە، بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام لە پەیوەندی بە پرسی عێراق، هەروەها ئەفغانستان و سووریاش، دەبینین سیاسەتی ئەمریکا لە سایەی ئیدارەی ترەمپدا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا نییە. بۆ نموونە: ئەمریکا و ئێران هەردووکیان پشتیوانی لە حکومەتی مەرکەزی بەغدا دەکەن، هەردوولایان دەیانەوێت داعش تێکبشکێنن. لە ئەفغانستانیش هەمان سیاسەت بەدی دەکەین، هەردوولا پشتیوانی حکومەتی ناوەندی دەکەن و خوازیاری تێکشکاندنی تاڵیبانن، تەنانەت لە سووریاشدا، کە بۆچوونەکان زۆر لێکجیاوازن، کەچی ئەمریکا دەیەوێت ئەو وڵاتە بداتەوە دەست رووسیا و ئێران و تورکیا. کەواتە ئیدارەی ترەمپ سیاسەتێکی روونی نییە لە ئاست سووریادا، بەڵکو تەنیا بایەخ بە تێکشکاندنی

**دۆخەکە مایەی کارەساتێکی تەواوە و سوودمەندی سەرەکیش لەم پشێوی و ناسەقامگیرییە هێزە رادیکاڵە توندڕەوەکانن، وەک ئەلقاعیدە و داعش، رەنگە داعش لە رەققە تێکبشکێنرێت، بەڵام پێموایە لە ماوەی چەند ساڵێکی دیکەدا خۆیان کۆدەکەنەوە و لە شوێنێکی دیکە دەردەکەونەوە کاتێک بۆشاییەکی سیاسی بەدی دەکەن**

**پێشتر هێزی قودس، بە سەرکردایەتی قاسم سلێمانی، کە سەر بە سوپای پاسدارانە کراوەتە ئامانج و سزای بەسەردا سەپێنراوە و بە تێرۆریست ناوزەد کراوە**

**ئێستادا هێزە دیکتاتۆری و خۆسەپێن و سەرکوتکارەکان لە هەڵکشاندان لە ناوچەکەدا، ئێمە ئەمە لە سایەی حکومەتەکەی ئەردۆغانەوە لە تورکیا دەبینین، ئەمە لە ئێران و سوریاشدا دەبینین، هەروەها لە کەنداویشدا کە زیندانەکان پڕکراون لە زیندانی سیاسی، ئەمریکا بە هیچ شێوەیەک بایەخ بەوانە نادات، تەنانەت لە ئاستی گوتاریش بەرگری و داکۆکی لە دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ بکات**

**سووریا کارەساتێکە تەواوە بۆ خۆی، هەر مەزەندەکردنێکیش بەوەی دۆخێکی باش لە سایەی رژێمی بەشار ئەسەدەوە بێتەدی- دوای ئەوەی نیو ملیۆن کەسی لە گەلەکەی کوشت و دوای ئەو هەموو پێشێلکارییە گەورە و بەربڵاوە دژی مافەکانی مرۆڤ- یان هەلومەرجەکە لە سایەی دەسەڵاتی ئەودا سەقامگیر بێت، تەنیا خەون و خەیاڵە و هیچی تر**

داعش دەدات و هیچ سیاسەتێکیان نییە، یان هیچ گرنگییەك نادەن بە چارەنووسی سیاسیی بەشار ئەسەد و رژێمەکەی و لە بنەڕەتدا ئیدارەی ترەمپ رایگەیاند کە بایەخ بەم پرسە نادات. کەواتە بە کورتی ئیدارەی ترەمپ سیاسەتێکی روون و گشتگیر و هەمەلایەنەی نییە لە ئاست ئێراندا، بەڵکو هەموو ئەوانە لە خانەی گوتار و لێدوان دەرناچن، واتە سیاسەتێکی روونیان لە پشت نییە.

*** چۆن ئەمریکا ئەم ستراتیژیەتە دەکاتە هەنگاوی کۆنکرێت و لە سیاسەتەکانیدا رەنگدەداتەوە؟**

- لە راستیدا ئێمە نازانین چۆن ئەم کارە دەکات، چونکە پێموایە یەکێك لە پرسیارەکان ئەوەیە ئایا دوای تێکشکاندنی داعش لە موسڵ و رەققەدا کێ ئەو بۆشاییە پڕ دەکاتەوە کە جێ دەمێنێت، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە سووریاوە، مەبەستم ئەوەیە بۆشاییەك لە رۆژهەڵاتی سووریا دروست دەبێت و پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هێزە پشتیوانیکراوەکان لەلایەن ئێرانەوە، یان هێزە کوردییە پاڵپشتیکراوەکان لەلایەن ئەمریکاوە، یاخود هێزەکانی رژێمی سووریا ئەو بۆشاییە پڕ دەکەنەوە. کە ئەمەش پرسیاری جددی دەوروژێنێت لەبارەی رۆژهەڵاتی سووریاوە، بەتایبەتی لەبارەی ئەوەی ئایا ئەمریکا هیچ رۆڵێکی دەبێت لەو بەشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. یەکێك لە راستییەکان لەبارەی ئیدارەی ترەمپ، یان خودی ترەمپەوە ئەوەیە کە سیاسەتێکی روونی نییە لەبارەی هیچ شتێکەوە، نە لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆ و نە لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە، واتە هەمیشە دەیەوێت وا خۆی بخاتەڕوو کە کەسێکی بەهێزە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ناتوانین لە دووتوێی ئەم لێدوانە توندانەیەوە رۆئیایەك، یان پلانێکی ستراتیژی بەدی بکەین. من باوەڕم وایە ترەمپ پتر بایەخ بە سەرکەوتنی رواڵەتی دەدات، من مەزەندەی ئەوە دەکەم بەم زووانە رایبگەیەنێت کە ئەمریکا تیرۆری تێکشکاندووە و ئەمەش سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ جیهان، هەروەها رایدەگەیەنێت کە لە سایەی سەرکردایەتی ئەودا داعش تێکشکا لە کاتێکدا نەتوانرا لە سەردەمی سەرکردایەتیی ئۆبامادا ئەم کارە بکرێت، دواتر هەڵدەستێت بە کشاندنەوەی هێزەکانی، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی هەمووان بکەونە شەڕ لەگەڵ یەکتردا بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەوەی جێ دەمێنێت.

*** تا چ رادەیەك دەبێت ئێران ئەم پەیامە بە جددی وەربگرێت؟**

- من پێموایە ئەو کاتە دەبێت ئێران ئەم پەیامە بە جددی وەربگرێت ئەگەر هاتوو ئەمریکا ئامادە بوو رووبەڕووی ئێران ببێتەوە لە سووریا و لە عێراق و ناوچەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئێران بە قووڵی تێوەگلاوە. هەروەها ئەو کاتە ئێران ئەم پەیامە بە جددی وەردەگرێت کە نیگەران بێت لەبارەی ئەگەری رووبەڕووبوونەوەی سەربازی لەگەڵ ئەمریکادا.

*** ئایا کاردانەوەی ئێران چی دەبێت و ئایا پەنا بۆ هێرشکردنەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا نابات؟**

- من پێموایە ئەگەر هەوڵێك هەبێت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سەربازی بەرپەرچی ئێران بدرێتەوە لە هەر شوێنێکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە تایبەتی لە ناوچەی کەنداو کە کەشتییەکانی ئەمریکا و ئێرانی تێدان، واتە ئەگەر رووداوێك رووبدات و ئەگەر رووبەڕووبوونەوەی سەربازی بێتەئاراوە کە ببێتەهۆی نغرۆکردنی کەشتییەکی ئێرانی، یان دەست بەسەرداگرتنی بەلەمە خێراکانی ئێران، ئەوا پێموایە ئێران پەنا بۆ تۆڵەکردنەوە و کاردانەوە دەبات کە ئەوەش بە شێوەی جیاواز دەبێت، ئێران زۆر رۆچۆتە عێراقەوە، بەتایبەتی کە چەندین راوێژکاری سەربازیی ئەمریکی لە نێو سوپای عێراقدان، کەواتە زۆر بە ئاسانی دەتوانێت لە عێراقدا تۆڵە لە ئەمریکا بکاتەوە، بەهۆی ئەوەی دەستڕۆیشتووییەکی زۆری هەیە لەو وڵاتەدا. هەروەها دەتوانێت لە ئەفغانستانیشدا ئەم کارە بکات، لەبەر ئەوەی سنوورێکی دوورودرێژی هەیە لەگەڵ ئەفغانستاندا و دەستڕۆیشتووییەکی زۆریشی هەیە لەو وڵاتەدا کە دەتوانێت بەکاری بهێنێت بۆ هێرشکردنە سەر سوپای ئەمریکا لە ئەفغانستاندا. کەواتە ئێران دەستەوەستان دانانیشێت و گوشار و کردەوە توندەکانی ئەمریکا فەرامۆش ناکات و بە راستی تۆڵە دەکاتەوە، کە دەبێت هەمووشمان لەم بارەیەوە نیگەران و نارەحەت بین، چونکە ئەم دۆخە دەبێتە هۆی

قووڵکردنەوەی زیاتری پشێوی و ئاڵۆزی و ناسەقامگیری لە ناوچەکەدا.

*** ئایا چارەنووسی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە چی دەبێت؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە بەندە بە ئەگەری کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنەکە، واتە ئەگەر ئەمریکا لە ڕێککەوتنە ناوکییەکە کشایەوە و سزای زیاتری بەسەر ئێراندا سەپاند، وەك سزای ئابووری، ئەوا وردە وردە ڕێککەوتنەکە دادەڕووخێت، تەنانەت ئەگەر لایەنەکانی دیکەی ڕێککەوتنەکەش وەك چین و ڕووسیا پابەندبوونی خۆیان بە ڕێککەوتنەکەوە ڕابگەیەنن. چونکە ئەگەر ئەمریکا سزای ئابووری بەسەر ئێراندا بسەپێنێت، ئەوا ئەمە بە مانای ئەوە دێت کە ئێران ئەو دەستکەوت و سوودە ئابوورییانە بەدەست ناهێنێت کە ئومێدی هەبوو بە ئەنجامدانی ڕێککەوتنەکە بەدەستیان بهێنێت. لەبەر ئەوەی ئەو کاتە کۆمپانیا ئەوروپییەکانیش زۆر دوودڵ دەبن لە ئەنجامدانی وەبەرهێنان لە ئێراندا، چونکە ترسیان هەیە لەوەی ڕووبەڕووی سزای ئابووری ببنەوە. کەواتە پێموایە لەو خاڵەدا ڕێککەوتنەکە هەڵدەوەشێتەوە و ئەو کاتەش دەبێت چاوەڕوان بکەین و ببینین ئایا کاردانەوەی تاران چی دەبێت. من مەزەندەی ئەوە دەکەم کە لایەنە توندڕەو و سەرسەختەکانی نێو ئێران فشار لەسەر ڕابەری باڵا بکەن بۆ ئەوەی ڕایبگەیەنێت کە ناکرێت متمانە بە ئەمریکا بکرێت و ئەمریکا بەڵێن و پابەندبوونی خۆی شکاندووە و ڕایبگەیەنێت کە ئەمریکا کاراکتەرێکی نێودەوڵەتی متمانەپێنەکراوە، کە ڕەنگە دواتر لە ڕێککەوتنەکە بکشێنەوە و دەست بدەنەوە جێبەجێکردنی بەرنامە ئەتۆمییەکە، کە ئەمەش سەرەتای زنجیرەیەك ڕووداو دەبێت کە ڕەنگە سەربکێشێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لەگەڵ ئێراندا. ئەمەش ئەگەرێکە و ئێمە ناتوانین نادیدەی بگرین.

*** ئایا دەتوانین بڵێین ئەمریکا دووبارە دەستڕۆیشتوویی و میسداقیەتی خۆی لە ناوچەکەدا جێگیر کردەوە؟**

- نەخێر، چونکە لە سایەی ئیدارەی ترەمپدا ئەمریکا ڕوئیایەکی ڕوونی ستراتیژی نییە لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەوەی پەیوەندی بە میسداقیەتەوە هەبێت، ئەوا پێموانییە زۆر کەس لە ناوچەکەدا ئەمریکا بە خاوەن میسداقییەت بزانن، چونکە ئەمریکا تەواو لایەنگیری دیکتاتۆرەکان دەکات، نەك هێزە دیموکراتییەکان. زۆر کەس ئۆباڵی ناسەقامگیری عێراق دەخاتە ئەستۆی ئەمریکا، هەروەها کەسانێك ڕەخنە لە ئەمریکا دەگرن کە دەستتێوەردانی نەکرد بۆ ڕاگرتنی خوێنڕێژییەکەی سووریا، بەتایبەتی کە دەیتوانی ئەم کارە لە ساڵی ٢٠١٣دا بکات، دوای ئەوەی ڕژێمی سووریا چەکی کیمیایی بەکارهێنا. کەواتە من لەو باوەڕەدا نیم کە ئەمریکا ببێتەوە بە کاراکتەرێکی خاوەن میسداقییەت، چونکە ئەمریکا لە سایەی ئیدارەی ترەمپدا ڕووی لەو وڵاتە وەرگێڕاوە، ئەمەش بواری بۆ ڕووسیا ڕەخساندووە بۆ ئەوەی پتر دەستتێوەردان بکات، چونکە ڕووسیا پێی وایە ئەمریکا — لە سایەی هەردوو ئیدارەی ئۆباما و ترەمپدا- نایەوێت لە ڕووی سەربازییەوە لە دۆخی سووریاوە تێوەبگلێت، ئەمەش دۆخێکی دروست کرد ڕووسیا بێت و پێگەی خۆی بەهێز بکات هەروەك ئەوەی بینیمان.

*** تا چەند ئیسرائیل بە ڕاگەیاندنی ئەم ستراتیژیەتە خۆشحاڵە؟**

- لە بنەڕەتدا ئیسرائیل خۆشحاڵ و ئاسوودەیە بە گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن ترەمپەوە، پەیوەندییەکی نزیکیش لە نێوان نەتنیاهۆ و ترەمپدا هەیە. لە ڕاستیدا ئیسرائیل بە شێوەیەکی سەرەکی نیگەرانە لەبارەی کەناری ڕۆژئاوا و پرسی دروستکردنی کۆمەڵگە جوولەکەنشینەکان، کەواتە تاوەکو سەرنجی جیهان لەسەر داعش و لەسەر ئێران و لەسەر ڕووداوەکانی باکووری عێراق بێت، ئەوا لە بەرژەوەندی ئیسرائیلدایە، چونکە ئەمە بە مانای ئەوە دێت کە سەرنجێکی کەم دەخرێتەسەر ئەوەی ئیسرائیل دەیکات دەرهەق بە فەلەستینیەکان. کەواتە بە کورتی ئیسرائیل زۆر خۆشحاڵە بە ڕەوتی ڕووداوەکان و خوازیارە بە چەشنی ئیدارەکانی پێشووی ئەمریکا، ئیدارەی ترەمپیش بەردەوام بێت لە پشتیوانیکردن و پارێزگاریکردنی ئیسرائیل.

*** ئەمە یەکەمجارە هێزێکی سەربازی فەرمی سەر بە دەوڵەت بە تیرۆریست بناسرێت لەلایەن ئەمریکاوە، لێکدانەوەتان لەم ڕووەوە چییە؟**

- من پێموانییە ئەمە یەکەمجار بێت، لەبەر

**کەسانێک ڕەخنە لە ئەمریکا دەگرن کە دەستتێوەردانی نەکرد بۆ ڕاگرتنی خوێنڕێژییەکەی سووریا، بەتایبەتی کە دەیتوانی ئەم کارە لە ساڵی ٢٠١٣دا بکات، دوای ئەوەی ڕژێمی سووریا چەکی کیمیایی بەکارهێنا**

**ئەگەر ئەمریکا لە ڕێککەوتنە ناوکییەکە کشایەوە و سزای زیاتری بەسەر ئێراندا سەپاند، وەک سزای ئابووری، ئەوا وردە وردە ڕێککەوتنەکە دادەڕووخێت، تەنانەت ئەگەر لایەنەکانی دیکەی ڕێککەوتنەکەش وەک چین و ڕووسیا پابەندبوونی خۆیان بە ڕێککەوتنەکەوە ڕابگەیەنن**

ئەوەی پێشتر هێزی قودس، بە سەرکردایەتی قاسم سولەیمانی، کە سەر بە سوپای پاسدارانە کراوەتە ئامانج و سزای بەسەردا سەپێنراوە و بە تیرۆریست ناوزەد کراوە. کەواتە من هاوڕام نیم لەگەڵ ئەوەدا کە ناوزەدکردنی سوپای پاسداران بە تیرۆریست تەواوی گەمەکە بگۆڕێت و بە ڕاددەیەکی گەورە گۆڕانکاری بەسەر سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بێنێتەئاراوە، چونکە پێشتریش چەند بەرپرسێکی باڵای سوپای پاسداران بە پاساوی تێوەگلانیان لە بەرنامە مووشەکییەکان و کردەوە تیرۆریستییەکانەوە سزایان بەسەردا سەپێنراوە و بە تیرۆریست لەقەڵەم دراون. لەم ڕوانگەیەوە پێموانییە بە دانانی سوپای پاسداران لە خانەی گرووپە تیرۆریستییەکان هەلومەرجی سەر ئەرزی واقیع لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگۆڕێت.

*** لە سەرجەم وەڵامەکانتدا ئەوە دەرکەوت کە نادڵنیاییەکی زۆر هەیە لەبارەی ئایندەی ئەم ناوچەیەوە، وانییە؟**

- ئەمە تەواو ڕاستە، ئەویش بەهۆی ئەوەی نازانین سیاسەتی ئەمریکا لە ئاستی ئەم ناوچەیەدا چی دەبێت. هەروەها نیگەرانییەکی قووڵ هەیە کە بەهۆی پەرەسەندنەکانی پەیوەست بە شاری کەرکووکەوە لە باکووری عێراق سوپای عێراق و پێشمەرگە لە ڕووی سەربازییەوە ڕووبەڕووی یەکتر ببنەوە، ئەمە لە کاتێکدا هەردووکیان بەشێك بوون لە هاوپەیمانێتی دژ بە داعش، پێموایە ئەمە کاریگەرییەکی گەورەی ناسەقامگیرکاری لێدەکەوێتەوە. بەڵام دەبینیت ئەمریکا بایەخ نادات بە ناوبژیوانیکردنی ئەم ناکۆکییەکە کە ئەگەری ئەوە هەیە بەرەیەکی دیکەی شەڕی لێ دروست بێت لە نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کە ئەمەش پشێوی و توندوتیژی زیاتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت. کەواتە بەڵێ نادڵنیایی و تەم و مژییەك هەیە لەبارەی ئەوەی ئەگەری هاتنەئارای لێدەکرێت، ئەمەش لە بەشێکی زۆریدا ئۆباڵەکەی دەکەوێتە ئەستۆی سیاسەتی ئەمریکا، چونکە ئەمریکا بە ئاشکرا ڕایگەیاندووە کە ئەوان نایانەوێت دوای تێکشکاندنی داعش ئەوەندە بایەخ بە بارودۆخەکە بدەن.

*** کەوا بێت تۆ گەشبین نیت؟**

- نەخێر، من ڕەشبینم، زۆریش ڕەشبینم لەبارەی ئایندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، لەبەر ئەوەی ناوچەکە بە ئاڕاستەی نادڵنیایی و داڕووخاندا دەڕوات. تۆ بڕوانە، سووریا کارەساتێکە تەواوە بۆ خۆی، هەر مەزەندەکردنێکیش بەوەی دۆخێکی باش لە سایەی ڕژێمی بەشار ئەسەدەوە بێتەدی- دوای ئەوەی نیو ملیۆن کەسی لە گەلەکەی کوشت و دوای ئەو هەموو پێشێلکارییە گەورە و بەربڵاوە دژی مافەکانی مرۆڤ- یان هەلومەرجەکە لە سایەی دەسەڵاتی ئەودا سەقامگیر بێت، تەنیا خەون و خەیاڵە و هیچی تر. هێشتا ئایندەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نادیارە، ئێمە بینیمان کورد ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کرد، بەڵام کەس ئیعترافی پێنەکرد و وڵاتانی دراوسێش وەك ئێران و تورکیا، بە هەمان شێوە حکومەتی عێراقیش هەوڵی توندکردنەوەی گوشار لەسەر کورد دەدەن بۆ ئەوەی ناچاریان بکەن لە ژێر هەژموونی وڵاتانی ئیقلیمدا بمێننەوە، کە ئەمەش مایەی نیگەرانییە. کەواتە من ڕەشبینییەکی قووڵم هەیە لە ئاست ئایندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەبەر ئەوەی لە ئێستادا هێزە دیکتاتۆری و خۆسەپێن و سەرکوتکارەکان لە هەڵکشاندان لە ناوچەکەدا، ئێمە ئەمە لە سایەی حکومەتەکەی ئەردۆغانەوە لە تورکیا دەبینین، ئەمە لە ئێران و سوریاشدا دەبینین، هەروەها لە کەنداویشدا کە زیندانەکان پڕکراون لە زیندانی سیاسی، ئەمریکا بە هیچ شێوەیەك بایەخ بەوانە نادات، تەنانەت لە ئاستی گوتاریش بەرگری و داکۆکی لە دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ بکات، بە چەشنی ئەوەی لە سایەی ئیدارەی پێشوودا-ئیدارەی ئۆبامادا دەیکرد. کەواتە دۆخەکە مایەی کارەساتێکی تەواوە و سوودمەندی سەرەکیش لەم پشێوی و ناسەقامگیرییە هێزە ڕادیکاڵە توندڕەوەکانن، وەك ئەلقاعیدە و داعش، ڕەنگە داعش لە ڕەققە تێکبشکێنرێت، بەڵام پێموایە لە ماوەی چەند ساڵێکی دیکەدا خۆیان کۆدەکەنەوە و لە شوێنێکی دیکە دەردەکەونەوە کاتێك بۆشاییەکی سیاسی بەدی دەکەن و کاریگەریی خۆیان بەسەر سیاسەتی ناوچەکەوە جێدەهێڵن، کەواتە ئەوان سوودمەندی سەرەکین لەم دۆخە و ئەمەش یەکێك لەو هۆکارانەیە کە من ڕەشبینم بە ئایندەی ئەم ناوچەیە.

> **ئێران زۆر ڕۆچۆتە عێراقەوە، بەتایبەتی کە چەندین ڕاوێژکاری سەربازیی ئەمریکی لە نێو سوپای عێراقدان، کەواتە زۆر بە ئاسانی دەتوانێت لە عێراقدا تۆڵە لە ئەمریکا بکاتەوە**

> **توندڕەو و سەرسەختەکانی نێو ئێران هەر لە بنەڕەتدا لەگەڵ واژۆکردنی ڕێککەوتنە ناوکییەکەدا نەبوون، واتە لەگەڵ گرتنەبەری سیاسەتی ڕووبەڕووبوونەوە بوون لە دژی ئەمریکا**




## کۆستانزا موسو

تایبەتمەندی کاروباری نێودەوڵەتی بۆ گوڵان:

# ترەمپ ستراتیژییەکی توندی دژی ئێران راگەیاندووە، بەڵام نازانرێت چۆن جێبەجێ دەکرێت

کۆستانزا موسو، پرۆفیسۆری کاروباری گشتی و نێودەوڵەتییە لە زانکۆی ئۆتاوا، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە وەك پرۆسەی ئاشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چەمك و پرسەکانی پەیوەست بە کاروبارە نێودەوڵەتییەکان، هەورەها راوێژکاری چەند سەنتەرێك بووە، وەك سەنتەری سەربازی بۆ دیراساتی ستراتیژی و سەنتەری دیراساتی باڵای بەرگری، کە سەر بە وەزارەتی بەرگری ئیتاڵیان. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکی ئاراستەکرد لە پەیوەندی بە ستراتیژیەتە نوێیەکەی ئیدارەی ترەمپ لە ئاست ئێران و ئاکام و دەرهاویشتەکانی ئەم ستراتیژیەتە، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

**ئەمریکا خودی حکومەتی ئێران بە سەرچاوەی هەڕەشە دەزانێت و بەوە تۆمەتباری دەکات کە دارایی بۆ گرووپە تیرۆریستییەکان دەستەبەر دەکات و پشتیوانییان لێدەکات**

**ئیسرائیل خۆشحاڵە کاتێک دەبینێت سیاسەتێکی توندتر لە واشتۆنەوە لە دژی ئێران گەڵاڵە دەبێت، بەڵام هەرچۆنێک بێت بەرژەوەندی سەرەکیی ئیسرائیل بریتییە لە سەقامگیریی ناوچەکە**

**ئەم سیاسەتەی ئێران لە چوارچێوەی هەڕەشە و گۆڕەشەکان و چوارچێوەی ئەم مەسەلەیەدا دێت کە پێی دەڵێن بردنی سیاسەت بەرەو لێواری هەڵدێر کە ڕەنگە دواتر هەڵکشانی گرژییەکانی لێبکەوێتەوە**

*** پێشتر زۆر ڕەخنە لە ئیدارەی ترەمپ دەگیرا کە ستراتیژییەتێکی گشتگیر و هەمەلایەنەی نییە بەتایبەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران لە ناوچەکەدا، بەڵام ئێستا ئەم ئیدارەیە ستراتیژییەتێکی نوێی ڕاگەیاندووە بۆ بەرپەرچدانەوەی ئێران، بۆچوونی ئێوە لە بارەی ئەو ستراتیژییە نوێیە چییە؟**

- لە ڕاستیدا زەحمەتە بڵێین ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ ستراتیژییەتێکی جێگیری هەیە، ئەوە ڕاستە کە هەر لە سەرەتاوە ترەمپ ڕەخنەی لە ڕێککەوتنە ناوکییەکە گرتووە، بەڵام هێشتا ڕوون نییە ئایا بەدیلی ئەم ڕێککەوتنە چییە. بە تێڕوانینی من ستراتیژییەتی ترەمپ زیاتر هەڵوەشاندنەوەی ئەو کارانەیە کە کراون، نەك ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراو. هەروەها ئەندامانی دیکەی ڕێککەوتنەکە، وەك ئەڵمانیا و بەریتانیا و بە هەمان شێوە یەکێتیی ئەورووپا، زۆر نیگەرانن لە کارکردن لە دژی ڕێککەوتنەکە، کەوا بێت ئەم هەنگاوە کێشە دروست دەکات لەنێوان ئیدارەی ترەمپ و هاوپەیمانە ئەورووپییەکانی. لەم ڕوانگەیەوە پێموایە هەنگاونان لە دژی ڕێککەوتنەکە ناسەقامگیری لێدەکەوێتەوە. ئەگەرچی ترەمپ بە تەنیا نییە لە ڕەخنەگرتن لەم ڕێککەوتنە، بنیامین نەتنیاهۆش هەمان تێڕوانینی هەیە، نەك لەبەر خودی ڕێککەوتنەکە، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە هیچ بەدیلێك ناخرێتەڕوو. کەواتە بە تێڕوانینی من کارکردن لە دژی ڕێککەوتنەکە هەنگاوێکی ژیرانە نییە، خۆ ئەگەر بێتو چەند بڕگە و بابەتێکیش هەبێت لە نێو ڕێککەوتنەکەدا کە ترەمپ لێیان ڕازی نەبێت، ئەوا پێویستە لە چوارچێوەی ڕێککەوتنەکەدا ئەم کارە بکرێت، نەك کار بۆ هەڵوەشاندنەوەی بکات.

*** باشە تا چ ڕادەیەك ئەگەری ئەوە هەیە ئەمریکا بە شێوەیەکی تاکلایەنانە لەم ڕێککەوتنە بکشێتەوە و ئەگەر ئەم کارەشی کرد، ئایا دەرئەنجامەکەی چی دەبێت؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە مەسەلەکەیە کە ئێوە ئاماژەی پێدەکەن، بەڵام هێشتا ڕوون نییە ئایا ئەمریکا ئەم هەنگاوە هەڵدەگرێت، یان نا، من دڵنیم ڕوون نییە لەبەر ئەوەی نازانرێت بەدیلەکە چی دەبێت. مەبەستم ئەوەیە بڵێم هێشتا ڕوون نییە ئیدارەی ترەمپ چ هەنگاوێك لە بەرامبەر ئێران دەگرێتەبەر، بە هەمان شێوە ئەمە بۆ کۆریای باکووریش ڕاستە.

*** بەڵام هەرچۆنێك بێت لە ئێستادا ئەمریکا و ئیسرائیل هاوهەڵوێستن لە ئاست ئەم ڕێککەوتنەدا؟**

- هەروەك ئاماژەم پێکرد، ئەمریکا دژیەتی، بەڵام ڕوون نییە ئایا بەدیلەکە چییە. ئەوەی پەیوەندی بە ئیسرائیلیشەوە هەبێت، ئەوا ئاشکرایە بنیامین نەتنیاهۆ دژیەتی و ئێرانیش بە سەرچاوەی مەترسی و هەڕەشە دەزانێت، بەڵام ژمارەیەکی کەمی نێو دامەزراوەی سەربازیی ئیسرائیل هەن لەگەڵ ئەوەدان ڕێککەوتنێك هەبێت لەگەڵ ئێراندا. دووبارە لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا بەدیلی ئەنجامنەدانی ڕێککەوتن چییە؟ ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی؟ کە ئاشکرایە ئەمە بژاردەیەکی باش نییە.

*** ئەی پێتوایە ئەمریکا بتوانێت هاوبەش و هاوپەیمانە ئەورووپییەکانی قەناعەت پێ بهێنێت بۆ ئەوەی فشاری زیاتر بخەنەسەر ئێران و بگرە سزاکان بسەپێننەوە بەسەر ئەو وڵاتەدا بۆ ئەوەی ناچاری بکەن ڕێککەوتنێکی نوێ واژو بکات؟**

- من پێموایە دەکرێت دووبارە گفتوگۆ لەسەر هەندێ بڕگە و ماددەی ڕێککەوتنەکە بکرێت، ئەگەر بێتو ستراتیژیەتی ڕوونی کارکردن هەبێت. دواتر پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەبێت دووبارە گفتوگۆ لەسەر ڕێککەوتنەکە بکرێتەوە، یان سەرلەنوێ ڕێککەوتنێکی دیکە واژوو بکرێت. من دووپاتی دەکەمەوە کێشەکە ئەوەیە کە ئەو ڕێککەوتنە نوێیە باسی دەکرێت، ڕوون نییە.

*** هەندێ لە توێژەران و چاودێران پێیانوایە کە بە ڕاگەیاندنی ئەم ستراتیژیەتە ئەمریکا ڕۆڵ و پێگەی خۆی بەهێزتر کردەوە لەم ناوچەیەدا، بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا زەحمەتە بڵێین ئەمریکا پابەندبوونێکی نوێی بە ناوچەکەوە ڕاگەیاندووە، چونکە هێشتا ڕوون نییە ناوەڕۆکی ئەو پابەندبوونە چییە. ترەمپ خۆی دروشمی «ئەمریکا ئەولەوییەتی یەکەمە»ی بەرزکردەوە و زیاتر چاوی لە دۆخی ناوخۆیی خۆیەتی، لە هەمان کاتدا لەسەر ئاستی دەرەوە گوتاری توند دەدات و هەڕەشە دەکات کە ڕەنگە ئەمەش سەربکێشێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی. هەرچۆنێك بێت، من پێموا نییە ناوەڕۆکی پابەندبوونەکەی ترەمپ بریتی بێت لە گەشەپێدانی ئابووری و بەرەوپێشبردنی پرسەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ لەم ناوچەیەدا. ڕەنگە ئەم شێوە کارکردنە لە مەودای نزیکدا ئەنجامی هەبێت، ئەویش لەپەیوەندی بە شەڕکردن لە دژی تیرۆریزم، بەڵام لەو باوەڕەدا نیم ئەمە پابەندبوونێکی نوێ بێت بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە. کەوا بێت ئەمە گۆڕانکاری نییە لە سەرکردایەتی ئەمریکادا لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

*** باشە ئەگەر دووبارە بگەڕێینەوە بۆ ستراتیژیەتە نوێیەکەی ئەمریکا لە ئاست ئێراندا، ئەوا دەبینین کە ئەم ستراتیژیەتە تەنیا پەیوەست نەبوو بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە، بەڵکو ئاماژەی بە بەرفراوانبوونی دەستڕۆیشتوویی و چالاکییە شەڕانگێزییەکانی ئێران داوە، تێڕوانینتان لەم بارەیەوە چییە؟**

- ئەوە راستە، بۆ نموونە دەبینیت کە سوپای پاسداران خراوەتە لیستی تیرۆرەوە، بەڵام ئایا ئەمە دەقاودەق بە مانای چی دێت؟ واتە دیار نییە لە مەودای دووردا ئەمریکا لەم بارەیەوە چ هەنگاوێك دەگرێتەبەر.

*** کەوا بێت ئایا دەبێت چاوەڕوانی ئەوە بکەین چۆن ئەم ستراتیژیەتە دەکرێتە کۆمەڵە بڕیارێك کە قابیلی جێبەجێکردن بن؟**

- بەڵێ، بە دڵنیاییەوە ئەمە راستە، چونکە چەند ئاماژەیەکی توند دراوە کە دەبێت چاوەڕێ بکەین و بزانین چۆن لە سیاسەتەکاندا رەنگ دەدەنەوە. واتە هێشتا دەقاودەق روون نییە کە دوای گرتنەبەری رێگاچارەی دیپلۆماسی لەگەڵ ئێراندا لەلایەن ئیدارەی ئۆباماوە، چۆن گرتنەبەری رێگاچارەی گۆشەگیرکردن لە ئاست ئێران لە لایەن ترامپەوە دەبێتە هۆی ئیحتیواکردنی ئێران، واتە هێشتا روون نییە ئەمە سەپاندنی سزای ئابووری، یان گرتنەبەری دیپلۆماسیەتێکی توند، یان پەنابردنەبەر هێزی سەربازی لە خۆدەگرێت. بە شێوەیەکی گشتی پێموایە چەندین دژیەکی هەن لە نێو سیاسەتەکانی ترەمپدا، لە هەمان کاتدا روون نییە تا چەند هاوپەیمانە ئەورووپییەکان یان هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا هاوڕا و هاوهەڵوێست دەبن لەگەڵیدا. تەنانەت لە خودی ئیدارەکەشدا کەسانێك هەن کە هاوڕا نین لەگەڵ سیاسەتەکانی ترەمپدا. بۆ نموونە نوێنەری باڵای سیاسەتی ئەوروپا رایگەیاند کە ئەو سیاسەتە پێچەوانەی ئەوەیە کە ئەوروپا دەیەوێت، هەروەها باسی لەوە کرد کە تێکدانی رێککەوتنەکە، یان کشانەوە لە رێککەوتنەکە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئەوروپاشە. کەوا بێت، من باوەڕم وایە کە دەرئەنجامەکە روون نییە و نازانین چی لێدەکەوێتەوە و چ ئاکامێك بە دوای خۆیدا دەهێنێت.

*** بەڵام ئێران لەبەرامبەر بە تیرۆریست ناساندنی سوپای پاسداران و ئەگەری کشانەوە لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە هەڕەشە دەکات، ئەمە چۆن لێك دەدەنەوە؟**

- لە راستیدا ئەم سیاسەتەی ئێران لە چوارچێوەی هەڕەشە و گوڕەشەکان و چوارچێوەی ئەم مەسەلەیەدا دێت کە پێی دەڵێن بردنی سیاسەت بەرەو لێواری هەڵدێر کە رەنگە دواتر هەڵکشانی گرژییەکانی لێبکەوێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا خودی رێککەوتنەکە بۆ ئەوەیە بارگرژی و هەڵکشانی لەم چەشنە دروست نەبێت. راستە رێککەوتنەکە پەیوەست نەبوو بە پرسەکانی دیکەوە، بەڵام ئەمە دەقاودەق ئامانجەکە بوو.

*** کەواتە ئایا ئەگەری ئەوە لەئارادایە کە هەڵکشانی بارگرژییەکان سەربکێشن بۆ رووبەڕووبوونەوەی سەربازی لە نێوان ئێران و ئەمریکادا؟**

- من لەو باوەڕەدا نیم کە ئەم دۆخە سەربکێشێت بۆ ناکۆکییەکی راستەوخۆ لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا، ئەوەی زیاتر رێی تێدەچێت ئەوەیە ئەمریکا لە رێی هاوپەیمانەکانیەوە لە ناوچەکەدا کار بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئێران بکات. هەروەها لەو باوەڕەدا نیم کە ئەورووپییەکانیش خواست و ئامادەیی رووبەڕووبوونەوەی سەربازییان هەبێت لەگەڵ ئێراندا. لەبەر ئەوە پێموانییە لە ئێستادا ئەمە ئەگەرێك بێت، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە ئێران پەنا بۆ کردەوەیەك ببات کە ببێتە پاساوی رووبەڕووبوونەوەی سەربازی لەگەڵیدا. کەواتە بە کورتی پێموانییە رووبەڕووبوونەوەی سەربازی لە ئان و ساتدا بێت.

*** ئایا تا چەند ئەم ستراتیژیەتە نوێیەی ئەمریکا هەواڵێکی خۆش بوو بۆ ئیسرائیل و هاوپەیمانە تەقلیدییەکانی دیکەی ئەمریکا لە ناوچەکەدا؟**

- ئاشکرایە ئیسرائیل خۆشحاڵە کاتێك دەبینێت سیاسەتێکی توندتر لە واشتۆنەوە لە دژی ئێران گەڵاڵە دەبێت، بەڵام هەرچۆنێك بێت بەرژەوەندیی سەرەکیی ئیسرائیل بریتییە لە سەقامگیریی ناوچەکە.

*** ئێوە وەك شارەزایەك لە بواری تیرۆری نێودەوڵەتیدا دەبینن بۆ یەکەمجارە لە مێژوی خۆیدا ئەمریکا رێکخراوێکی فەرمی سەر بە دەوڵەت بە رێکخراوێکی تیرۆریستی بناسێنێت، لێکدانەوەی ئێوە بۆ ئەم هەنگاوە، یان ئەم بڕیارە چییە؟**

لە راستیدا دەبێت ئێمە لە سیاقە گشتییەکەوە لێی بڕوانین، مەبەستم ئەوەیە ئەمریکا خودی حکومەتی ئێران بە سەرچاوەی هەڕەشە دەزانێت و بەوە تۆمەتباری دەکات کە دارایی بۆ گرووپە تیرۆریستییەکان دەستەبەر دەکات و پشتیوانییان لێدەکات. کەواتە دەبێت لەم چوارچێوەیەدا لەم بڕیارە بڕوانین.

**هێشتا دەقاودەق روون نییە کە دوای گرتنەبەری رێگاچارەی دیپلۆماسی لەگەڵ ئێراندا لەلایەن ئیدارەی ئۆباماوە، چۆن گرتنەبەری رێگاچارەی گۆشەگیرکردن لە ئاست ئێران لە لایەن ترامپەوە دەبێتە هۆی ئیحتیواکردنی ئێران**

**هێشتا روون نییە ستراتیژیەتی ترەمپ سەپاندنی سزای ئابووری، یان گرتنەبەری دیپلۆماسیەتێکی توند، یان پەنابردنەبەر هێزی سەربازی لە خۆدەگرێت**

**سوپای پاسداران خراوەتە لیستی تیرۆرەوە، بەڵام ئایا ئەمە دەقاودەق بە مانای چی دێت؟ واتە دیار نییە لە مەودای دووردا ئەمریکا لەم بارەیەوە چ هەنگاوێك دەگرێتەبەر**






# عێراق لە سایەی دەسەڵاتی میلیشیاکانی حەشدی شەعبیدا لە دەوڵەتەوە وەرچەرخاوە بۆ تابوری پێنجەم بەدەستی ئێرانەوە

**ئەو بڕیارەی لەناو دەوڵەتی عێراقدا دەدرێت، پێشتر لە دیوی ئێرانەوە دروستکراوە و بە گوشار و کاریگەری تۆڕی ئەو میلیشیانە کە ئێستا لەناو حەشدی شەعبین و سبەی دەبنە کۆڵەگەی سەرەکیی هێزەکانی ئاسایشی عێراق، لەلایەن حکومەتی عێراقەوە وەک خۆی جێبەجێ دەکرێت، ئەوجا ئەوکات سەرۆک وەزیران حەیدەر عەبادی بێت، یان موقتەدا سەدر، یان هادی عامری و مالیکی، ئەوا هیچ لەو پرۆسەیە ناگۆڕێت**

**لە ستراتیژیەتی سوپای پاسدارانی ئێراندا، عێراق وەک مەیدانی سەرەکییە بۆ ڕۆڵ و چالاکیی هێزەکانی قودس بە سەرۆکایەتی قاسم سولەیمانی و ئەمەش وەک ئاسایشی نیشتمانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەقەڵەم دەدرێت**

**ئەو تۆرە میلیشیا وەکیلانەی هێزەکانی هێزی قودسی سەر بە سوپای پاسدارانی ئیسلامی ئێران، جیهادی شیعەیان بە هاوشێوەی جیهادی سەلەفی قیتالی سوننە دروستکرد، لە چوارچێوەی هەوڵەکانی هێزەکانی قودس بۆ دروستکردنی تۆڕی میلیشیا وەکیلەکانی ئێران، بە نەوەی چوارەم لە قەڵەم دەرێت**

لەساڵی ٢٠٠٧و دوای ئەوەی هێزەکانی ئەمریکا بۆیان دەرکەوت کە بینایەی باڵیۆزخانەی ئێران لە عێراقدا، بۆتە بارەگای سەرەکیی هێزەکانی قودسی سەر بە سوپای پاسداران بۆ دروستکردنی تۆڕی میلیشیای شیعە وەك وەکیلی سوپای پاسداران لە عێراقدا، ئەمریکا گەیشتە ئەو قەناعەتەی باڵیۆزی ئێران لە عێراقدا وەك ئەندامێکی هێزەکانی قودس ڕەفتار دەکات نەك دیپلۆماتێك کە نوێنەرایەتی وڵاتەکەی بکات، بۆیە داوای کرد دەبێت ئەو باڵیۆزە بگۆڕێت و یەکێکی دیکە جێگەی بگرێتەوە. لەسەر ئەم هەڵوێستەی ئەمریکا، وەك نیکۆلاس هێرس توێژەری باڵای ئامۆژگای واشنتۆن لە توێژینەوەیەکیدا بە ناوونیشانی (تۆڕی میلیشیا وەکیلەکانی ئێران) ئاماژەی پێکردووە، حاجی قاسم سولەیمانی فەرماندەی هێزەکانی قودسی سەر بە سوپای پاسدارانی ئێران نامەیەکی بۆ ژەنەڕاڵ پەتریۆس فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق ناردووە بە دەق بۆی نووسیوە: «ژەنەڕاڵ پەتریۆس، پێویستە ئەم ڕاستییە لەمنەوە بیزانی، من قاسم سولەیمانیم بەرپرسی کۆنترۆڵکردنی سیاسەتی ئێرانم بۆ عێراق و لوبنان و غەزە و ئەفغانستان، داواتکردبوو کە باڵیۆزی ئێستای ئێران لە عێراقدا بگۆڕێت، لەبەر ئەوەی ئەندامێکی هێزی قودسی سەر بە سوپای پاسدارانە، بەڵام ئەو کەسەشی کە جێگەی دەگرێتەوە، ئەویش هەر ئەندامی هێزەکانی قودسی سەر بە سوپای پاسدارانی ئێرانە.»

ئەم نامە ڕاشکاوەی قاسم سولەیمانی بۆ ئەمریکییەکان، ڕاشکاوانە ئەوە بۆ هەموو جیهان ئاشکرا دەکات کە باڵیۆزی ئێران لە عێراق کاری دیپلۆماتی ناکات، بەڵکو حاکمی مەدەنیی ئێرانە لە عێراقدا و ئاراستەی سیاسەتی ئێرانی لە عێراقدا پیادە دەکات، ئەمەش ڕاشکاوانە لە میلیشیا پرۆ ئێرانییەکانی حەشدی شەعبی ڕەنگیداوەتەوە، هەر بۆ نموونە:

● جەمال جەعفەر محەمەد عەلی ئال ئیبراهیم، کە ناوەکەی لەناو هێزی قودسی سوپای پاسداراندا گۆڕاوە بۆ (ئەبو مەهدی موهەندیس) و ئێستا بەرپرسی تەواوی ئۆپەراسیۆنەکانی حەشدی شەعبی-یە، لە دیمانەیەکی لەگەڵ یەکێك لە تەلەفزیۆنەکانی ئێراندا ڕاشکاوانە ئەوەی ئاشکراکردووەو گوتوویەتی: «من سەربازێکی بەردەستی حاجی قاسم سولەیمانیم.» ئەمەشیان مانای ئەوەیە تەواوی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لی عێراق بەو میلیشیایانەی ڕاستەوخۆ پرۆ ئێرانین و ئەوانەشی لەژێر کاریگەریی مەرجەعییەتی سیستانی لە نەجەف خۆیان بە پرۆ ئێرانی نازانن، هەر هەموویان ئەو فەرمانانە جێبەجێ دەکەن کە حاجی قاسم سولەیمانی دەیداتە ئەبو مەهدی موهەندیسی بەردەستی، نەك ئەو فەرمانانەی لەچوارچێوەی یاسای حەشدی شەعبیدا لەلایەن سەرۆك وەزیرانی عێراق وەك فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان دەردەچن.

● قەیس خەزعەلی کە فەرماندەی هێزەکانی عەسائبی ئەهلی هەقە و ئێستا لە نەجەف پێشوازی لە شاندی ئەو باڵەی یەکێتی نیشتمانی دەکات کە ڕێکەوتنیان لەگەڵ قاسم سولەیمانی ئەنجامدابوو بۆ کشانەوە لە کەرکووك، ئەم زاتە نەك هەر سەرۆکی میلیشیایەکی شیعەی عێراقی پرۆ ئێرانییە، بەڵکو خەزعەلی یەکێکە لەو کەسانەی کە جیهادی شیعەیان بۆ پاراستنی مەزاری سەیدە زەینەب لە سوریا دەست پێکرد، هیچ بڕوایەکی بە سنوور و سەروەریی دەوڵەتێك نییە کە ناوی عێراقە، ئەمەش واتە چۆن جیهادی سەلەفی قیتالی لە چوارچێوەی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش سنووری لە نێوان سووریا و عێراق سڕیبووەوە و بڕوای پێی نەبوو، بەهەمان شێوە قەیس خەزعەلی فەرماندەی عەسائبی ئەهلی هەق، ئەکرەم کەعبی فەرماندەی میلیشیاکانی حەرەکاتی کەتائبی حزبوڵای نوجەبا، عەلی یاسری فەرماندەی میلیشیاکانی سەرایای خۆراسانی، عەوەس خەفاجی فەرماندەی میلیشیاکانی ئەبو فەزڵی عەباس، هەر هەموویان چۆن چەکدارانی داعش لەنێوان موسڵ و ڕەقە هاتوچۆیان دەکرد، بە هەمانشێوە ئەمانیش لە نێوان دیمەشق و بەغدا هاتوچۆ دەکەن، ئەم میلیشیایانە کە هەفتەی ڕابردوو لەسەر فەرمانی قاسم سولەیمانی هێرشیان کردە سەر کەرکووك، هەر هەموویان بە فەرمانی قاسم سولەیمانی پێشتر لە سووریا جیهادی شیعەیان لە دەوروبەری دیمەشق کردووە بۆ پاراستنی شیعە و مەزارەکانی لەناو سووریادا. لە ئێستادا پێشوازی لە شاندی

ئەو باڵەی یەکێتی دەکەن کە کەرکووکی تەسلیم کردن، ئینجا لەمەش سەیرتر ئەوان لە بەردەمی مایکی راگەیاندنەکان باس لە یەکپارچەیی و سەروەریی عێراق دەکەن، کە خۆیان بڕوایان بە یەکپارچەیی و سەروەریی دەوڵەتی عێراق نییە.

رەگ و ریشەی نفووزی ئێرانی لەناو شیعەی عێراقدا بەرهەمی ئەم چەند ساڵەی دوای دروستبوونی حەشدی شەعبی نییە، بەڵکو کاریگەریی ئێران هەر لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوە دەستپێدەکات و فەرماندەکانی شیعەی لە ساڵانی هەشتاکانەوە پشتگیری ئەو بۆچوونەیان کردووە و بە پشتگیریی هێزی قودس لەناو سوپای پاسداراندا حەرەکەی مقاوەمەی ئیسلامییان دامەزراندووە، هەر ئەو فەرماندانەش دوای فەتواکەی عەلی سیستانی بە حەشدی شەعبی بۆ بەرگریکردن لە شیعە، بوونە بەشێك لە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و بوونە راهێنەری میلیشیا تازەکان بە هاوکاری لەگەڵ راوێژکارانی سەربازی حزبوڵای لوبنانی بۆ ئامادەکرنیان لەشەڕی دژی داعشدا.

**● عێراق ناوچەیەکی یەکلاکەرەوەیە بۆ باڵادەستیی نفووزی ئەمریکا و ئێران لە ناوچەکەدا**

بەبێ عێراق پرۆژەی پردی زەمینی، یان ئەوەی پێی دەگوترێت (هیلالی شیعی) بۆ پێکەوە گرێدانەوەی تاران بە بەغدا و دیمەشق و باشووری لوبنان و غەزەوە، هیچ بایەخ و مانایەکی نابێت، هەروەها بەبێ عێراق هەموو هەڕەشەو گوڕەشەکانی ئەمریکا و رۆژئاوا بۆ پاشەکشەپێکردنی نفووز و باڵادەستیی ئێران لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبنە بڵقی سەر ئاو و هیچ کاریگەرییەکیان نابێت.

ئێستا ئێران خۆی وەك براوەی شەڕی دژی داعش لە سووریا و عێراق نمایش دەکات، لە سووریا بە ئاشکرا خەریکی دامەزراندنی بنکەی زەمینی و ئاوییە و بەشێکی زۆری کارەکانی تەواو کردووە و مەترسیی راستەقینەی خستۆتە سەر سنوورەکانی ئیسرائیل و بۆتە پاڵپشتێکی گرنگی زەمینی بۆ حزبوڵا لە باشووری لوبنان، لە عێراقیشدا بە چاودێری و ئامادەبوونی قاسم سولەیمانی فەرماندەی هێزەکانی قودسی سەر بە سوپای پاسداران تەواوی خەتی قەسری شیرین کە دێتە خانەقین و مەندەلی تا دەگاتە سنووری نێوان عێراق و سووریا لە باکووری رۆژئاوای موسڵ بە رێگەی تۆڕی میلیشیا وەکیلەکانی هەر هەمووی کۆنترۆڵ کردووە و ئێستا هیچ لەمپەر و ئاستەنگێك لەبەردەم ئەو پرۆژەیە بوونی نەماوە کە ئێران وەك هیلالی شیعی، یان پردی زەمینی بانگەشەی بۆ دەکرد.

کوردستانی عێراق کە لە ماوەی شەڕی سێ ساڵەی دژی داعشدا، وەك بەشێك لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە بەرەیەکی فراوانی شەڕی دژی داعش شەڕی دەکردو سەرکەوتنی هێجگار گەورەی بە سەر تیرۆریستانی داعشدا بەدەست هێنابوو، خۆی نەکردبووە بەشێك لە پرۆژەی هیلالی شیعی ئێران، ئەمە نەك بەو مانایەی کە کوردستانی عێراق شەڕی لەدژی کۆماری ئیسلامی کوردستان راگەیاندووە، نەخێر بەو مانایە کوردستانی عێراق نەیدەویست خۆی بکاتە بەشێك لە پرۆژەیەکی مەزهەبی کە سەرەنجام دەبێتە فاکتەری ناسەقامگیری لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەڵام فەرماندەی هێزەکانی قودسی سوپای پاسدارانی ئێران، بە بیانووی ئەنجامدانی ریفراندۆم لە کوردستان و بۆ رێگرتن لە پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان، بە سوودوەرگرتن لە هەستی شۆڤێنی قەومی عەرەبی و بە سوودوەرگرتن لە باڵێکی لاوازی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، تۆڕی میلیشیا وەکیلەکانی لەناو حەشدی شەعبی کردە پاڵپشتی هێزەکانی عێراق و هێرشی کردە سەر کوردستان و کەرکووك و بەشێکی زۆری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانی داگیر کردووە، بەمەش ئەو بەربەستەی لەبەردەمی پرۆژەی هیلالی شیعی و پردی زەمینی بۆ بەستنەوەی غەزە و باشووری لوبنان بە ئێرانەوە کۆتایی پێهێنا.

لەبەرامبەردا ئیدارەی ئەمریکا بۆ پاشەکشەپێکردنی نفووزی ئێرانی گرەو لەسەر وەرگرتنەوەی تەواوی عێراق دەکات، ئەمەش بەو هیوایەی لە هەڵبژاردنەکانی نیسانی ٢٠١٨ ئەو هاوپەیمانییە هەڵبژاردنەکە بباتەوە کە حەیدەر عەبادی و ئەیاد عەللاوی و موقتەدا سەدر و عەمار حەکیم پێکەوە کۆدەکاتەوە.

**سەرکەوتنەکانی قاسم سولەیمانی بۆ دروستکردنی میلیشیا وەکیلەکانی لەناو شیعەی عێراقداو کاریگەری ئەم میلیشیایانە لەشەڕکردنیان دژی ئەمریکا، بووە هۆکاری ئەوەی لە تەموزی ٢٠٠٧ وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا هێزەکانی قودس وەک هێزێک کە پشتگیری تیرۆری جیهانی دەکات دەستنیشان بکات، هەروەها عەبدولڕەزا ساڵحی کە نوێنەرایەتی قاسمی سلێمانی دەکرد لە عێراقدا، وەک کەسێک کە پشتگیری تیرۆر دەکات لە ئەیلوولی ٢٠٠٩ دەستنیشان کرا**

**هەژموون و باڵادەستیی نفووزی ئێرانی بە ئاستێکە کە سەرۆک وەزیرانی عێراق رووبەڕووی تەنیا یەک بژارە دەکاتەوە، ئەویش ئەو بڕیارانەیە کە تۆڕی میلیشیا وەکیلەکان بە قاسیدی سوپای پاسداران دەیگەیەنێتە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق**

**قاسم سولەیمانی دەڵێت: «بێجگە لە ئێران هیچ هێز و دەوڵەتێک ناتوانێت سەرکردایەتی جیهانی ئیسلامی بکات، هەر بۆیە کۆماری ئیسلامی ئێران پشتگیری هەموو شۆڕش و بزووتنەوە ئیسلامییەکان و چەکدارەکانیان دەکات و ئامادەیە شەڕ لە پێناویاندا بکات و بەرگریان لێ بکات.»**

ئەوانەی لە واشنتۆنەوە بەبێ بوونی شارەزایی مەیدانی لەسەر لاندسکێپی سیاسیی عێراق پشتگیری لەم سیناریۆیە دەکەن و دەیانەوێت هەتا نیسانی ساڵی ٢٠١٨ پشتگیری لە حەیدەر عەبادی بکەن بۆ ئەوەی گرەوی هەڵبژاردنی داهاتوو بباتەوە، هەر لە ئێستاوە لەلایەن قاسم سولەیمانی فەرماندەی هێزەکانی قودسی سوپای پاسداران بەرنامەیەك ئامادەکراوە بۆ ئەوەی ئەم سیناریۆیەش وەك سیناریۆکەی ساڵی ٢٠١٠ بە دووبارە دانانەوەی نوری مالیکی وەك کاندیدە پەسەندکراوەکەی ئەمریکا بۆ سەرۆك وەزیرانی عێراق پێچەوانە دەکاتەوە، ئێران لە ٢٠١٠ گوشارێکی زۆری خستە سەر قاسم سولەیمانی بۆ ئەوەی تەیاری سەدر بچێتە ناو ئەو هاوپەیمانەی کە مالیکی دەکاتە کاندید بۆ سەرۆك وەزیران، بەڵام لەملاشەوە مەرجی لەسەر مالیکی دانابوو کە دەبێت پێش کۆتایی ٢٠١١ تەواوی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق بکشێتەوە، سەرەنجامیش وەك بینیمان لە بری ئەوەی مالیکی عێراق بکاتە هاوپەیمانێکی بەهێزی ئەمریکا، خۆی و حکومەتەکەی بوونە داردەستی ئێران لە عێراقدا، ئەمجارەش قاسمی سولەیمانی لەوە تێگەیشتووە کە ئەمریکا ئامادەیە چاو لە هەموو شتێکی ئێران و میلیشیا پرۆ ئێرانییەکانی شیعە بپۆشێت بۆ ئەوەی حەیدەر عەبادی هەڵبژاردن بباتەوەو ببێتەوە بە سەرۆك وەزیرانی عێراق، هەروەها لەوەش دڵنیایە کە ئەوا قاسم سولەیمانی پیلانی خۆی گۆڕیوە و لەهەوڵی ئەوەدایە کە پشتگیری لەم خواستەی ئەمریکا بکات و لاری نییە لەوەی حەیدەر عەبادی ببێتەوە بە سەرۆك وەزیران، لەمەش زیاتر قاسم سولەیمانی دەزانێت کە سیستانی لەگەڵ سەپاندنی سیستمی ویلایەتی فەقیهـ نییە وەك کۆپییەکی کۆماری ئیسلامی ئێران لە عێراقدا، ئەوجا بۆ ئەوەی پیلانەکەی هاودژی لەگەڵ سیستانی دروست نەکات و نەبێتە هۆکاری ئەوەی جارێکی دیکە گرووپە توندڕەوەکانی عەرەبی سوننە خۆیان کۆبکەنەوە و داعش زیندوو بکەنەوە، یان ڕێکخراوێکی دیکەی هاوشێوەی داعش دروست بکەن، ئەوا پیلانەکەی بەو جۆرەیە کە نەك هەر پشتگیری ئەو کاندیدە نەکات کە دەبێتە رکابەری سەرەکی حەیدەر عەبادی، لە هەمانکاتدا ڕێنمایی بۆ فەرماندەکانی میلیشیا پرۆ ئێرانییەکانی ناو حەشدی شەعبیش ئەوەیە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا زۆر کەمیان خۆیان بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان و پەرلەمانی عێراق کاندید بکەن، هەر بۆیە ئەگەر ئیدارەی ئەمریکا هەموو کارتەکانی خۆی بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی گرەو لەسەر ئەسپی عەبادی بکات بۆ ئەوەی بیکاتەوە بە سەرۆك وەزیران بەو حیسابەی عێراق دەکاتە هاوپەیمانێکی بەهێزی ئەمریکا و نفووز و باڵادەستیی ئێران لە عێراقدا پاشەکشە پێدەکات، ئەوا لە ئێستاوە ئێران بە رووکەشی بردنەوەی ئەو گرەوە پێشکەشی ئەمریکا دەکات، لە بنەڕەتیشدا دووبارە بوونەوەی عەبادی بە سەرۆك وەزیران دەکاتەوە بە کارتێکی دیکە بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی پرۆسەی سیاسی و ئاسایش و سەقامگیریی عێراق بخاتە خزمەتی بەرژەوەندی ئاسایشی نەتەوەیی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە.

بەڵام ئەو دیپلۆمات و کۆنگریسمان و سیناتۆرانەی ئەمریکا کە لە رووی مەیدانییەوە لاندسکێپی سیاسیی عێراق دەخوێننەوە، زۆر باش هەست بەو راستییە دەکەن کە گرەوکردن لەسەر حەیدەر عەبادی بەو ئامانجەی کە ببێتەوە بە سەرۆك وەزیران، بەمەش عێراق دەبێتە هاوپەیمانێکی نزیك و پشت پێ بەستووی ئەمریکا، ئەوا ئەمجارە بێجگە لە دووبارەکردنەوەی گرەوە دۆڕاوەکەی باراك ئۆباما لەسەر نوری مالیکی، شتێکی دیکەی لێ بەرهەم نایەت.

هەر بۆیە ئەم خەڵکە شارەزایانە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پێویستە گوشار بخرێتە سەر ئیدارە و ستافی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ ئەوەی وردتر مامەڵە لەگەڵ دۆسێی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بەعێراق بکەن و، دڵ بەوە خۆش نەکەن بە تێکشکاندنی داعش لەموسڵ ئیدی هێزەکانی دژە تیرۆر و پۆلیسی فیدڕاڵی و هێزەکانی ئاسایش و سوپای عێراق، دەتوانن سەقامگیری لە عێراقدا بپارێزن و پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا ڕێکبخەنەوە، بەپێچەوانەوە بارودۆخی عێراق دوای تێکشکاندنی داعش و ئازادکردنەوەی موسڵ، بە کردەیی تۆڕی میلیشیا وەکیلەکانی ئێران و شەخسی قاسم سولەیمانی کردۆتە فاکتەری یەکلاکردنەوەی سیاسەتی شیعەگەرایی لە داهاتووی عێراقدا.

**رۆبەرت بێرد کارمەندی ئەوکاتی دەزگای هەواڵگری ئەمریکا (CIA) لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ ئیدارەی ئەمریکا لەوە ئاگادار کردووەتەوە کە هەموو ئەو چەکدارانەی لەناو ریزەکانی حەرەکەی مقاوەمەی ئیسلامی سەر بە سوپای پاسدران بوون، جارێکی دیکە بوونەتەوە بە بەشێک لە هێزەکانی قودسی سەر بە قاسم سولەیمانی و لەلایەن حزبوڵای لوبنانییەوە مەشقیان پێدەکرێت بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ عێراق و دژی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا شەڕ بکەن**

**ئەم سەرکردانەی ئێستا سەرکردایەتی میلیشیا پرۆ ئێرانییەکانی ناو حەشدی شەعبی دەکەن، بەشی زۆریان ئەو سەرکردانەی ناو حەرەکەی مقاوەمەی ئیسلامیی عێراقن کە لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو و لە میانەی شەڕی ئێران- عێراقدا، لەلایەن هێزی قودسی سەر بە سوپای پاسداران پەروەردە کراون**

لەهەمانکاتدا کاردانەوەی توند و هەڵەی ئەمریکا بەرامبەر بە ریفراندۆم و مامەڵەکردنی ئیدارەی ئەمریکا لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان و میلیشیای پرۆ ئێرانی حەشدی بە هاوسەنگی، دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە دەستی ئێران کراوە تربێت بۆ ئەوەی زیاتر هەژموون و باڵادەستی خۆی لە عێراقدا فراوان بکات، نەك وەك ئەوەی سیاسەتی ئێستای ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق خەو بەوەوە دەبینێت کە ئەم ئاراستەیە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە پاشەکشە بە باڵادەستی و دەستڕۆیشتوویی نفوزی ئێرانی لە عێراقدا بکات.

بۆ هەڵوەشانەوەی ئەو پیلانەی سوپای پاسداران و هێزەکانی قودس بە سەرۆکایەتی قاسم سولەیمانی کە دژی سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقدا دایانڕشتووە، ئەو دیپلۆماتکار و سیناتۆر و کۆنگریسمانانە رێنمایی ئەوە دەدەنە ئیدارەی ئەمریکا کە زۆر بە هوشیاری بەرامبەر داهاتووی عێراق هەنگاو هەڵبگرێت و وریابن نەکەونە ئەو تەڵەیەی سوپای پاسداران لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بۆ ئەمریکا ناویەتەوە، باشترین هەنگاویش بۆ دەستپێکردنی سیاسەتی پاشەکشەپێکردنی باڵادەستیی نفوزی ئێران لە عێراقدا، دەبێت لە پێداچوونەوە لەو سیاسەتەوە دەست پێبکات، کە زۆر بە توندی و بەهەڵە ریفراندۆمی هەرێمی کوردستانی رەتکردەوە، ئەم سیاسەتە توند و هەڵەیە هەتا ئەگەر پیشاندانی پێداگیری ئەمریکاش بێت لەسەر مانەوەی یەکپارچەیی عێراق، بەڵام بە کردەیی لەلایەن حەیدەر عەبادی و قاسم سولەیمانی و تورکیاوە بەو جۆرە تەفسیر کراوە، کە ئەمە پیشاندانی تیشکی سەوزە بۆ ئەوەی گەڵەکۆمەکێ سەربازی بکەن و ئەزموونی هەرێمی کوردستان برووخێنن، ئەمە لەکاتێکدایە کوردستان و هێزی پێشمەرگە کۆڵەگەی سەرەکیی سەرکەوتنەکانی شەڕی دژی داعشەو لە هەمانکاتدا مانەوەی ئەزموونی هەرێمی کوردستان، ئەوجا وەك دەوڵەتی ئەمری واقیع، یان دەوڵەتی سەربەخۆ و کونفیدراڵی دیسان دەبێتە وێستگەی یەکەمی نەخشەرێگەی سیاسەتی ئەمریکا بۆ پاشەکشەی نفوزی ئێرانی لە عێراق و هەروەها هەڵوەشانەوەی پرۆژەی هیلالی شیعی، یان ئەو پردە زەمینییەی کە ئێستا دروست بووە و تاران بە بەغداو دیمەشق و حزبوڵا و حەماسەوە گرێدەداتەوە.

لەم چوارچێوەیەدا ئێستا لیژنەکانی کۆنگرێس و سەناتی ئەمریکا سەقاڵی ئەوەن کە بەتەواوەتی ئەو بۆمبە تەوقیتکراوانەی ئێران لە میانەی تۆڕی میلیشیا وەکیلەکانیەوە لە عێراقدا بۆ سیاسەتی ئەمریکا دروستیان کردووە، ئاشکرا بکەن و پاشان لە چوارچێوەی سیاسەتی سەرکەوتوودا پووچەڵ بکرێنەوە.

بەڵام بە شێوەیەکی گشتی هەموو ئەو توێژەر و پسپۆڕانەی لەسەر ئەو مەترسییانەی ئێران کاردەکەن کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروستی کردوون، لەسەر یەك دوو خاڵی هاوبەش کۆکن، ئەو خاڵە هاوبەشانەش بریتین لە:

١. ئەو مەترسییەی سوپای پاسدارانی ئێران کە بۆتە هۆکاری ناسەقامگیری لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئێستادا، پرۆژەیەکی درێژخایەنی هێزەکانی قودسە بە سەرۆکایەتی قاسم سولەیمانی و ماوەی زیاتر لە ٣٦ ساڵە بەردەوام کاری بۆ کراوە و ئێستا گەیشتۆتە ئەوەی ئەم مەترسییە گەورەیە دروست بکات.

٢. تۆڕی میلیشیا وەکیلەکانی ئێران، بەتەنیا مەشق و راهێنانی سەربازییان پێنەکراوە، بەڵکو لەگەڵ مەشق و راهێنانی سەربازی، خولی پەروەردەکردنی سیاسی و ئایدیۆلۆژییان بۆ کراوەتەوە و لەسەر بنەمای پابەندبوون بە سیستمی ولایەتی فەقیهـ پەروەردە کراون، پرسی فراوانخوازیی نفووز و دەسەڵاتی ئێران وەك ئەرکێکی ئایینی سەیر دەکەن، هەروەك چۆن ئێستا لەناو ریزەکانی حەشدی شەعبی پرسی رووبەڕووبوونەوە و شەڕی دژی داعشیان کردووە بە (بەرگری پیرۆز)، ئەمەش دەقاودەق لەگەڵ پرۆسەی جیهادی شیعە یەك دەگرێتەوە کە سەرکردەی میلیشیا پرۆ ئێرانییەکانی ناو حەشدی شەعبی لە سووریا دروستیان کردووە.

لێرەوە ئەگەر تەنیا ئەم دوو خاڵە گرنگە بکرێتە ئەو پرۆژەیەی کە ئیدارەی ئەمریکا بۆ رووبەڕووبوونەوەی ناسەقامگیرییەکانی سوپای پاسدارانی ئێران رایگەیاندووە، وەربگرین، ئەوا ئەم ستراتیژە تازەیەی ئەمریکا کە بۆ رەواندنەوەی ئەو مەترسییانەی سوپای پاسدارانی ئێران دارێژراوە، پێویستی بەوەیە پێش هەموو شت

**تۆڕی میلیشیا وەکیلەکانی ئێران، بەتەنیا مەشق و راهێنانی سەربازییان پێنەکراوە، بەڵکو لەگەڵ مەشق و راهێنانی سەربازی، خولی پەروەردەکردنی سیاسی و ئایدیۆلۆژییان بۆ کراوەتەوە و لەسەر بنەمای پابەندبوون بە سیستمی ولایەتی فەقیهـ پەروەردە کراون، پرسی فراوانخوازیی نفووز و دەسەڵاتی ئێران وەک ئەرکێکی ئایینی سەیر دەکەن**

**ئێستا لیژنەکانی کۆنگرێس و سەناتی ئەمریکا سەقاڵی ئەوەن کە بەتەواوەتی ئەو بۆمبە تەوقیتکراوانەی ئێران لە میانەی تۆڕی میلیشیا وەکیلەکانیەوە لە عێراقدا بۆ سیاسەتی ئەمریکا دروستیان کردووە، ئاشکرا بکەن و پاشان لە چوارچێوەی سیاسەتی سەرکەوتوودا پووچەڵ بکرێنەوە**

**باروودۆخی عێراق دوای تێکشکاندنی داعش و ئازادکردنەوەی موسڵ، بە کردەیی تۆڕی میلیشیا وەکیلەکانی ئێران و شەخسی قاسم سولەیمانی کردۆتە فاکتەری یەکلاکردنەوەی سیاسەتی شیعەگەرایی لە داهاتووی عێراقدا**

**فەرماندەی هێزەکانی قودسی سوپای پاسدارانی ئێران، بە بیانووی ئەنجامدانی ریفراندۆم لە کوردستان و بۆ رێگرتن لە پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان، بە سوودوەرگرتن لە هەستی شۆڤێنی قەومی عەرەبی و بە سوودوەرگرتن لە باڵێکی لاوازی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، تۆڕی میلیشیا وەکیلەکانی لەناو حەشدی شەعبی کردە پاڵپشتی هێزەکانی عێراق و هێرشی کردە سەر کوردستان و کەرکووک و بەشێکی زۆری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانی داگیر کردووە**

پرۆسەیەکی درێژخایەن بێت و دوای ئەویش دەبێت هاوپەیمانەکانی ئەمریکا بەهێز بکرێن و لەناو عێراقیشدا دەبێت بەو شێوەیە ئەمریکا سیاسەتی خۆی بەرامبەر کوردستان بە روون و راشکاوی دابڕێژێت و رایبگەیەنێت، دەبێت پێش هەموو شت کوردستانێکی بەهێز لەخۆی بگرێت کە بتوانێت لەو گەلەکۆمەکییە رزگاری بێت و ببێتە بەشێك لە هەڵوەشانەوەی ئەو ستراتیژەی کە هیلالی شیعی و پردی زەمینی بۆ گرێدانەوەی حەماس و حزبولڵا بە تارانەوە گرێدەداتەوە.

## ● تۆڕی میلیشیا پرۆ ئێرانییەکان چۆن حەشدی شەعبییان کۆنترۆڵ کردووە؟

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی بە رێبەرایەتی ئایەتوڵا خومەینی لە ساڵی ١٩٧٩ لە ئێران و راگەیاندنی کۆماری ئیسلامی و بانگەشەکردن بۆ هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران، سوپای پاسداران ئەرکی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی سنوورەکان گرتە ئەستۆی خۆی، لە ناو سوپای پاسدارانیشدا هێزی قودس ئەرکی جێبەجێکردنی پێ سپێردرا، ئەم ئەرکە دوو ئامانج پێکەوە کۆدەکاتەوە، کە یەکەمیان بەکارهێنانی خەڵکی غەیرە ئێرانییە بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی کۆماری ئیسلامی ئێران، هەروەها هەوڵدانە بۆ ئەوەی تەواوی ئەو وڵاتە بکاتە پاشکۆی خۆی کە تۆڕی میلیشیا وەکیلەکانی خۆی تێدا دروست دەکات.

خاڵی دەستپێکردنی پرۆژەی سوپای پاسداران بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی خومەینی بۆ بڵاوکردنەوەی شۆڕشی ئیسلامی، هەوڵدان بووە بۆ بەکارهێنانی شیعەی وڵاتانی دەوروبەر وەك ئۆپۆزسیۆنی چەکداری بۆ گەیشتنە دەسەڵات و رووبەڕووبونەوەی حکومەتەکانیان، هەر بۆیە لەگەڵ دەستپێکی شەڕی عێراق و ئێران و پشتگیریکردنی پەیامەکەی خومەینی لەلایەن سەرکردە شیعەکانی عێراقەوە، هێزەکانی قودس حەرەکەی مقاوەمەی ئیسلامیی عێراقیان دامەزراند، ئەم سەرکردانەی ئێستا سەرکردایەتی میلیشیا پرۆ ئێرانییەکانی ناو حەشدی شەعبی دەکەن، بەشی زۆریان ئەو سەرکردانەی ناو حەرەکەی مقاوەمەی ئیسلامیی عێراقن کە لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو و لە میانەی شەڕی ئێران- عێراقدا، لەلایەن هێزی قودسی سەر بە سوپای پاسداران پەروەردە کراون.

سەبارەت بەو ئەرك و فەرمانانەی کە هێزی قودس بۆ میلیشیا وەکیلەکانی دیاری دەکات، قاسم سولەیمانی بەچەند وشەیەك پێناسەی کردووە و دەڵێت: «بێجگە لە ئێران هیچ هێز و دەوڵەتێك ناتوانێت سەرکردایەتی جیهانی ئیسلامی بکات، هەر بۆیە کۆماری ئیسلامی ئێران پشتگیریی هەموو شۆڕش و بزووتنەوە ئیسلامییەکان و چەکدارەکانیان دەکات و ئامادەیە شەڕ لە پێناویاندا بکات و بەرگریان لێ بکات.»

کۆماری ئیسلامی ئێران کە لەسەرەتاوە دوچاری شەڕێك بوو لەگەڵ عێراقدا، خومەینی هەوڵیدا پشتگیرییەکی تەواو لە سوپای پاسداران بکات و بیکاتە هێزێکی گەورە بۆ بڵاوکردنەوەی فیکری هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەمەشی گرێدایەوە بە تێکشکاندنی رژێمی سەدام حوسێن و دامەزراندنی کۆمارێکی ئیسلامی هاوشێوەی ئێران لە عێراقدا، هەر ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی رژێمی سەدام حوسێن لە شەڕی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێراندا پشتیوانییەکی گەورەی عەرەبی و ئیسلامی و نێودەوڵەتی بۆ دروست ببێت و بەشێوەیەك لە شێوەکان شەڕەکە بۆ بەرژەوەندیی رژێمی سەدام حوسێن کۆتایی هات، ئەم ئاکامە وای لە خومەینی کرد کە وەستانی شەڕەکەی لەگەڵ عێراق بە خواردنەوەی پەرداخێك ژەهری ناچاری وەسف بکات.

بەڵام ئەو پڕۆژەیەی کە سوپای پاسداران بە رێگەی هێزی قودس لەناو شیعەی عێراق بۆ ئەم ئامانجە دەستی پێکردبوو، بە کۆتاییهاتنی شەڕی عێراق - ئێران کۆتایی نەهات، بەڵکو ئەم پڕۆژەیە لەدوای شەڕی عێراق- ئێران و تا ساڵی ٢٠٠٣ کە رژێمی سەدام حوسێن رووخا، دریژەی هەبووە، بەڵام لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ – ٢٠١١ کە هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا بوونی هەبوو، ئێران بە تەواوەتی هەوڵیدا رەگ و ریشەی میلیشیا وەکیلەکانی لەناو سوپا و هێزەکانی ئاسایشی عێراقدا دابکوتێت. ئەم هەوڵانەی هێزەکانی قودسیش لەلای بەرپرسان و دەزگای هەواڵگری ئەمریکاوە شاراوە نەبوون، هەر بۆ نموونە رۆبەرت بێرد کارمەندی ئەوکاتی دەزگای

**بە چاودێری و ئامادەبوونی قاسم سولەیمانی فەرماندەی هێزەکانی قودسی سەر بە سوپای پاسداران تەواوی خەتی قەسری شیرین کە دێتە خانەقین و مەندەلی تا دەگاتە سنووری نێوان عێراق و سووریا لە باکووری رۆژئاوای موسڵ بە رێگەی تۆڕی میلیشیا وەکیلەکانی هەر هەمووی کۆنترۆڵ کردووە و ئێستا هیچ لەمپەر و ئاستەنگێک لەبەردەم ئەو پرۆژەیە بوونی نەماوە کە ئێران وەک هیلالی شیعی، یان پردی زەمینی بانگەشەی بۆ دەکرد**



هەواڵگری ئەمریکا (CIA) لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ ئیدارەی ئەمریکا لەوە ئاگادار کردووەتەوە کە هەموو ئەو چەکدارانەی لەناو ریزەکانی حەرەکەی مقاوەمەی ئیسلامی سەر بە سوپای پاسداران بوون، جارێکی دیکە بوونەتەوە بە بەشێك لە هێزەکانی قودسی سەر بە قاسم سولەیمانی و لەلایەن حزبوڵای لوبنانییەوە مەشقیان پێدەکرێت بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ عێراق و دژی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا شەڕ بکەن، ئامانجی سوپای پاسدارانیش لە گەڕانەوەی ئەم چەکدارانەی شیعە بۆ ئەوەیە تۆڕێك لە میلیشیای وەکیل بۆ ئێران دروست بکەن و نەوەیەکی نوێ بۆ شەڕی شیعە لە عێراقدا دژی بوونی ئەمریکا پەروەردە بکەن، شەرعییەتی دامەزراندنی تۆڕی ئەم میلیشیا وەکیلانەی ئێرانیش لە سەر بنەمای دژایەتیی ئەمریکا دارێژراوە. ئەم هەوڵانەی ئێران لە ساڵی ٢٠٠٤ گەیشتە ئەوەی پۆل بریمەر حاکمی مەدەنیی ئەمریکا لە عێراق راشکاوانە دۆناڵد رامسفیلدی وەزیری بەرگری ئەو کاتی ئەمریکا ئاگادار بکاتەوە، کە جوولە و مەترسیی سوپای پاسداران لە عێراقدا گەیشتۆتە ئەوەی کە ناچارن ئەندامەکانی سوپای پاسداران لە عێراقدا دەستگیر بکرێن، بەڵام ئەمەش نەیتوانی کار و چالاکیی سوپای پاسداران لە دژی ئەمریکا لە عێراقدا رابگرێت، هەر بۆیە قاسم سولەیمانی کە پێشتر بینایەی باڵیۆزخانەی ئێرانی لە بەغدا کردبووە بنکەیەك بۆ چالاکییەکانی سوپای پاسداران، دوای ئەوە پەنای بۆ ماڵی ئەو بەرپرسە شیعانەی عێراق دەبرد، وەك ماڵی عەبدولعەزیز حەکیم سەرۆکی ئەو کاتی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراقدا، لەناو ماڵی ئەوانەوە کارەکانی سوپای پاسدارانی رادەپەڕاند.

سەرکەوتنەکانی قاسم سولەیمانی بۆ دروستکردنی میلیشیا وەکیلەکانی لەناو شیعەی عێراقداو کاریگەریی ئەم میلیشیایانە لەشەڕکردنیان دژی ئەمریکا، بووە هۆکاری ئەوەی لە تەموزی ٢٠٠٧ وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا هێزەکانی قودس وەك هێزێك کە پشتگیری تیرۆری جیهانی دەکات دەستنیشان بکات، هەروەها عەبدولرەزا ساڵحی کە نوێنەرایەتی قاسمی سولەیمانی دەکرد لە عێراقدا، وەك کەسێك کە پشتگیری تیرۆر دەکات لە ئەیلولی ٢٠٠٩ دەستنیشان کرا.

سەرکەوتنێکی دیکەی هێزی قودسی سوپای پاسداران لە عێراقدا، ئەوە بوو ئەم هێزە توانی تۆڕی میلیشیا وەکیلەکانی بخاتە ناو حەشدی شەعبییەوە، بەمەش توانی سوودێکی

زۆر لە سۆزی خەڵکی شیعە بۆ فەرماندە و چەکدارانی ئەو میلیشیایانە دروست بکات، کە گرنگترینیان دروستکردنی جەماوەر بوو بۆ ئەبو مەهدی موهەندیس کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٠ ـەوە توانی ببێتە فاکتەرێکی کاریگەر بۆ سەرکەوتنەکانی قاسم سولەیمانی، هەروەها دروستکردنی ئۆپۆزیسیۆنی چەکدار لەناو شیعە دژی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا لە ساڵانی ٢٠٠٧- ٢٠١٠، ئەم کاریگەرییەی ئەبو مەهدی موهەندیش وەك نوێنەری قاسم سولەیمانی بووە هۆکاری ئەوەی کە قاسم سولەیمانی مەهدی موهەندیس بکاتە قاسیدی خۆی بۆ گەیاندنی پەیامەکانی بە زنجیرەی هەرەمی دەسەڵات لەناو عێراقدا، ئەمەش واتە لە پەرلەمانتارێکی شیعەوە تادەگاتە شەخسی نوری مالیکی کە ئەو کات سەرۆك وەزیرانی عێراق بووە.

لەدوای ساڵی ٢٠١١ و کشانەوەی تەواوی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، نوری مالیکی بە تەواوەتی بووە داردەستی ئێران لە عێراقدا و هەوڵەکانی تۆڕی میلیشیا وەکیلەکانی ئێران باشتر دەیانتوانی گەشە بکەن، ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی کە سەرەتا ڕێکخراوی (ابناء العراق) دروست بکەن، ئەمەش هێزێکی میلیشیایی سەربازی بوو کە ڕاستەوخۆ لەلایەن نوری مالیکی و سەرکردەکانی بەدر و عەسائیبی ئەهلی هەق و کتائیبی حزبولّای عێراق و جەیشی موختار سەرۆکایەتی دەکران و یەکەم ئەرکیش کە بەم هێزە میلیشیایە سپێردرا، ئەوە بوو لە مارتی ٢٠١٤ بەکارهێنران بۆ سەرکوتکردنی عەرەبی سوننە و ئۆپۆزیسیۆنی چەکداری عەرەبی سوننە کە لەناویاندا چەکدارانی داعشیش بوونیان هەبووە، بەڵام دوای ئەوەی لە حوزەیرانی ٢٠١٤ داعش موسڵی داگیر کردو سیستانی فەتوای بە شیعەکان دا کە رابن بۆ ئەوەی بەرگری لە شیعەو بەغدا بکەن، ئەمە بووە هەلێکی زۆر باش بۆ قاسم سولەیمانی و ئەبو مەهدی موهەندیس کە ئەم هەڵە بقۆزنەوە و حەشدی شەعبی کۆنترۆڵی دۆخەکە بکات و توانییان چەندین تۆڕی میلیشیای دیکە دروست بکەن. بۆ ئەمەش چەکدارە بە ئەزموونەکانی هێزی بەدر، عەسائیبی ئەهلی هەق، کەتائیبی حزبولّا بوونە بەشێك لە دامەزراندنی حەشدی شەعبی و مەشق و ڕاهێنانیان بەو چەکدارانە دەکرد کە دوای فەتواکەی سیستانی پەیوەندییان بە حەشدەوە کردبوو، ئەم خەڵکانە لەگەڵ ئەوەی بەشی زۆریان بەشێك نەبوون لە میلیشیا وەکیلەکانی ئێران، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوان سەرکردایەتییان دەکرد، بوونە ملکەچی فەرمانەکانی تۆڕی میلیشیا وەکیلەکانی ئێران.

ئەو گرووپە تازانەی دوای فەتواکەی سیستانی دامەزران، بریتی بوون لە لیوای سەرایا سەلامی موقتەدا سەدر لە کەربەلا دامەزرا، لیوای عەلی ئەکبەر کە لە مزگەوتی ئیمام حوسێن دایانمەزراند، هەروەها فیرقەی عەباسی قیتالی کە لە مزگەوتی ئیمام عەباس لە کەربەلا دامەزرا، ئەم گرووپە چەکدارانە لەگەڵ ئەوەی هیچیان وەکیلی ئێران نەبوون، بەڵام هەموویان کەوتنە بەردەستی ئەو تۆڕە میلیشیا وەکیلانەی کە ئێران پێشتر دروستی کردبوون. هەموو ئەم میلیشیا وەکیلانەش بوونە بەشێك لە هێزی ئاسایشی ناوخۆی عێراق.

**● دروستکردنی جیهادی شیعەو پابەندبوون بە هێزی قودسەوە وەك ئەرکێکی ئایینی**

ئەو تۆڕە میلیشیا وەکیلانەی هێزەکانی هێزی قودسی سەر بە سوپای پاسدارانی ئیسلامی ئێران، جیهادی شیعەیان بە هاوشێوەی جیهادی سەلەفی قیتالی سوننە دروستکرد، لە چوارچێوەی هەوڵەکانی هێزەکانی قودس بۆ دروستکردنی تۆڕی میلیشیا وەکیلەکانی ئێران، بە نەوەی چوارەم لە قەڵەم دەرێت، ئەم نەوەیە ترسناکترین قۆناخی ئەو مەترسییانەیە کە ئەو میلیشیایانەی شیعە دروستی دەکەن کە لە چوارچێوەی جیهادی شیعە پەروەردە دەکرێن.

توێژەران و پسپۆڕان لە پۆلێنکردنی هەوڵەکانی هێزی قودسی سوپای پاسداران بۆ دروستکردنی میلیشیای وەکیل، لەماوەی ساڵانی ١٩٨٠ – ٢٠١٧ بەسەر چوار نەوەی جیاواز دابەشیان دەکەن کە بریتین لە:

١. نەوەی یەکەم و دووەمی میلیشیا وەکیلەکانی سوپای پاسداران ئەو چەکدارانەن کە لەساڵانی هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو لەچوارچێوەی حەرەکەی موسەلەحی ئیسلامی شیعەی عێراق پەروەردە دەکران بۆ ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن و دامەزراندنی

**ئەم میلیشیایانە کە هەفتەی ڕابردوو لەسەر فەرمانی قاسم سولەیمانی هێرشیان کردە سەر کەرکووک، هەر هەموویان بە فەرمانی قاسم سولەیمانی پێشتر لە سووریا جیهادی شیعەیان لە دەوربەری دیمەشق کردووە بۆ پاراستنی شیعە و مەزارەکانی لەناو سووریادا. لە ئێستادا پێشوازی لە شاندی ئەو باڵەی یەکێتی دەکەن کە کەرکووکی تەسلیم کردن، ئینجا لەمەش سەیرتر ئەوان لە بەردەمی مایکی ڕاگەیاندنەکان باس لە یەکپارچەیی و سەروەریی عێراق دەکەن، کە خۆیان بڕوایان بە یەکپارچەیی و سەروەریی دەوڵەتی عێراق نییە**

**قەیس خەزعەلی کە فەرماندەی هێزەکانی عەسائبی ئەهلی هەقە و ئێستا لە نەجەف پێشوازی لە شاندی ئەو باڵەی یەکێتی نیشتمانی دەکات کە ڕێکەوتنیان لەگەڵ قاسم سولەیمانی ئەنجامدابوو بۆ کشانەوە لە کەرکووک، ئەم زاتە نەک هەر سەرۆکی میلیشیایەکی شیعەی عێراقی پرۆ ئێرانییە، بەڵکو غەزعەلی یەکێکە لەو کەسانەی کە جیهادی شیعەیان بۆ پاراستنی مەزاری سەیدە زەینەب لە سوریا دەست پێکرد، هیچ بڕوایەکی بە سنوور و سەروەریی دەوڵەتێک نییە کە ناوی عێراقە**

کۆماری ئیسلامی لە عێراقدا، یان دامەزراندنی سیستمێك لە عێراقدا وەك پاشکۆی ئێران.

٢. جیلی سێیەمی ئەم میلیشیا وەکیلانە، ئەو چەکدارانەن لە ئاکامی چالاکییەکانی هێزەکانی قودس لە عێراقدا لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٧-٢٠١٠ لە میلیشیاکانی جەیشی مەهدی جیابوونەوە، ئەوانیش میلیشیاکانی عەسائیبی ئەهلی هەق و کەتائیبی حزبوڵا و جەیشی موختارن.

٣. نەوەی چوارەم کە بەرگری چەکداری دەگۆڕێت بۆ جیهادی شیعە لەسەر دەستی سەرکردەی میلیشیاکانی عەسائبی ئەهلی هەق و کەتائیبی حزبوڵای عێراقی لە سووریا دروستکرا بۆ بەرگریکردن لە مەزارەکانی شیعە لە سووریا و دەوروبەری دیمەشق، ئەو تۆڕە میلیشیایە بەشداربوون لە جیهادی شیعە لە سووریا بریتین لە (هێزەکانی ئەبو فەزڵی عەباس، حەرەکاتی حزبوڵای نوجەبا، سەرایای خۆراسانی، کەتائیبی سەیدولشوهەدا، لیوای زولفەقار، لیوای عامر بن یاسر، لیوای یەوم مەوعود، هەموو ئەم میلیشیایانە ئێستا بوونەتە بەشێك لە حەشدی شەعبی و لە عێراق شەڕی دژی داعش دەکەن و لە سووریا شەڕ بۆ مانەوەی ڕژێمی بەشار ئەسەد دەکەن.

### ● کاریگەریی میلیشیا وەکیلەکانی ئێران لەسەر ئایندەی سیاسیی عێراق

لە ستراتیژیەتی سوپای پاسدارانی ئێراندا، عێراق وەك مەیدانی سەرەکییە بۆ ڕۆڵ و چالاکیی هێزەکانی قودس بە سەرۆکایەتی قاسم سولەیمانی و ئەمەش وەك ئاسایشی نیشتمانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەقەڵەم دەدرێت. هەربۆیە شەڕی دژی داعش بۆ ئێران ئەولەوییەتی سەرەکی پێدرابوو، لە ئێستاشدا ریشەداکوتانی کاریگەری هێزی قودس لەناو حەشدی شەعبیدا، دڵنیاییەکی تەواوی داواتە سوپای پاسداران بەوەی کە ئەوەی لەساڵی ٢٠١٤ روویدا، جارێکی دیکە لە عێراقدا دووبارە نابێتەوە، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش سوپای پاسداران لە ڕێگەی قاسم سولەیمانی فەرماندەی هێزی قودسەوە پیلانی دژی کوردستان گێڕا و تۆڕی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی بۆ هێرشکردنە سەر کەرکووك و پەکخستنی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان بەکار هێنا.

تۆڕی میلیشیا وەکیلەکانی ئێران کە لە هەردوو دەوڵەتی سووریا و عێراق فەرمانەکانی هێزی قودس جێبەجێ دەکەن و ئێستا لەچوارچێوەی جیهادی شیعە ئەرکەکانیان پیادە دەکەن، ئامانجیان فەرزکردنی سیستمی ویلایەتی فەقیهیە بۆ دامەزراندنی کۆپیی کۆماری ئیسلامی ئێران لە عێراقدا، بەڵام ئەم ئەرکە لە ئێستادا لەلایەن قاسم سولەیمانی و هێزەکانی قودسەوە پشتگیری تەواوی لێناکرێت، لەبەر ئەوەی ئەم ئامانجە جۆرێك لە کێشە لەگەڵ بۆچوونەکانی عەلی سیستانی مەرجەعی شیعەی عێراق دروست دەکات، لەهەمانکاتدا دەبێتە هاندەرێك بۆ عەرەبی سوننە بۆ ئەوەی دووبارە خۆیان کۆبکەنەوەو داعش زیندوو بکەنەوە، یاخود هاوشێوەی داعش دروست بکەنەوە، ئەمە بێجگە لەوەی فەرزکردنی بۆچوونی ویلایەتی فەقهی دەبێتە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تێڕوانین و سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقدا، بۆیە قاسم سولەیمانی تەنیا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، عێراق لە قۆناخی پۆست داعش سەقامگیر بێت و کلیلی ئەم سەقامگیرییەش لە دەستی ئەو تۆڕە میلیشیایە بێت کە بە وەکیلەکانی ئێران ناسراون.

لە دوماهی ئەم خوێندنەوەیە بۆ ڕۆڵی تۆڕی میلیشیا وەکیلەکانی ئێران لە عێراقدا، دەگەینە ئەو دەرەنجامەی ئێستا عێراق وەك دەوڵەت لە سایەی ڕۆڵ و پێگەی ئەو میلیشیایانە بۆتە ستوون، یان تابوری پێنجەم بە دەستی سوپای پاسدارانی ئێرانەوە. ئەو بڕیارەی لەناو دەوڵەتی عێراقدا دەدرێت، پێشتر لە دیوی ئێرانەوە دروستکراوە و بە گوشار و کاریگەریی تۆڕی ئەو میلیشیانە کە ئێستا لەناو حەشدی شەعبین و سبەی دەبنە کۆڵەگەی سەرەکیی هێزەکانی ئاسایشی عێراق، لەلایەن حکومەتی عێراقەوە وەك خۆی جێبەجێ دەکرێت، ئەوجا ئەوکات سەرۆك وەزیران حەیدەر عەبادی بێت، یان موقتەدا سەدر، یان هادی عامری و مالیکی، ئەوا هیچ لەو پرۆسەیە ناگۆڕێت و هەژموون و باڵادەستیی نفووزی ئێرانی بە ئاستێکە کە سەرۆك وەزیرانی عێراق ڕووبەڕووی تەنیا یەك بژارە دەکاتەوە، ئەویش ئەو بڕیارانەیە کە تۆڕی میلیشیا وەکیلەکان بە قاسیدی سوپای پاسداران دەیگەیەنێتە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق.

**تەواوی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لی عێراق بەو میلیشیایانەی راستەوخۆ پرۆ ئێرانین و ئەوانەشی لە ژێر کاریگەریی مەرجەعییەتی سیستانی لە نەجەف خۆیان بە پرۆ ئێرانی نازانن، هەر هەموویان ئەو فەرمانانە جێبەجێ دەکەن کە حاجی قاسم سولەیمانی دەیداتە ئەبو مەهدی موهەندیسی بەردەستی، نەک ئەو فەرمانانەی لەچوارچێوەی یاسای حەشدی شەعبیدا لەلایەن سەرۆک وەزیرانی عێراق وەک فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان دەردەچن**

**لەساڵی ٢٠٠٧و دوای ئەوەی هێزەکانی ئەمریکا بۆیان دەرکەوت کە بینایەی باڵیۆزخانەی ئێران لە عێراقدا، بۆتە بارەگای سەرەکیی هێزەکانی قودسی سەر بە سوپای پاسداران بۆ دروستکردنی تۆڕی میلیشیای شیعە وەک وەکیلی سوپای پاسداران لە عێراقدا، ئەمریکا گەیشتە ئەو قەناعەتەی باڵیۆزی ئێران لە عێراقدا وەک ئەندامێکی هێزەکانی قودس رەفتار دەکات نەک دیپلۆماتێک کە نوێنەرایەتی وڵاتەکەی بکات**




ئەرکەکانی ئەمریکا هێشتا لە عێراق جێبەجێ نەکراون

# دەبێت ئەمریکا سیاسەتی روون و ئاشکرای بەرامبەر کورد هەبێت و ناوبژیوانی پرۆسەی وتووێژی نێوان هەولێر و بەغدا بێت

## نووسینی: ئیما سکای*

«ئەم وتارە لە ژمارەی تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ٢٠١٧ی گۆڤاری فۆرین ئەفێرز بڵاو کراوەتەوە. نووسەری وتارەکە ئێستا توێژەری باڵایە لە ئامۆژگای گلۆباڵ ئەفێرز لە زانکۆی یۆڵ، لە ساڵی ٢٠٠٣ و ٢٠٠٤ ڕێکخەری حکومەت بووە لە کەرکووك و لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٧-٢٠١٠شدا، ڕاوێژکاری ژەنڕاڵی ئەمریکی ڕایمۆند ئودینرۆ بووە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەم توێژەرە هەم لە رووی ئەکادیمی و هەم لە رووی مەیدانی تایبەتمەند و پسپۆڕە لەسەر عێراق و هەروەها لە شێوازی پیادەکردنی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق لەدوای ساڵی ٢٠٠٣وە، هەر بۆیە لەبەر گرنگیی بابەتەکە، بە کوردی بۆ خوێنەرانی گوڵانی بڵاو دەکەنەوە.»

لە تەمموزی ٢٠١٧ هێزەکانی عێراق کە لەلایەن ئەمریکا بە هێزی ئاسمانی پشتگیری دەکران، موسڵیان ئازاد کرد، ئەو شارەی ئەبوبەکر بەغدادی سەرۆکی دەوڵەتی ئیسلامی داعش سێ ساڵ پێش ئێستا خەلافەتی تیا ڕاگەیاند، بەڵام دوای ٩ مانگ لە شەڕێکی قورس کە تیایدا هێزەکانی دژەتیرۆری عێراق و دەستەبژێری ئەو هێزانەی کە ئەمریکا مەشقی پێکردبوون و پاش شەڕێکی ناو شار و کۆڵان بە کۆڵان و شەقام بە شەقام، بەکارهێنانی هاووڵاتیان وەك تانکی مرۆیی لەلایەن داعشەوە سەرکەوتنێکی قورس بەدی هات، لەم شەڕەدا بە هەزاران هاووڵاتی سڤیل کوژران و زیاتر لە ملیۆنێك هاووڵاتی لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان ئاوارە بوون، شوێنە مێژووییەکانی موسڵ و ژێرخانی ئەو شارەش لەبەر یەك هەڵوەشا.

بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش هێندەش هەیە کە پێی دڵخۆش بین، ئازادکردنی موسڵ کۆتایی بە قۆناخێکی تیرۆر هێنا، کە تیایدا دەبینین منداڵی قوتابخانەکان مێشکیان شۆراوەتەوە، جگەرکێشەکان جەلدیان لێ دراوە، ژنانی ئێزدی لە کۆیلایەتی سێکسی رزگارکراون، پیاوان لەسەربانە بەرزەکانەوە فرێدراونەتە خوارەوە، هەروەها ئەم سەرکەوتنە گورزێکی کوشندەشە بۆ داعش، بە هەزاران لە چەکدارەکانی کوژران، سەرچاوەی داهاتی زۆر کەمبۆتەوە، توانای ڕێکخراوەکەی تیکشکێنراوە، بانگەشە گلۆباڵییەکانیشی کەم بۆتەوە.

دوای ئەم سەرکەوتنە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لەوانەیە بیەوێت ئەوە رابگەیەنێت (ئەرکەکە تەواو بووە) و هەوڵبدات بە خێرایی لە عێراق دەربچێت، ئەمەش دوای ١٤ ساڵ بەسەر لە دەستتێوەردانی ئەمریکا، ئەم بژارە کە هیچ گومانی تێدا نییە سەرنجڕاکێشە، بەڵام ئەگەر بەم بژارە کار بکەین دەبێتە هەڵەیەکی ترسناك.

ترەمپ و ئەمریکییەکانی دیکە لەوانەیە خوازیاری ئەوە بن کە کۆتایی بە هەر تێوەگلانێك بهێنن، واتە بەو مانایە هەرچی لە عێراق روو دەدات، نابێت لێی بمێننەوە، ئەگەرچی داعش زۆربەی ئەو خاکەی کۆنترۆڵی کردبوو،

**لەساڵی ٢٠٠٩ کاتێک گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان هێزەکانی ئاسایشی عێراق و پێشمەرگە لەناوچە کێشە لەسەرەکان دروست بوو، ئەمریکا توانی ببێتە هاوکار لەنێوان هەردوولاداو تەنگژەکە خاو بکاتەوە**

**لەکاتێکدا وتووێژەکانی نێوان کورد و عێراق بەردەوامی دەبێت، ئەوا دەبێت واشنتۆن هاریکار بێت بۆ ئەوەی سنوورێک بۆ مەترسی و کێشەی نێوان کورد و عەرەب دابنێت**

**لە هەردوو حاڵەتەکەدا (کۆنفیدراڵی یان سەربەخۆیی) دەبێت ئەمریکا هاوکار بێت بۆ دووبارە چالاککردنەوەی رۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی ناوچە بە ناوچە و سنووری نێوان کوردستان و عێراق دیاری بکات**

لەدەستی داوەو رێکخراوەکەشی زۆر لاواز بووە، بەڵام داعش هێندە توانای ماوە کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هێرشی تیرۆریستی ئەنجام بدات، ئەمەش وادەکات کە پشتگیری ئەمریکا زۆر پێویست بێت بۆ بەهێزکردنی عێراق و هەروەها هاننەدانی دەوڵەتانی ئیقلیمییە بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی هێز کە لەدوای تێکشکاندنی داعش دروست دەبێت. دەبێت ئەوە بزانێن کە لەبەریەك هەڵوەشانی عێراق دەبێتە ئامێرێك بۆ نەمانی سیستمی ئیقلیمی، کەواتە سەقامگیری عێراق گرنگترین فاکتەرە بۆ دووبارە دروستکردنەوەی هاوسەنگیی هێز .

## ● لە کوێدا بە هەڵە رۆیشتووین؟

لە مارتی ٢٠٠٣ ئەمریکا عێراقی داگیرکرد لەسەر ئەو مەزندەیەی کە سەدام حوسێنی سەرۆکی عێراق پەرە بە چەکی کۆکوژ دەدات، بەڵام دواتر دەرکەوت کە ئەم مەزندەیە راست نەبوو.

هاوپەیمانی بە سەرۆکایەتی ئەمریکا لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا حکومەتەکەی سەدام حوسێنی رووخاند، بەڵام سەرکەوتنی سیاسی بووە ئامانجێکی بەدی نەهاتوو. لە ٢٠٠٣ دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان بایەخی بە خزمەتگوزاری مەدەنی نەداو هێزەکانی ئاسایشی لەبەریەك هەڵوەشاندەوە، ئەم بڕیارە بووە هۆکاری لەبەریەك هەڵوەشانی دەوڵەت و شەڕی ناوخۆ، ئەمەش بووە هۆکارێك بۆ ئەوەی بوارێك بۆ رێکخراوی تیرۆریستیی قاعیدە بکرێتەوە کە جێ پێیەك لە عێراقدا دروست بکات، هەروەها بواری بۆ ئێران رەخساند بۆ ئەوەی نفووزی خۆی فراوان بکات. لەماوەی خولی دووەمی ئیدارەی سەرۆك جۆرج دەبلیو بوش توانی ئەو مەندە رەشەی پێشتر هەبوو، هەندێك پێچەوانە بکاتەوە، ئەمەش دوای ئەوەی لە چوارچێوەی زیادکردنی بەپەلەی هێزی ئەمریکا بۆ عێراق لە ٢٠٠٧ و لەگەڵ هاوکاریکردن لە گەڵ هۆزەکانی عێراق کە پێیان دەگوت «هێزەکانی سەحوە»، توانرا بە شێوەیەکی دراماتیکی توندوتیژی تائیفەگەری کەم بکاتەوە و تیرۆریستانی قاعیدە لە عێراقدا تێکبشکێنێت.

بەڵام کاتێك لە ساڵی ٢٠٠٩ سەرۆك ئۆباما هاتە کۆشکی سپی، هەردوولا ئەمریکییەکان و عێراقییەکانیش لەو قەناعەتەدا بوون کە شەڕی ناوخۆی نێوان سوننە و شیعە جارێکی دیکە دروست نابێتەوە و سەرەنجامیش وڵات بە ئاراستەیەکی راست هەنگاو هەڵدەگرێت، بەڵام لە بری ئەوەی ئەم سەرکەوتنە بکاتە سەرمایەیەك بۆ ئەوەی عێراقییەکان بگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی لەگەڵ یەکتری کۆمپرۆمایز بکەن، ئیدارەی ئۆباما خۆی دوورخستەوەو هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠ی عێراق وەك خاڵی وەرچەرخان، کردیە خاڵی وەرچەرخان، بەڵام کاتێك لیستی ئەلعیراقیە کە لیستێکی قەومی عەرەبی و نامەزهەبی بوو کە لەلایەن ئەیاد عەلاوی ـەوە سەرۆکایەتی دەکرا، توانی هەڵبژاردنەکە بباتەوە و شکست بە حزبی دەعوەی نوری مالیکی (سەرۆك وەزیرانی ئەو کات) بهێنێت، بەڵام ئیدارەی ئۆباما شکستی هێنا لەوەی مافی لیستی براوە بکاتە یەکەم هەنگاو بۆ پێکهێنانی حکومەت، لەبری ئەمە ئاماژەیەکی بەوجۆرە پیشاندا کە خوازیاری ئەوەیە مالیکی لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە. ئەمە وێڕای ئەم ئاماژەی ئەمریکا پێشێلکردنی دەستووری عێراقیش بوو، هەروەها لەلایەن سیاسەتمەدارەکانی عێراقیشەوە رەتدەکرایەوە. ئۆباما جەختی لەوە دەکردەوە کە نوری مالیکی عێراقییەکی قەومییەو هەروەها دۆستی ئەمریکاشە، بەڵام لە راستیدا ئەو بڕیارەی ئۆباما بۆ ئەوەی مالیکی لەدەسەڵاتدا بمێنێتەوە، بووە هۆکاری ئەوەی مالیکی وەك دەستی ئێران رەفتار بکات. بۆ ئەمەش ئێران گوشاری خستە سەر موقتەدا سەدر کە زۆر دژی ئەمریکا بوو، هەروەها زۆر رقیشی لە مالیکی بوو، کە لیستەکەی بخاتە پاڵ ئەو هاوپەیمانییەی کە مالیکی کاندیدیەتی، ئەم وەرچەرخانەش بووە باشترین زەمینە بۆ ئەوەی مالیکی خولێکی دیکەش ببێتەوە بەسەرۆك وەزیران.

لەبەرامبەر هاوکاریی ئێران بۆ مالیکی کە سەدر بێتە ناو هاوپەیمانییەکە، مالیکی رازی بوو کە گەرەنتی بە ئێران بدات بە کشانەوەی تەواوی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق پێش ئەوەی ساڵی ٢٠١١ کۆتایی بێت. ئەمەش واتە

پێش ئەوەی وادەی ریککەوتنی سۆفا بەسەر بچێت.

ئەم سیناریۆیە لەبری ئەوەی ببێتە ئاماژەیەك بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە سیستمێکی دیموکراتیی نوێ، بەڵام هەڵبژاردنی ٢٠١٠ بووە هۆکاری نەمانی متمانە لەبەر ئەو گۆڕانکارییەی کە بە رێگەی سیاسی ئەنجام درا، نەك لەبەر رۆشنایی ئاکامەکانی هەڵبژاردن، هەربۆیە کاتێك مالیکی دڵنیابوو لە کورسییەکەی بۆ خولی دووەم مسۆگەر بووە، لەو بەڵێنانە پەشێمان بووەوە کە بە هێزەکانی سەحوەی عەرەبی سوننەی دابوو، هەروەها سیاسەتمەدارانی سوونەی بە تاوانی تیرۆر تۆمەتبار کرد و لەناو پرۆسەی سیاسی دووری خستنەوە، هەروەها فەرمانی بە هێزە ئەمنییەکانی کرد کە زۆر بە توندی نارەزاییەکانی عەرەبی سونە سەرکوت بکەن. ئەم کارانەی مالیکی بارودۆخێکی خوڵقاند کە لەسەر پاشماوەی رێکخراوی قاعیدە لە عێراق، گرووپێکی نوێی تیرۆریستی بەناوی داعش سەرهەڵبداتەوە، پێش ئەوەش کە بە ناوی داعش بناسرێن، خۆیان بەو جۆرە ناساندبوو کە بەرگری لە عەرەبی سوننە دەکەن دژی رژێمی مالیکی. ئەوان هەستیان بە خیانەت و جیاکاری دەکرد کە لەلایەن حکومەتی مالکییەوە لە دژیان پیادە دەکرێت. هەر بۆیە بەشێکی زۆر عەرەبی سوننە بڕیاریان دا کە پشتگیری داعش هەڵبژاردنی نێوان دوو شەڕە کە بە بۆچوونی ئەوان داعش لە مالیکی باشترە.

مالیکی هەموو دامەزاروە دیموکراتییەکانی عێراقی بە سیاسی و بێمانا کرد، ئەم هەنگاوەی مالیکی بە شێوەیەکی تایبەتی زیانی بە سوپا گەیاند، ئەمەش کاتێك بەشی هەرە زۆری فەرمانـدە چالاك و نزیکەکانی ئەمریکای گۆڕی بەو کەسانەی کە سەربەخۆی و لێی نزیك بوون، بڕیاری ئیدارەی ئۆباماش کە کشانەوە بوو لە عێراق، سەرەنجام بووە هۆکاری ئەوەی بارودۆخێك دروست ببێت کە دووبارە پێویست بکات بگەڕێتەوە. هەر بۆیە کاتێك داعش لە حوزەیرانی ٢٠١٤ توانی سێیەکی خاکی عێراق کۆنترۆڵ بکات، هەروەها سوپای عێراق کە لەلایەن ئەمریکا بە بەهای چەندین ملیار دۆلار مەشقی پێکرابوو و پڕچەك کرابوو، لەبەر یەك هەڵوەشایەوە، هەموو ئەو چەك و پێداویستییەی ئەمریکا بۆ سوپای عێراقی دابین کردبوو لەلایەن داعشەوە دەستی بەسەردا گیرا، بەمەش ئەمریکا رووبەڕووی گرووپێکی تیرۆریستی پڕچەککراو و دەوڵەتێکی لاواز بووەوە کە سوپاکەی لەبەر یەك هەڵوەشابوو، بۆیە ئیدارەی ئۆباما ناچار بوو پشتگیرییەکانی خۆی لە مالیکی بکێشێتەوە و مەرجی ئەوەی دانا دەبێت یەکێکی دیکە جێگەی مالیکی بگرێتەوە، ئەوجا دوای ئەوە جارێکی دیکە هاوکاری بۆ هێزەکانی عێراق رەوانە دەکاتەوە.

## • دیاریکردنی گۆڕەپانی سیاسی عێراق

ئێستا کە داعش لەموسڵ نەماوە و هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨ی عێراق لە ئاسۆ رادیارە، ئێستا جارێکی دیکە عێراق گەیشتۆتەوە خاڵێکی دیکەی وەرچەرخان، ئەم دیمەنە سیاسییە لەبەر یەکهەڵوەشاوەی عێراق، هەلێکی ماناداری رەخساندووە بۆ ئەوەی هاوپەیمانییەکی غەیرە تائیفی بونیاد بنرێتەوە، بەڵام ئەمەشیان مەترسیدارە لەبەر ئەوەی وڵاتانی دیکەی ناوچەکە ئەوانیش دەیانەوێت سوود لەم هەلە وەربگرن بۆ ئەوەی نفووزی خۆیان زیاتر بکەن لەو کاتەی سیاسییە عێراقییەکان دەکەونە ململانێی یەکتری بۆ گەیشتن بە دەسەڵات. حەیدەر عەبادی کە دوای ئەوەی جێگەی مالیکی گرتەوەو بووە سەرۆك وەزیران، هەوڵدەدات کە هاوسەنگی لە نێوان پشتگیری ئەمریکا و ئێرانییەکان دروست بکات و هەروەها هەوڵدەدات وەك بێلایەن لە مونافەسەی هێزە ئیقلیمییەکاندا بمێنێتەوە. هەروەها بڕیاری داوە کە بە شێوەیەکی گشتگیر بایەخ بە سیاسەتی ناوخۆ بدات، بۆ ئەوەشی لەدەسەڵاتدا بمێنێتەوە، نیازی ئەوەی هەیە هاوپەیمانییەك دروست بکات کە کۆمەڵێك گرووپ لەخۆی بگرێت کە لەوانەیە یەکێك لەو گرووپانە موقتەدا سەدر بێت. هەروەها دەیەوێت کە هاوپەیمانییەکی سیاسی لەگەڵ ئەیاد عەلاوی دروست بکات، ئەو کەسەی لە هەڵبژاردنی ٢٠١٠ شکستی بە مالیکی هێنا، هەروەها عەبادی هەوڵدەدات لەناو پارتە سیاسییە شیعەکانیشدا هاوپەیمان بدۆزێتەوە، وەك گرووپی حیکمە

**بۆ زیادکردنی شەرعییەتی دەوڵەت لە عێراق، دەبێت واشنتۆن رێنمایی خۆی بۆ ئەنجامدانی ریفۆرم لەکەرتی ئاسایش پێشکەش بکات، هەروەها دەبێت ئەو میلیشیایانەی پشتگیری دەوڵەت دەکەن، بهێنرێنە ناو هێزەکانی ئاسایشی عێراقەوە، ئەو میلیشیایانەش کە سەر بە ئێرانن، دەبێت چەکیان لێوەر بگیرێتەوە و تەسریح بکرێت و تێکەڵی کۆمەڵگەی عێراق بکرێنەوە**

**زیادبوونی دەسەڵاتی ئێران لە ناوچەکە ترسی ئیسرائیل زیاتر دەکات، لەبەر ئەوەی چەکی کۆکۆژ لە سووریا بوونی هەیە و ئەو ترسە هەیە کە بکەوێتە دەست ئەو دوژمنانەی کە لەلایەن ئێرانەوە پشتگیری دەکرێن**

**سەرکەوتنی شەڕی دژی داعش، دەستکەوتەکانی ئێرانیش دەگرێتەوە، بۆ پێچەوانەکردنەوەی ئەم حاڵەتە، ئەوا لەسەر سیاسەتمەدارە عێراقییەکانە هەوڵبدەن بگەنە ڕێککەوتنێک لەسەر مەسەلە سیاسییە هەستیارەکان وەک سرووشتی حوکمڕانی و چۆنیەتی دابەشکردنی داهات**

**لە ئێستادا ئێران ئەو دەسەڵاتە دەرەکییەیە کە زۆرترین نفووزی لە عێراق و سووریا هەیە، ئەگەر ئەم حاڵەتە ئەوا پشتگوێ بخرێت، ئەمە تەنیا نابێتە ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران و سعودیە، بەڵکو دەبێتە ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران و ئیسرائیلیش لەلایەکی دیکە**

کە تازە لەلایەن عەمار حەکیمەوە دامەزراوە، ئاشکرایە سەرکەوتنەکانی ئەم دواییەی دژی داعش، پێگەی عەبادی بەهێز کردووە، بەڵام دیسان پێویستی بەوەیە بنکەی سیاسیی خۆی هەبێت. چونکە دیسان عەبادی ڕووبەڕووی ململانێیەکی بەهێز دەبێتەوە. ئاشکراشە مالیکی لەبەرامبەر عەبادی خەریکی چییە، مالیکی بە شێوەیەکی بەردەوام و جێگر هەوڵی بۆ ئەوەیە ئەو پێشکەوتنەی عەبادی رابگرێت، ئەمەش بە ڕێگەی کۆکردنەوەی گرووپەکانی ئەنتی ئەمریکا و ئەوانەی ئەجیندای پرۆ ئیرانیان هەیە، کاراکتەرێکی دیکەی سەرەکی هادی عامری سەرۆکی ڕێکخراوی بەدرە کە میلیشیایەکی شیعەیەو بۆتە پارتێکی سیاسی و خوازیاری ئەوەیە کە پەیوەندی ئێران لەگەڵ عێراق زۆر بەهێز بکات و هێرش دەکاتە سەر کاراکتەرە سیاسییە عەلمانییەکان.

سەرکردەکانی عەرەبی سوننە هەر بە دابەشبوون و پەرت و بڵاوی دەمێننەوە، هەروەها سەرکردە کۆنەکان ناتوانن ڕێگە چۆڵ بکەن بۆ ئەوەی نەوەیەکی گەنجی سیاسەتمەدار دەربکەون، سەرکردەکانی شیعە، سوننە بەوە تۆمەتبار دەکەن کە بوونە پاشکۆی دەوڵەتانی دراوسێی عێراق وەك سعودیە و تورکیا، هەروەها ترسێك کە سوننە دروستی دەکات ئەوەیە کە بەردەوام کۆنفرانسەکانی خۆیان لە دەرەوەی عێراق گرێدەدەن، خاڵێکی دیکە کە ئاشتبوونەوەی نیشتمانی ئاڵۆز کردووە، ئەوەیە کە شیعە خوازیاری تۆڵەسەندنەوەیە لەوانەی کە هاوکاری داعشیان کردووە، هەروەها گومانێکی بەرفراوان هەیە بەوەی کە زۆر لە عەرەبی سوننە لە سەرەتادا پێشوازییان لە داعش بۆ ناو شارەکانیان کردووە.

## ● کێشەی کورد

کورد، بەپێچەوانەوە خۆیان لە پێگەیەکی بەهێزتردا بینیوەتەوە، ئومێدیان ئەوەیە سوودی لێ وەربگرن لە هەوڵەکانیان بۆ گەیشتن بەسەربەخۆیی، خواستی کورد بۆ دەوڵەت، بەروارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەبەر یەك هەڵوەشا، ئەوکاتە دەسەڵاتی ئیمپریالی سنووری تازەیان بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کێشا، بەڵام بەپێچەوانەی ئەو بەڵێنەی پێیان درابوو، کورد نەبووە خاوەنی نیشتمان و دەوڵەت، لەبری ئەوە خاکەکەی بەسەر ئێران و عێراق و سووریا و تورکیا دابەش کراو پێیانەوە لکێنرا. بەڵام لەم چەند ساڵە کەمەی دوایی، ئەو بارودۆخە گۆڕانکاری بەسەردا هات، لە ماوەی شاڵاوەکانی دژی داعش، کوردی عێراق ڕاستەوخۆ چەکی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەرگرت، نەك لە ڕێگەی بەغداوە، هەروەها توانیویانە خاکی زیاتر بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان بە شاری کەرکووکیشەوە، ئەم بەرەوپێش چوونانە بارودۆخێکی نوێی هێنا ئاراوە کە تیایدا وایکرد مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕۆژی ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی دەستنیشان بکات.

کورد بۆ ئەوەی سەربەخۆیی بەدەست بهێنێت، پێویستە بەسەر چەندین ئاستەنگی ناوخۆیی و دەرەکیدا زاڵ بن، بەتایبەتی کە ئێران و تورکیا زۆر بە توندنی دژی ئەو ریفراندۆمەن کە ئەنجامدراوە، ئەمەش لە ترسی ئەوەیە ئەم هەنگاوە دەبێتە هۆی بەهێز بوونی بزاڤی سەربەخۆخوازیی کورد لەو وڵاتانەدا. هەروەها ئەمریکاش بەردەوامە لە پشتگیریکردنی بۆ یەکپارچەیی عێراق، بۆ ئەمەش ریکس تیلێرسۆن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، هانی کوردەکانی دا بۆ ئەوەی ریفراندۆمەکەیان دوابخەن، لە هەمانکاتدا بارزانی لە ناوخۆی کوردستانیشدا ڕووبەڕووی تەحەددی بۆتەوە. لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستان گەنجەکانی کورد زۆر بە توندی ڕەخنە گەندەڵی لە حکومەت دەگرن، ئەوەش بارودۆخەکەی خراپتر کردووە، دابەزینی نرخی نەوت و ئەو کێشانەی لەگەڵ بەغدا کە بۆتە هۆکاری ئەوەی بەشێکی زۆری کارمەندان مووچەیان وەرنەگرتووە، ئەمەش بۆتە هۆی دابەزینی ئاستی ستاندەری ژیان.

## ● بۆچوونەکان لە ئێرانەوە بەرامبەر بە عێراق

لە عێراقدا، دینامیکیەتی سیاسەتی ناوخۆیی زۆر بە توندی گرێدراوە بەو بارودۆخەی لەو دیو سنووری عێراقەوە بوونی هەیە، ئەوەش نیگەرانیی بەرامبەر ئاستی نفووزی ئێرانی بەتایبەتی کە زۆر بە فراوانی بڵاوبۆتەوە، لە




خۆپیشاندانی خەڵك بەرامبەر هەڵوێستەکانی ئەمەریکا، لە بەردەم کۆنسولخانەی ئەو وڵاتە لە هەولێر

ماوەی شاڵاوەکان دژی داعش زیاتر کردووە، ئێران تەنیا راوێژکاری سەربازی نەناردووە بۆ عێراق، بەڵکو پشتگیری ئەو میلیشیا شیعەیانەی کردووە کە مەبەستی بووە، ئێران دەیەوێت پارێزگاری لەو نفووزەی خۆیەوە بکات، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی نفووزی سیاسیی زیاتری لەسەر بەغدا هەبێت و تەئمینی رێگەیەکی زەمینی بکات کە ئێران گرێبداتەوە بە لوبنانەوە.

ئەو میلیشیا شیعانەی لەلایەن ئێرانەوە پشتگیریان لێدەکرێت، بەشێکن لەو هێزەی پێی دەگوترێت یەکەکانی حەشدی شەعبی، ئەمەش وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ فەتواکەی عەلی سیستانی لە ٢٠١٤ دروستکراوە، کاتێك بانگەشەی عێراقییەکانی کرد کە هەڵبستن بۆ بەرگریکردن لە وڵاتەکەیان دژی داعش. ئەوجا بەهۆی ئەو رۆڵەی گێڕایان بۆ دوورخستنەوەی داعش لە هێرشەکانیان بۆ سەر بەغدا، یەکەکانی حەشدی شەعبی لەناو شەقامی شیعەدا جەماوەرێکی زۆریان بەدەست هێناوە، لە ئێستاشدا بەشێك لە فەرماندەکانی حەشدی شەعبی دەیانەوێت ئەو سەرکەوتنە سەربازییانەی دژی داعش بگۆڕن بۆ هێز و دەسەڵاتی سیاسی و بەوەش شەرعییەتی دەوڵەتیان کەم کردۆتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە رێگرن لە بەردەم ئەوەی عێراق وەك پێویست بەهێز بێت کە نفووزی ئێرانی لە عێراقدا پاشەکشە پێ بکات، لەمەش خراپتر ئەم میلیشیا شیعەیانە لەسەر ئاستێکی فراوان ترس و تۆقاندن و کوشتن بە تۆمەتی داعش لە دژی هاووڵاتیانی عەرەبی سوننە

ئەنجامدەدەن و ترسێکی زۆریان دروست کردووە.

سەرکردەکانی عێراق وێڕای ئەوەی پێشتر پێشوازییان لە پشتگیرییەکانی تاران کردووە، بەڵام ئێستا خەریکی هەڵگرتنی هەنگاوێکی دیکەن بۆ هاوسەنگکردنی نفووزی ئێرانی بە ڕێگەی دروستکردنی کرانەوەیەکی گەورە لەگەڵ عەرەبستانی سعودیدا. لە شوباتی ٢٠١٧ عادل ئەلجوبیر بووە یەکەمین وەزیری دەرەوەی عەرەبستانی سعودی کە سەردانی بەغدا بکات، ئەمە دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٠ـەوە پەیوەندی نێوان سعودیە و عێراق پچڕابوو، دواتر هەر لە ساڵی ٢٠١٧ عەبادی و قاسم ئەعرەجی وەزیری ناوخۆ هەر یەکەیان بەجیا سەردانی ریازیان کرد، هەتا موقتەدا سەدر کە مەرجەعێکی شیعەیە لە مانگی ئابی ٢٠١٧ سەردانی سعودیە و ئیماراتی کرد، لەوێش سەدر وەك عێراقییەك و ناسیۆنالیستێك خۆی ناساند، ئەمەش پێنانێك بوو بەچاوی ئێراندا.

بۆ ئێستا، دیسان ئێران دەستێکی باڵای لە عێراق هەیە و سوودی لەو وەرچەرخانەی عێراق وەگرتووە و وەکیلەکانی خۆی لە بەغدا چاندووە و کۆریدەرێکی زەمینی بۆ گەیشتن بە دەریای سپی ناوەڕاست دروست کردووە، ئەم هەنگاوانەی ئێران بە سادەیی بۆ ناردنی پێداوستی لۆژیستی نییە بۆ میلیشیا شیعەکانی وەك حزبوڵا، یان بۆ خۆدزینەوە لەو سزایانەی لەسەر ئێرانە لەو دیوی سنوورە رەسمییەکانی ئێرانەوە، بەڵکو ئەمە رەنگدانەوەی تمووحی ئێرانە بۆ فراوانکردنی فەزای نفووزی خۆی و دروستکردنی قووڵایی ستراتیژی لەناوچەکەدا، لە ئێستادا ئێران ئەو دەسەڵاتە دەرەکییەیە کە زۆرترین نفووزی لە عێراق و سووریا هەیە، ئەگەر ئەم حاڵەتە ئەوا پشتگوێ بخرێت، ئەمە تەنیا نابێتە رووبەڕووبوونەوەی ئێران و سعودیە، بەڵکو دەبێتە رووبەڕووبوونەوەی ئێران و ئیسرائیلیش لەلایەکی دیکە. زیادبوونی دەسەڵاتی ئێران لە ناوچەکە ترسی ئیسرائیل زیاتر دەکات، لەبەر ئەوەی چەکی کۆکۆژ لە سووریا بوونی هەیە و ئەو ترسە هەیە کە بکەوێتە دەست ئەو دوژمنانەی کە لەلایەن ئێرانەوە پشتگیری دەکرێن، بە کردەییش ئیسرائیل هێرشی کردۆتە سەر ئەو دامەزراوانەی کە بەوە ناسراون چەکی کیمیایی، یان چەکی پێشکەوتووی دیکەی شەڕ دروست دەکەن.

### ● ئەمریکا دەبێت چی بکات؟

هەر دوو سەرۆك جۆرج دەبلیو بوش و باراك ئۆباما لەماوەی سەرۆکایەتی خولی یەکەمدا بڕیاری زۆر هەڵە و کارەستباریان لەبارەی عێراقەوە داوە، تەنیا لە خولی دووەمی سەرۆکایەتیاندا هاتوونە سەر پیادەکردنی سیاسەتێکی ماقووڵی ئەوتۆ کە بتوانن هەڵەکانی رابردوویان راست بکەنەوە، ئەو هەڵانەشی کە خولی یەکەمی سەرۆکایەتی کردوویانە، کاریگەرییان هەبووە لە راستگۆیی و نفووزی ئەمریکا لە عێراقدا، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی گرنگیی پشتگیری سەربازیی ئەمریکا لەشەڕی دژی داعشدا، ئەوا ئێستا واشنتۆن لە عێراقدا نفووزێکی تازەی بۆ پەیدا بۆتەوە، بۆ ئەمەش دەبێت ئەم نفووزە تازەیە زیاتر پشتگیری بکرێت و لەدەست نەدرێت. لەم چوارچێوەیەدا نابێت ئیدارەی ترەمپ تێکشکاندنی داعش لە موسڵ بە تێگەیشتنێکی هەڵە بۆ ئاسایش تەفسیر بکات، هەروەك لە ماوەی نزیکەی ١٤ ساڵی رابردوو بە راشکاوی دیارە بەوەی هیچ شتێك لە عێراقدا بۆ دواوە ناگەڕێتەوە.

سەرکەوتنی شەڕی دژی داعش، دەستکەوتەکانی ئێرانیش دەگرێتەوە، بۆ پێچەوانەکردنەوەی ئەم حاڵەتە، ئەوا لەسەر سیاسەتمەدارە عێراقییەکانە هەوڵبدەن بگەنە رێککەوتنێك لەسەر مەسەلە سیاسییە هەستیارەکان وەك سرووشتی حوکمڕانی و چۆنیەتی دابەشکردنی داهات، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی حکومەتێکی بەهێز دروست بێت و کەمتر بکەوێتە بەر دەستتێوەردانی دەرەکی، ئەم ئامانجەش پێویستی بە پابەندبوون هەیە بە پشتگیریکردنی دامەزراوەکان و چەسپاندنی سەروەری یاسا و قەڵاچۆکردنی گەندەڵی (کە ئێستا عێراق لە پلەی ١٦٦ لە نیوان ١٧٧ دەوڵەتە، بەپێی ئاماژەکانی خشتەی رێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ شەفافییەت و گەندەڵی).

ئەمریکا دەتوانێت هاوکاری عێراق بکات، بەڵام ئەم ئەرکە پێویستی بەوە هەیە کە بەرژەوەندی نیشتمانی عێراق لە هاوێنەیەکی

**ئێران دەستێکی باڵای لە عێراق هەیە و سوودی لەو وەرچەرخانەی عێراق وەگرتووە و وەکیلەکانی خۆی لە بەغدا چاندووە و کۆریدەرێکی زەمینی بۆ گەیشتن بە دەریای سپی ناوەڕاست دروست کردووە**

**ئێران تەنیا راوێژکاری سەربازی نەناردووە بۆ عێراق، بەڵکو پشتگیری ئەو میلیشیا شیعەیانەی کردووە کە مەبەستی بووە، ئێران دەیەوێت پارێزگاری لەو نفووزەی خۆیەوە بکات، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی نفووزی سیاسیی زیاتری لەسەر بەغدا هەبێت و تەئمینی رێگەیەکی زەمینی بکات کە ئێران گرێبداتەوە بە لوبنانەوە**

**کورد بۆ ئەوەی سەربەخۆیی بەدەست بهێنێت، پێویستە بەسەر چەندین ئاستەنگی ناوخۆیی و دەرەکیدا زاڵ بن، بەتایبەتی کە ئێران و تورکیا زۆر بە توندی دژی ئەو ریفراندۆمەن کە ئەنجامدراوە**

گەورەتری شەڕی دژی تیرۆر سەیر بکرێت. هەروەها پێویستی بە پشتگیرییەکی بەردەوامی دامەزراوەکان و پابەندبوون بە گوشارێکی گەورە هەیە بۆ ئەوەی خواستی فراوانخوازی ئێران پاشەکشەی پێ بکرێت، ئەم خواستەی ئێران خۆی لە خۆیدا یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە دەبێتە هاندەرێك بۆ دووبارە خۆکۆکردنەوەی عەرەبی سوننەی توندڕۆ.

سەبارەت بە دامەزراوەکانی عێراق، دەبێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەولەوییەتی خۆی بکاتە هاوکاری بۆ ئەو دامەزراوە ئەمنی و هەواڵگرییانەی کە رۆڵیان هەبووە لە پاشەکشەپێکردنی داعشدا.

دەتوانین بڵێین پشتگیری ئەمریکا بۆ دەزگای دژەتیرۆر باشترین دەستپێشخەری ئەمریکا بووە لە ساڵی ٢٠٠٣وە لە عێراقدا، دەزگای دژەتیرۆر کە لە هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق پێکهاتووە، پارێزگاری کردووە لە گیانی مۆراڵی و یەکگرتوویی خۆیان، ئەمە لەگەڵ ئەوەشی لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش لە موسڵ زیانێکی گەورەی بەرکەوتووە، بۆیە دەبێت ئەمریکا بەردەوامی بەم پشتگیرییانە بدات و زیاتری بکات بۆ ئەم هێزانە.

بۆ گەرەنتیی ئەم سەرکەوتنانەی بەم دواییە بەدەستهاتوون، ئەوا دەبێت ئەمریکا پشتگیری ئەو یەکە سەربازییانە بکات کە بیابانی رۆژئاوای نێوان عێراق و سووریان و بۆ ئەوەی ئەو ناوچەیە بە باشی کۆنتڕۆڵ بکەن و هاوکار بێت بۆ توانای دەزگای هەواڵگری و چاودێری لە عێراقدا.

بۆ زیادکردنی شەرعییەتی دەوڵەت لە عێراق، دەبێت واشنتۆن رێنمایی خۆی بۆ ئەنجامدانی ریفۆرم لەکەرتی ئاسایش پێشکەش بکات، هەروەها دەبێت ئەو میلیشیایانەی پشتگیری دەوڵەت دەکەن، بهێنرێنە ناو هێزەکانی ئاسایشی عێراقەوە، ئەو میلیشیایانەش کە سەر بە ئێرانن، دەبێت چەکیان لێوەر بگیرێتەوە و تەسریح بکرێت و تێکەڵی کۆمەڵگەی عێراق بکرێنەوە.

پێویست نییە ئەم هاوکارییانە بە رێگەی وتووێژێکی ئاڵۆز بێت، هەروەها پشتگیری لەمجۆرە پێویستی بە بنکە و هێزی شەرکەڕی ئەمریکا نییە. بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئامانجە ئەمریکا دەتوانێت بە رێگەی راوێژکار و مەشقپێدەر لەچوارچێوەی رێککەوتنی ستراتیژیەتێکی دارێژدراو بۆ عێراق ئەنجام بدات.

دەبێت ئەمریکا سیاسەتی روون و ئاشکرای بەرامبەر کورد دابڕێژێت، ئەگەر سەربەخۆیی روویدا، ئەوجا لەسەر شێوازی کۆنفیدراڵی بێت، یان سەربەخۆیی، دەبێت ئەم ئامانجە بە رێگەی دیالۆگ و وتووێژی نێوان بەغداو هەولێر ئەنجام بدرێت و لەلایەن دەوڵەتانی دراوسێوە پشتگیری لێ بکرێت. لە هەردوو حاڵەتەکەدا (کۆنفیدراڵی یان سەربەخۆیی ) دەبێت ئەمریکا هاوکار بێت بۆ دووبارە چالاککردنەوەی رۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی ناوچە بە ناوچە و سنووری نێوان کوردستان و عێراق دیاری بکات. لەم پرۆسەیەدا دەبێت بارودۆخی تایبەتی کەرکووك لەبەرچاو بگیردرێت و دان بنرێت بە مۆزایکی دانیشتووانەکەی و مێژووە کێشمەکێشەکەی و سامانی نەوت لەو شارەدا .

ئاشکرایە هیچ سەرۆك وەزیرانێکی عێراق نایەوێت کەرکووك لەدەست بدات، بۆیە ئەم حاڵەتە پێویستی بە ناوبژیوانی هەیە بۆ ئەوەی چارەسەرێکی تەوافوقی بۆ بدۆزرێتەوە.

لەکاتێکدا وتووێژەکانی نێوان کورد و عێراق بەردەوامی دەبێت، ئەوا دەبێت واشنتۆن هاریکار بێت بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ مەترسی و کێشەی نێوان کورد و عەرەب دابنێت، لەساڵی ٢٠٠٩ کاتێك گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان هێزەکانی ئاسایشی عێراق و پێشمەرگە لەناوچە کێشە لەسەرەکان دروست بوو، ئەمریکا توانی ببێتە هاوکار لەنێوان هەردوولاداو تەنگژەکە خاو بکاتەوە. لە داهاتووشدا، دەبێ ئەمریکا جارێکی دیکە هاوکاری عێراقییەکان بێت بۆ دروستکردنی هەماهەنگی لەنێوان هێزە ئاسایشە جیاوازەکان لەناوچەکەدا، ئەمەش دیسان هێزەکانی پەکەکە و حەشدی شەعبی دەگرێتەوە، بەڵام کاتێك ئەمریکا خۆی لە کێشەکە نزیك دەکاتەوە، ئەوا دەبێت ترس و نیگەرانی تورکیا لەبەرچاو بگرێت، ئەمەش لە پێناوی کەمکردنەوەی مەترسی دەستێوەردانی تورکیا لە باکووری رۆژهەڵاتی سووریا و یان وابکات کە تورکیا زیاتر بەرەو ئێران و رووسیا هەنگاو هەڵبگرێت.

**ترەمپ و ئەمریکییەکانی دیکە لەوانەیە خوازیاری ئەوە بن کە کۆتایی بە هەر تێوەگلانێک بهێنن، واتە بەو مانایە هەرچی لە عێراق روو دەدات، نابێت لێی بمێننەوە، ئەگەرچی داعش زۆربەی ئەو خاکەی کۆنتڕۆڵی کردبوو، لەدەستی داوەو رێکخراوەکەشی زۆر لاواز بووە، بەڵام داعش هێندە توانای ماوە کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هێرشی تیرۆریستی ئەنجام بدات**

**مالیکی بە شێوەیەکی بەردەوام و جێگر هەوڵی بۆ ئەوەیە ئەو پێشکەوتنەی عەبادی رابگرێت، ئەمەش بە رێگەی کۆکردنەوەی گرووپەکانی ئەنتی ئەمریکا و ئەوانەی ئەجیندای پرۆ ئێرانیان هەیە، کاراکتەرێکی دیکەی سەرەکی هادی عامری سەرۆکی رێکخراوی بەدرە کە میلیشیایەکی شیعەیەو بۆتە پارتێکی سیاسی و خوازیاری ئەوەیە کە پەیوەندی ئێران لەگەڵ عێراق زۆر بەهێز بکات و هێرش دەکاتە سەر کاراکتەرە سیاسییە عەلمانییەکان**

# کاریگەریی هزرو فەتوا لە بارودۆخی کەرکوک و ناوچەکە

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

(إِنَّمَا السَّبِيلُ عَلَى الَّذِينَ يَظْلِمُونَ النَّاسَ وَيَبْغُونَ فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ أُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ)

ئاشكرایە كە جارێكی دیكە میللەتە سەربەرزەكەمان تووشی ستەم و دەربەدەری و نارەحەتی بۆتەوە بەدەستی ستەمكارانی ناوچەكە، بەتایبەتی كارەساتە دڵ تەزێنەكەی شاری كەركوك و دوزخورماتووی سەربەرز، شاری كەركوك ئەو شارەیە كە لە رووی ئایینییەوە شاری پێكەوەژیانی ئایینییە، چونكە لە مێژوودا ئەم پێكەوەژیانە بوونی هەیە، لە روی مەزهەبییەوە لە ٩٨٪ سوننەن كە كورد و عەرب تێیدا بەشدارن و زیاتر لە ٨٠٠ مزگەوتی تێدایە وی لە دوای ٢٠٠٣ بەتایبەتي و بە هاندانی سەلەفییەكان و لایەنێكی كوردی لە ناوچە كوردنشینەكان ژمارەیەكی زۆر لەم مزگەوتانە هاتنەكایەوە، بەڵام ئێستا چی رووی داوە؟

ئێستا شەرێكی عەقیدەیی لە كەركوك دەكرێت بە گۆرینی موعتەقد و بروای سوننەكان بۆ شیعە ـ من بۆ وا دەڵێم ؟

چونكە گەر لە یادتان بێت پێش داعش دەزگای وەقفی شیعی بە هێزێكی زەبەلاحی بەغداوە هاتنە زەریبەی كەركوك چەندین هەزار دۆنم زەوی وەقفی سوننی كردە بە ناوی خۆیەوە و زۆر بە عەنتەری ئەو كارەیان كرد پاشان هاتن مولحەقی رۆشنبیری ئێرانی لە گەرەكی تسعین كرایەوە بە ئامادەبوونی سەرانی حیزبێكی دیاریكراو و زۆر بە هێزەوە كاری جۆراوجۆریان ئەنجام دەدا.

لە مانگی نیسانی ٢٠١٤ و بە سەرپەرشتی چەند بەرپرسێك و كادیری حیزبێكی كوردستانی نزیكەی ٩ خول و كۆنفرانسی تایبەت بە ئیمامی شافعی سوننە ئەنجامدرا كە ١٠٠٠ مەلای كورد بەشداریان تێیداكرد و دوایان لە شاری سلیمانی كرا و مەلای كەركوكیشی تێدا بوو.

لە كەركوك جاران ئاڵای عاشورا تەنها لە یەك گەرەكی كەركوك هەبوو ئەویش گەرەكی تسعین بوو، بەڵام ئەمساڵ لە زۆر گەرەكی كوردەكان ئەم ئاڵایە بەسەر جەمەدانی كوردەكانی كەركوكدا دەدرەوشایەو، ئەمانە ستراتیجیەتی عەقیدی شیعەیە كە تەمەدود لەم رێگایانەوە دەكەن پێش بەكارهێنانی هێزی چەكداری بەكار بهێنێت بەڵگەی ئەم قسەیەم ئەوەیە لە وڵاتی یەمەن پێش ئەوی دەنگۆی هیچ هەبێت هەواڵگیری وڵاتێك هۆشداری دا كە ئێران خەریكی جموجۆڵە لەگەڵ مامۆستایانی زانكو و توانی دەیان كەسیان بۆ



## شێخ ئیبراهیم شێخ محەمەد تاهیر بەرزنجی

**بەڕێوەبەری ئیرشاد و توێژینەوە لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی**

بۆ گوڵانی نووسیوە

هاوسۆزی مەزهەبی رازی بکات دواتر قوڕەکەی ئیمام حوسێنی بۆ یەمەنی خێر لە خۆ نەدیو گرتەوە.

لە کەرکوکیش کەسایەتی وا هەن بە عەبای سوننە و بە توربەکی شیعە رازیە بخرێتە گیرفانییەوە، ئەوەندە مجامەلەی سەرانی شیعە دەکرا بە درۆی پێکەوەژیان و برایەتی و تەبایی دەعوەتی چەور و جوان دەخورا لە نێوان چەند مەلاو شێخێکی سوفی و ئایەتوڵڵا و حوسێنییەکان، ئێمە چیمان هەیە بەرامبەری ئەم فیکرەی ئێران، لەرووی هێزەوە بینیمان لە ١٦/ ٢٠١٧/١٠ چەندێک بەرگریمان کرد، چونکە شەڕکەرەکەیان فکری ئەوەیە بمرێت بۆ بەهەشتە، ئیمامی عەلی چاوەڕوانییەتی، ئیمامی حوسێنیش بەدیار سەریەوە دەبێت تا قیامەت.

لە رووی هێزەوە دەبابەی ئەمریکی تەقەکەی ئێرانی خواردنەکەی عێراقی ئێمە نە فکرمان ئەوندە تۆکمە کردووە تا گەر باو تۆزێک هات زاڵ نەبێت بە سەرمانە، چونکە تاکی کەرکوکی لە ٢٠٠٣ وە تووشی شەڕی سۆفی و سەلەفییان کردین، وتار تەرخان دەکرا بۆ وەڵامدانەوی یەکتر شەڕی ئەوە دەکرا .

ئایە دەف لێدان و مەولودی پێغەمبەر جائیزە یان نا؟

کەچی ئەوان چەکیان دابەش دەکرد و تەرکیزیان لەسەر گۆڕینی رۆشنبیری ئایینی و ئەکادیمییان دەکرد وایان رازیکرد کە موتعەیش بکات حەڵاڵە. دەزگاکانمان لە رووی زانستەوە نە دیراسەتێک نە مەقالەیەک تەنانەت وتارێکیش لەسەر ئەو مەزهەبە نەدراوە کە بە فتوای مەرجەعیەتێکی شیعە کوردستان شەهید دەکەن ، بگرە گێمی ٢٠١٧ ناشرین کردنی کورد بوو و گەر سەماحەتی سەید بهاتایە بۆ کوردستان وامان دەزانی لە کونی ئاسمانەوە بەربۆتەوە گەنجەکانمان سێڵفیان لەگەڵ دەکرد ئەویش لە وەفادارێکی بۆ ئەو رێزە یەکەم کەس بوو وتی کورد بشکێنن .

لە راستیدا کفنی کەرکوک زەرد نەبوو لە نەهامەتییەکانی داعش ئەوجا ماعشیش هات دەبێت هیچ شەرم نەکەین ئێمەش شەڕی فیکری بکەین و پاراستنی بیرو هەرزی تاکی کوردی لە ئەستۆی زاناکانی ئێمەیە و لەژێر رۆشنایی فەرموودەی خوای گەورە (وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَىٰ) سۆفی و سەلەفی و ئیخوانەکانی کوردستان موسڵمان و مەسیحی و ئایینەکانی تر یەک کاریان هەبێت ئەویش پارێزگاری کردنە لەکورد.

# پەرەپێدانی کەلتووری ئارامی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی

ئارامیی کۆمەڵایەتی چەمکێکی دێرینە کە بە زاراوەی جۆراوجۆرەوە ساڵانێکی زۆرە لەسەر ئاستی وڵاتاندا کاری لەسەر دەکرێت، چونکە ئارامیی کۆمەڵایەتی بەردی بناغەی هەموو ئارامییەکانی بوارەکانی دیکەی کۆمەڵگەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خودی ئارامیی کۆمەڵایەتی وەك چەمکێك پێویستیی زۆری بە چەند بوارێکی دیکە هەیە بۆ ئەوەی لە چەمکەوە ببێتە کەلتوور، لەو بوارانەش بۆ نموونە:

١- پەروەردە: زۆر گرنگە لەم بوارەدا کار بکرێت بۆ:

یەکەم: پێناسەکردنی چەمکی ئارامیی کۆمەڵایەتی وەك ئامرازێکی پاراستنی کۆمەڵگە.

دووەم: تەرخانکردنی بەشێکی پڕۆگرامی هەر قۆناغێکی خوێندن بە باتەکانی ئارامیی کۆمەڵایەتی.

سێیەم: ئاگادارکردنەوەی نەوەی تازە لە مەترسییەکانی کەلتووری نامۆ و ئاراستە سیاسییە توندڕەوەکان و مەترسیی مادده هۆشبەرەکان و کەلتوورە بیانییەکان.

٢- میدیا: راهێنانی هاووڵاتییان لەسەر بەهێزکردنی چەمکی ئارامیی کۆمەڵایەتی لە رێگەی:

یەکەم: کۆڕو سیمیناری بەردەوام بۆ بەزیندووڕاگرتنی چەمکی ئارامیی کۆمەڵایەتی لای هاووڵاتیان لە گۆشەنیگایەکی نیشتمانییانەوە.

دووەم: گەیاندنی زانیاری و پەیامی ئاشتی و ئارامیی کۆمەڵایەتی بە زمانێکی سادە کە هاووڵاتییانی خۆمان لێی تێبگەن.

سێیەم: دروستکردنی پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان میدیاو دەزگاکانی کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ برەودان بە ئارامیی کۆمەڵایەتی وەك پێویستییەکی سەردەم بۆ کاتی ئاشتی و کاتی جەنگ.

٣- وەزارەتە پەیوەندیدارەکان: وەك بوارێکی گێڕانەوەی بەها بۆ بواری ئاشتی و ئارامیی کۆمەڵایەتی لە رێگەی:



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەینووسێت

یەکەم: ڕێکخستنی کۆنفرانسی هاوبەش لەنێوان بەشی کۆمەڵناسی لە زانکۆکان و ڕێکخراوەکانی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بایەخدان و گەشەپێدانی چەمکی ئارامیی کۆمەڵایەتی لە ڕووی هۆکارو ڕاسپاردەکانەوە.

دووەم: تەرخانکردنی بەرنامەی میدیایی و هۆشیاری لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە سەبارەت بە زیندووکردنەوەی بەهای ئارامیی کۆمەڵایەتی.

سێیەم: تەرخانکردنی چەند بابەتێك لە پرۆگرامی زانکۆکاندا بۆ بایەخدان بە بەهای ئارامیی کۆمەڵایەتی.

چوارەم: تەرخانکرددنی بەشێك لە وتارەکانی ڕۆژانی هەینی بۆ باسکردن لە بەهای ئارامیی کۆمەڵایەتی.

پێنجەم: بایەخدانی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بە پرۆسەی هۆشیاری لەبارەی بەهای ئارامیی کۆمەڵایەتی.

٤- بواری ئابووری و خۆراك: وەك كورد لە دێرین زەمانەوە گوتوویەتی: «کاسەی پڕ ئاشتیی ماڵانە»، بۆیە ئەم خاڵانە یارمەتیدەرن بۆ ئارامیی کۆمەڵایەتی:

یەکەم: پشتگیریی گەڕانەوە بۆ گوندەکان .

دووەم: زیندووکردنەوەی ئابووریی کشتوکاڵی .

سێیەم: خودبژێویی ژیانی لادێ .

چوارەم: بە زانستی کردنی کەرتی کشتوکاڵ.

پێنجەم: هێنانی تەکنەلۆژیای سەردەم بۆ زیادکردن و چاکترکردنی بەرهەم .

شەشەم: دامەزراندنی پیشەسازیی خۆراك.

حەوتەم: دابینکردنی دەرفەتی کار لە لادێ بۆ بەهێزکردنی ئابووریی لادێ و زیادکردنی داهات.

هەشتەم: خستنەڕووی ئاکام و زیانەکانی پەنابردنە بەر بەکارهێنانی چەك و توندوتیژی.

نۆیەم: سوودوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی سەرکەوتوو لەبواری بنەبڕکردنی توندوتیژیی کۆمەڵایەتیی.

دەیەم: دروستکردنی رایەڵەو پەیوەندیی لەبواری باس و توێژینەوەوە لەنێوان دەزگا پەیوەندیدارەکاندا لەبارەی چەمکی ئارامیی کۆمەڵایەتییەوە.

# نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان شەرمەزارترین تاوانی مرۆڤایەتییە لە رۆژگاری هاوچەرخدا

**د. ڤیلادیسلاڤ سۆتیرۆڤیچ**

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

لە ئێستادا چەندین گەل و نەتەوە هەن لە جیهاندا کە خاوەن قەوارەی سەربەخۆی خۆیان نین و دەکرێت پێیان بوترێت: «نەتەوە بێ دەوڵەتەکان» یان باشترە بڵێین «کەلتوورە بێ دەوڵەتەکان» یان «گرووپە ئیتنییە- زمانەوانییە بێ دەوڵەتەکان»، بەڵام ئەوەی سەرنج دەدرێت ئەو راستییەیە کە لەنێو ئەم گەلانەدا هەستێکی باڵا و هەڵکشاوی ناسنامەی هاوبەش بەدی دەکرێت، بەڵام لە دەرئەنجامی رووداووە مێژووییەکانەوە ئەم گەلانە نەبوونەتە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان، تاوەکو ئەو دەوڵەتە هەڵبستێت بە نوێنەرایەتیکردنیان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و لەسەر شانۆی سیاسەتی جیهانی. کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەم نموونەی ئەم واقیعە و هەم قوربانیی دەستی داپڵۆسینی دەوڵەتە بەتایبەتی لە تورکیا و عێراقی سەردەمی سەددام حوسێندا. لە هەردوو وڵاتەکەشەدا حکومەتی ناوەندی وەك توخم و پێکهاتەیەکی نامۆ لە کوردیان روانیوە.

خاکی ئەو دەوڵەتە نەتەوەییە سەربەخۆیە بۆ کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەکەوێتە ناوچەیەکەوە کە ئەم ناوچەیەش لانکەی کۆنترین و دێرینترین شارستانیەت و کەلتووری مرۆییە. بەڵام راستییەکە ئەوەیە کە تا ئێستا ئەم دەوڵەتە نەهاتۆتەئاراوە، رەنگە ئەمەش یەکێك لە نادادپەروەرترین حاڵەتەکان و بە دڵنیاییەوە یەکێکە لە شەرمەزارکەرترین تاوانی مرۆڤایەتی لە رۆژگاری هاوچەرخدا، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی چەند راستییەکی حاشاهەڵنەگر:

١. کورد یەکێك لە کۆنترین گەلانی ناوچەکە و یەکێك لە کۆنترین گرووپی ئیتنی و زمانەوانییە لە جیهاندا.

٢. کورد گەورەترین گرووپی ئیتنی-زمانەوانیی بێ دەوڵەتە لە جیهاندا و چوارەم گەورەترین گرووپی ئیتنی و زمانەوانییە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

٣. کوردی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ناوچەیەکدا چڕبوونەتەوە، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە دروستکردن و داڕشتنی سنووری دەوڵەتێك کە کورد زۆرینە بێت تێیدا کارێکی سەخت و دژوار نابێت.

٤. کورد تاکە گرووپی ئیتنییە لە ناوچەکەدا



کە دابەشکراوە بەسەر پێنج دەوڵەتدا، بەڵام لە هەر یەکێك لەو وڵاتانەشدا لە ناوچەیەکی دیاریکراودا چڕ بۆتەوە.

٥. کورد یەکێکە لە ستەملێکراوترین و چەساوەترین گرووپە ئیتنییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

٦. بە گوێرەی میساقی نەتەوە یەگگرتووەکان و پرەنسیپەکانی پەیوەست بە مافی بڕیاردانی چارەنووس لە سایەی حوکمڕانیی کۆلۆنیالیدا لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی، کورد شایستەی ئەوە بوو دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی خۆی هەبێت.

لە ئێستادا، کورد لە تورکیا، سووریا، عێراق و جۆرجیا و ئێران وەك کەمینەیەکی بەهێز نیشتەجێن، هەروەها لە ئازەربایجان و ئەرمینیا و تاجیکستانیش وەك جالییەکی پەرت و بڵاو دەژین. لە ئێستادا مەزندەی ئەوە دەکرێت ژمارەی کورد بگاتە ٣٠ ملیۆن کەس کە ١١ ملیۆنیان لە تورکیان ( لە سەدا ٢٠ی دانیشتووانی تورکیا ) و چوار ملیۆن لە ئێران (لە سەدا هەشتی دانیشتووانی ئێران) و لە عێراقدا ٢،٥ ملیۆن (لە سەدا ١٥ی دانیشتووانی عێراق، لە سووریا ٨٠٠،٠٠٠ کەس (لە سەدا ٨ی دانیشتووانی سووریا) و لە جۆرجیا ٤٠٠،٠٠٠ کەس ( لە سەدا ٨ی تێکڕای دانیشتووانی جۆرجیا ) پێکدەهێنن. هەروەها لە چەند شوێنێکی دیکەی وڵاتانی ئەرمینیا و ئازەربایجان و تورکیا و ئێران و تورکمانستان دەژین.

● **ڕوانگەیەکی مێژوویی**

کورد بنەڕەتێکی هیندۆئەورووپی هەیە، ڕەچەڵەکیان دەچێتەوە سەر مێدیاکان (مادەکان) کە لە ڕۆژگاری کۆندا لەئارادا بوون و لای نووسەرەکانی یۆنان و نووسەرانی دیکە ناسراو بوون و لە پەیمانی کۆندا ئاماژەیان پێکراوە و لە چیای زاگرۆسەوە لە باشووری-ڕۆژئاوای ئێرانی ئێستاوە سەرچاوەیان گرتووە. کورد خەڵکێکی غەیرە عەرەبن و لە ڕۆژگاری ئێستاشدا زۆرینەیان سوننە مەزهەبن. ئەوان لە سەدەی ٧دا و لە سەروەختی گەیشتنی عەرەبە موسڵمانەکاندا بوونە ئیسلام کە لەو کاتەدا عەرەبەکان بە «کورد» بانگیان دەکردن، ئەگەرچی ئەوان ٣٠٠٠ ساڵ

**گرووپی ئیتنی لاتڤی لە ساڵی ١٩٩١دا بووە دەوڵەتێکی سەربەخۆ (دووەم جار بوو کە سەربەخۆیی بەدەست بهێنێت) ئەمە سەرەڕای ئەوەی دانیشتووانەکەی تەنیا ٢،٦ ملیۆن کەس بووە کە نزیکەی لە سەدا ٣یان لە رووی ئیتینەوە رووسین و هیچ سەرچاوەیەکی وزەیان نیە و تەنیا چەند سەرچاوەیەکی کەمی سرووشتییان هەیە، بە بەراورد بە کورد کە ژمارەیان ٣٠ ملیۆن کەسە**

**لە ئێستادا، خۆبەڕێوەبەرییەکەی هەرێمی کوردستان کە سێ پارێزگاریی کوردی لە خۆگرتووە لە عێراقدا گەشەکردووترین بەشە بۆ ئەوەی ببێتە یەکەم کوردستانی سەربەخۆ**

پێش دەستپێکردنی پرۆسەی بە ئیسلامکردن گەیشتبوونە کوردستان. لە ئێستادا ٨٠٠ هۆز و خێڵ لە کوردستاندا هەن. لە سەدەی ١١دا کوردستان لەلایەن تورکە سەلجوقییەکانەوە داگیرکرا و ٢٠٠ ساڵ دواتریش لەلایەن مەغۆلەکانەوە داگیر کرا. پێش هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانیش ئەو ناوچانەی کوردی تێدا نیشتەجێ بوون، سەر بە ئیمپراتۆرییەتی عوسمان بوون .

دوای ئەوەی بۆ چەندین سەدە لە سایەی سەڵتەنەتی عوسمانیدا ژیانیان بەسەر برد، کورد وەك موسڵمانەکانی دیکەی نێو دەوڵەتەکە هیچ ناسنامەیەکی ئیتنی فەرمی سەربەخۆی نەبوو، جگە لە ناسنامەی هاوبەشی موسڵمان بوون نەبێت. هێشتا ئەم پراکتیزە لە تورکیادا پەیڕەو دەکرێت کە سەرجەم موسڵمانەکان لە رووی ئیتنی و زمانەوانییەوە بە تورك لە قەڵەم دەدرێن، کە ئەمەش بە باشترین رێگە دادەنێت بۆ چونیەککردنی ئیتنی لەنێو دەوڵەتێکی عەلمانیدا. لەگەڵ ئەوەشدا، لە کۆتایی سەدەی ١٩دا کوردی نێو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بە چەشنی گرووپە ئیتنییە غەیرە تورکەکانی دیکەی چوارچێوەی سەڵتەنەتەکە کەوتە ژێر کاریگەریی شەپۆلی ناسیۆنالیزم و هەڵکشانی ناسنامەی نەتەوەییەوە.

بەو پێیە کورد بە ناسنامەیەکی نەتەوەیی هاوبەشەوە — کە تەواو گەڵاڵە ببوو- پێی نایە سەدەی بیستەوە کە ئەو ناسنامەیەش لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای زمان و کەلتوور هاتە دامەزراندن نەك ئایین ( ئیسلامی سوننە).

یەکەم پەیماننامەی نێودەوڵەتی کە پرسی کوردی تاوتوێ کردبێت، بریتی بوو لە پەیماننامەی سیڤەر (١ی ئابی ساڵی ١٩٢٠) کە بە گوێرەی ئەو پەیماننامەیە دەبوو خۆبەڕێوەبەرییەکی کوردی دابمەزرێت. هەروەها گرنگە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە شاندی کوردی لە کۆنفرانسی ئاشتیی پاریس بەشداری کرد لە ساڵی ١٩١٩دا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم پەیماننامەیە جێبەجێ نەکرا، لەبەر ئەوەی پەرلەمانی عوسمانی پەسەندی نەکرد. لەوەش زیاتر، لە دوای هەڵمەتە سەربازییە سەرکەوتووەکەوە بە سەرۆکایەتی مستەفا کەمال (کە دواتر ناوی ئەتا تورکی لێنرا، کە بە واتای باوکی تورك دێت) لە شەڕی یۆنان- عوسمانی (تورکی) لە ساڵی ١٩١٩- ١٩٢٢ رێککەوتنێکی نوێی ئاشتی واژووکرا لەگەڵ کۆماری تورکیادا لە لۆزان ( ٢٤ی تەممووزی ساڵی ١٩٢٣) کە تێیدا هیچ ئاماژەیەك بە کورد نەکرا. بەڵکو بە پێچەوانەوە خاکی کورد ئەوەندەی دیکە دابەشکرا، کاتێك بەریتانیا سەرکەوتوو بوو لە بەدەستهێنانی ئینیتداب — لەلایەن کۆمەڵەی گەلانەوە کە تازە لەسەر دەستی خۆیان دامەزرا بوو- بەسەر کێڵگە نەوتییەکانی موسڵەوە لە عێراقدا.

رەنگە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرکوتکردنی بێڕەحمانەی خەباتی کورد لە پێناوی سەربەخۆییدا بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە کوردستانی عێراق و ئێران دەوڵەمەندن بە کێڵگەی نەوت. یەکەم هەوڵی کورد بۆ سەربەخۆیی لە ساڵی ١٩٢٤-١٩٣٢ کاردانەوە بوو لەبەرامبەر ئاوێتەکردنی موسڵ و کەرکووك لەنێو عێراقدا کە لەو کاتەدا عێراق لە ژێر دەستڕۆیشتوویی و کۆنترۆڵی بەریتانیادا بوو. دووەم شەڕ و شۆڕشی جددیی کورد لە پێناوی سەربەخۆییدا لە ساڵانی شەستەکاندا روویدا کە ئەوەش بەشێك بوو لە خەباتێکی چەکداری بەرفراوانتری نێوان ساڵانی ١٩٥٨-١٩٧٤ کە هۆکارەکەشی ئەوە بوو حکومەتی نوێی عێراق رێزی لە مافەکانی کورد نەگرت (کە ئەمە حاڵەتەکەش بوو لە سەرجەم ئەو دەوڵەتە دراوسێیانەی کە کوردیان تێیدا نیشتەجێ بوو).

## ● یەکەم خۆبەڕێوەبەری نەتەوەیی: «کوردستانی عێراق»

شەڕی عێراق و ئێران لە ساڵانی ١٩٨٠-١٩٨٨ یەکێك بوو لە رۆژگار و رووداوە یەکلاکەرەوەکانی پرۆسەی بەرەوپێشچوونی «پرسی کورد» لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لە سەرەتادا کوردی عێراق سوودیان لە شەڕەکە بینی. بەڵام هەرچۆنێك بێت، لە کۆتایی شەڕەکەدا سوپاکەی سەددام بە چڕ و پڕی چەکی کیمیایی لە دژی کورد بەکارهێنا، بەتایبەتی لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٨٨دا. دوای شەڕەکە، لەبەر ئەوەی لەلایەن هیچ هێزێکەوە نەدەپارێزران، کوردی عێراق دوچاری سەرکوتکاری و دلڕەقییەکی بەربڵاو بوونەوە لەسەر دەستی رژێمی عێراق. سەرکردە سیاسی و نەتەوەییەکانی کورد رووبەڕووی هەڵمەتی زیندانیکردن و ئەشکەنجەدان و هەوڵی کوشتنیان بوونەوە. لە میانەی یەکەم شەڕی کەنداو لە ساڵانی ١٩٩٠-١٩٩١ جارێکی

دیکە کوردی عێراق دووچاری پێکدادان بوونەوە لەگەڵ هێزە ئەمنییەکانی عێراقدا.

رۆژگاری سەرکوتکردنی کوردی عێراق لەسەر دەستی حکومەتەکەی سەددام کۆتایی هات، کاتێك عێراق لە ساڵی ١٩٩١دا شەڕەکەی دۆڕاند و کوردی عێراقیش لەو کاتەوە تاوەکو ساڵی ٢٠٠٣ ( دووەم شەڕی کەنداو) بەهرەدار بوو لە خۆبەڕێوەبەرییەکی پارێزگاری لێکراو لەلایەن هێزەکانی ناتۆوە لە تورکیا. هەر لە ساڵی ١٩٩١دا عێراق ناچار کرا بۆ ئەوەی راگەیاندنەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان قبووڵ بکات لەبارەی خۆبەڕێوەبەرییەکی نەتەوەییەوە بۆ کورد لە ناوچەکانی باکووری عێراقدا. لە راستیدا، باکووری عێراق بووە «نەوای ئارام» بۆ کورد - کە دوو ساڵ دواتر هەمان میکانیزم پیادە کرا کە ئەوە بوو سێ «نەوای ئارام» بۆ ئاوارە موسڵمانەکانی بۆسنیا-هێرزەگۆڤینیا دروست کرا کە شارۆچکەی سێبرینتچاشی لەخۆگرت. ئەمە لە واقیعدا بە مانای ئەوە هات کە بوار نەدەدرا هێزە ئەمنییەکانی عێراق لە سەرووی هێڵی ٣٦ـەوە بوونیان هەبێت و لە حاڵەتی پێشێلکردنی ئەم رێککەوتنەشدا هێزە ئاسمانییەکانی ناتۆ لە تورکیا بەرپرس بوو لە هێرشکردنەسەریان.

ئەوەی لە دوای یەکەم شەڕی کەنداوەوە و ئەوەی لە واقیعدا دەگوزەرا ئەوە بوو دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی عێراق بەسەر باکووری عێراقدا داکشابوو و بگرە لەئارادا نەمابوو. ئەمەش لە بەشێکیدا بەهۆی ئەو راستییەوە بوو کە هێزە ئاسمانییەکانی ئەمریکا و بەریتانیا ناوچەی «دژە فڕێنیان» دامەزراند بۆ ئەوەی پارێزگاری لە شیعە و کورد بکەن لەبەرامبەر تیرۆریزمی سەددام حوسێندا.

یەکەم خۆبەڕێوەبەری لە مێژووی «پرسی کورددا» هاوشێوەی ئەو خۆبەڕێوەبەرییە سیاسییە بوو کە ئەلبانییە کۆسۆڤییەکان لە سربیا بەدەستیان هێنا لە ساڵانی ١٩٧٤ بۆ ١٩٨٨. کە لەو کاتەدا هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی لە کوردستانی عێراقدا ئەنجام دران کە بەغدا ئیعتیرافی پێنەکرد، ئەمەش بە پێچەوانەی حاڵەتی کۆسۆڤوە کە بە شەرعی لە قەڵەم درا لەلایەن دەسەڵاتی سربیاوە. دوو پارتی سیاسی و سەرەکی لە کوردستاندا لەئارادابوون یەکێتی نیشتمانی کوردستان (ینك) و پارتی دیموکراتی کوردستان (پدك).

هەرچۆنێك بێت، کوردستانی عێراق لە رووی ئابوورییەوە کەوتە ژێر کاریگەرییەکی گەورەی ئەو سزا نێودەوڵەتییانەی (ئابڵوقەی ئابووری) کە بەسەر عێراقی سەردەمی سەددام حوسێندا سەپێندرابوون.

## ● «کۆسۆڤۆ»ی تورکیا

کورد لە تورکیادا دوچاری جیاکاری و سەرکوتکارییەکی زۆر بۆتەوە بە بەراورد بە دەوڵەتەکانی ئێستا کە کوردیان تێدا نیشتەجێیە. کورد لە تورکیا وەك کەمینەیەکی ئیتنی و زمانەوانیی ئیعتیرافی پێناکرێت کە خاوەنی زمان و کەلتووری خۆیان بن، ئەمە بە چاوپۆشین لەو راستییەی کە ئەوان یەك لەسەر پێنجی تێکڕای دانیشتیووانی تورکیا پێکدەهێنن و لەگەڵ یۆنان و ئەرمەنییەکاندا کۆنترین دانیشتوانی تورکیا پێکدەهێنن کە لە ئەنادۆلیا ژیابێتن و ٣٠٠٠ ساڵ بەرلە تورکە سەلجوقییەکان لەوێ بوون، کە ئەم تورکانە لە کۆتایی سەدەی ١١دا هاتنە ئەو ناوچەیە.

لە راستیدا سێ هۆکاری بنەڕەتی هەن بۆ جووڵانەوەی جوداخوازیی کورد لە تورکیا، کە تێیدا کورد خواست و مافی ئەوەی هەیە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی بێت، وەك یەکێك لە کۆنترین گەلانی –گرووپی ئیتنی زمانەوانی- هەم لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەم لە جیهانیشدا:

١. دواکەوتوویی ئابووریی بەرچاوی ناوچە کوردییەکانی رۆژهەڵاتی تورکیا بە بەراورد بە بەشەکانی دیکەی وڵاتەکە وەك دەرئەنجامی سیاسەتێکی ئابووری و گەشەپێدانی لاسەنگ لەلایەن ئەنقەرەوە.

٢. بەرهەڵستی سەرسەختانەی هەموو حکومەتە تورکییەکان بۆ ئیعتیرافکردن بە بوونی کورد وەك گرووپێکی ئیتنی جیاواز کە خاوەنی زمان و کەلتووری جیاوازی خۆی بێت، ئەویش لە دەرئەنجامی سیاسەتی عوسمانی تورکی بۆ چونیەککردنی سەرجەم دانیشتووانی موسڵمانی وڵاتەکە.

٣. رەتکردنەوەی ئیعتیرافکردن بە پێگەی کەمینەی کورد کە-ئەم ئیعتیرافکردنە- دەبێتە هۆی ئەوەی کوردستانی تورکیا ببێتە خاوەنی

**راگەیاندنی جۆرێک لە سەربەخۆیی لەلایەن کوردەوە تەنیا مەسەلەی کاتە کە بەلای کەمەوە بەشێکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش ئیعتیرافی پێدەکات بە چەشنی ئەوەی لە حاڵەتی کۆسۆڤۆدا لە ساڵی ٢٠٠٨ بینیمان**

**کوردی عێراق کە پشتیوانییان لە روخانی سەددام حوسێن کرد، لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە هەوڵی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بۆ کوردستان دەدەن، بەڵام یەکێک لە ئاستەنگە هەرە سەرەکییەکان بریتی بووە لە بەرهەڵستی هاوبەشی تورکیا و سووریا و ئێران**

**کاتێک سوپاکەی سەددام حوسێن زیاتر لە ٢٠٠٠ گوندی کوردی وێران کرد، بەڵام بە بێ ئەوەی رووبەڕووی سزای ئەمریکا ببێتەوە، چونکە ئەو کاتە عێراق هاوپەیمانی واشنتۆن بوو لە ململانێکەیدا لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران (شیعە) بە چاوپۆشین لەو راستییەی کە مەزەندە دەکرێت لەم هەڵمەتی جینۆسایدەدا نزیکەی ٢٠٠،٠٠٠ کورد کوژرابێتن**

**لە رابردوو و لە ئێستاشدا دوو ئاستی توندوتیژی لە تورکیادا لەبەریەک کەوتندان: توندوتیژی دەوڵەت و توندوتیژی قەوارەی غەیرە دەوڵەتی. بەڵام کاردانەوەکانی رۆژئاوا، بەتایبەتی ئیدارەی ئەمریکا، ئیزدواجییانە بووە، واتە تەنیا لایەنە کوردییەکە بە ئەنجامدانی توندوتیژی تۆمەتبار دەکات**

خۆبەڕێوەبەرییەکی نەتەوەیی-کەلتووری یان سیاسی. ئەمە لە کاتێکدا ئەم خۆبەڕێوەبەرییە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و بە گوێرەی بەیاننامەی ئاشتی سیڤەر لە ساڵی ١٩٢٠ ئیعترافی پێکراوە.

لە کۆتاییدا سیاسەتی جیاکاری و سەرکوتکاری و دژەکوردی پەیڕەوکراو لەلایەن ئەنقەرەوە سەریکێشا بۆ دروستبوونی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە ساڵی ١٩٧٨دا کە هەڵسا بە گرتنەبەری شەڕی گەریلایی وەك ئامرازێك بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی. ئەنقەرەش لە روانگەی سیاسیی خۆیەوە پەکەکەی وەك رێکخراوێکی ناشەرعی و تیرۆریستی ناساندو بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئەم رێکخراوە شەڕ دەکات بۆ تێکشکاندنی سیستمی یاسایی و دامەزراوەیی وڵاتەکە، ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە ئەگەر لەم روانگە تەکنیکییەوە لە مەسەلەکە بڕوانین، ئەوا ئەمە بۆ سوپای رزگاری کۆسۆڤۆش راست بوو، چونکە سوپای رزگاری کۆسۆڤۆش هەمان کاری لە دژی سیستمی یاسایی و ئەمنی سربیا دەکرد لە ساڵانی نەوەتەکاندا، کەچی ئەنقەرە لە رووی سیاسی و مەعنەوییەوە پشتیوانی لێدەکرد.

هەرچۆنێك بێت لە کۆتاییدا ئەنقەرە ناچار بوو بە فەرمی ئیعتیراف بەوە بکات کورد لە رووی کەلتورییەوە پێکهاتەیەکی جیاوازە. ئەگەرچی ئەمە نەبووە هۆی ئەوەی کورد وەك گرووپێکی ئیتنی و زمانەوانی بناسرێت. بەهەر حاڵ، پرسیارە سەرەکییەکە لێرەدا ئەوەیە: چۆن دەکرێت کەلتوورێکی جیاوازت هەبێت، لە کاتێکدا زمانی جیاوازت نەبێت و تەنانەت گرووپێکی ئیتنی جیاوازیش نەبێت؟ چونکە ئەمە حاڵەتێکی بەربڵاوە کە لە بنەڕەتدا خەسڵەتە ئیتنی و زمانەوانییە جیاوازەکان ناسنامەیەکی کەلتووری جیاواز دەخولقێنن و ناسنامەی ئیتنی و زمانەوانی و کەلتوورییەکانیش وەك هاووڵاتیان لێیان دەڕوانرێت، بەڵام ئەمە حاڵەتەکە نییە لە تورکیا لە پەیوەندی بە کورد و چەند کەمینەیەکی دیکەی زمانەوانی و ئیتنی کە ئیعتیرافیان پێنەکراوە.

هەرچۆنێك بێت، هەر داواکارییەکی پەکەکە بۆ بەدەستهێنانی خۆبەڕێوەبەرییەکی سیاسی، یان سەربەخۆیی کوردستان لەلایەن ئەنقەرەوە رەت دەکرێتەوە. لە دەرئەنجامدا، لە ناوەڕاستی ساڵانی هەشتاکانەوە تورکیا راستەوخۆ رووبەڕووی ئەو حاڵەتە بۆتەوە کە پێی دەوترێت «حاڵەتی کۆسۆڤۆ». مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە کاردانەوەی دەسەڵاتدارانی تورکیا لەبەرامبەر شەڕی دڕەقانەی پەکەکەدا بە هەمان شێوە دڕەقانە بوو لە بەرامبەر خەڵکانی مەدەنیی کورد لە ناوچەکانی شەڕدا لە رۆژهەڵاتی تورکیا. ساڵانە بە سەدان چالاکوان زیندانی دەکرێن و ئەشکەنجە دەدرێن لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی تورکیاوە کە لە ساڵی ١٩٩٩دا سەرکەوتوو بوون لە (ئەو ساڵەی کە ناتۆ دەستتێوەردانی سەربازی کرد لە دژی کۆماری فیدراڵی یوگسلافیا بە پاساوی ئەوەی رێگری لە تیرۆریزمی دەوڵەت بکەن لە دژی مەدەنییە ئەلبانییەکانی کۆسۆڤۆ) دەستگیرکردنی سەرکردەی پەکەکە ئۆجەلان (کە بە ئاپۆ ناسراوە) کە دادگایەکی رواڵەتی کراو سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێندرا و دڕەقی دەوڵەتیش بەرامبەر کورد بەردەوام بوو. هەرچۆنێك بێت، تەنیا بەهۆی فشاری راستەوخۆی کۆمیسیۆنی یەکێتی ئەوروپاوە لە ساڵی ٢٠٠٢دا فشارەکانی دژ بە کورد تا رادەیەك کەم کرانەوە. واتە کاتێك بووە کاندید بۆ ئەندامێتی یەکێتی ئەوروپا، تورکیا ناچار بوو یاسای لیبراڵی نوێ بگرێتەبەر کە بە هۆیانەوە مافی کەلتووری بە کورد رەوا بینرا و دواتر پارێزگاریان بۆ دەستەبەر کرا لەبەرامبەر زیندانیکردنی هەڕەمەکی و دادگاییکردنی سیاسیدا. بە کورتی، بۆ ئەوەی تورکیا ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، یەکێك لە پێداویستییەکان ئەوە بوو کە دەبێت هەموو هاووڵاتییەك مافی گوزارشتکردنی کەلتووری پێ بدرێت، لە نێویاندا کەمینەی سەرەکیی تورکیا، واتە کورد کە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لەلایەن حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی تورکیاوە خەونەکانیان بۆ بنیادنانی نەتەوە سەرکوتکراوە.

### ● توندوتیژیی دەوڵەت و توندوتیژیی قەوارە غەیرە دەوڵەتییەکان

خواستی کورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەت رووبەڕووی بەرهەڵستی سەرجەم ئەو دەوڵەتانەوە بووەتەوە کە کوردیان تێدا دەژییت. لە ناوچەکەدا تورکیا بە شێوەیەکی تایبەتی وڵاتێك بووە کە زۆرترین ئازاری چەشتووە بەدەست لایەنە جیاوازەکانی چالاکییە تیرۆریستییەکان و جۆرە جیاوازەکانی توندوتیژی سیاسییەوە. خەباتی

دوورو درێژی جوداخوازی لە تورکیا بووە هۆی لەناوبردنی گیانی هەزاران کەس و لە دەرئەنجامدا توندوتیژی دەوڵەت (یان تیرۆریزمی لەسەرەوە سەپێنراو) هاتەئاراوە، هەمان هەلومەرج لە عێراقدا لە ئارادا بوو لە سەردەم سەدام حوسێندا.

کەواتە لە رابردوو و لە ئێستاشدا دوو ئاستی توندوتیژی لە تورکیادا لەبەریەك کەوتندان: توندوتیژیی دەوڵەت و توندوتیژیی قەوارەی غەیرە دەوڵەتی. بەڵام کاردانەوەکانی رۆژئاوا، بەتایبەتی ئیدارەی ئەمریکا، ئیزدواجییانە بووە، واتە تەنیا لایەنە کوردییەکە بە ئەنجامدانی توندوتیژی تۆمەتبار دەکات (پەکەکە) نەك حکومەتی تورکیا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر بەراوردێك بکەین، ئەوا لە سەروەختی قەیرانی کۆسۆڤۆ ١٩٩٨-١٩٩٩ رۆژئاوا و ئەمریکا تەنیا باسی کردەوە توندوتیژییەکانی حکومەتی سربیایان دەکرد، نەك ئەو کارە توندوتیژانەی کە سوپای ئازادی کۆسۆڤۆ ئەنجامی دەدان. هەرچۆنێك بێت، ئەوەی زۆر سەیرە ئەوەیە هەرگیز ئەنقەرە سوپای ئازادی کۆسۆڤۆی وەك رێکخراوێك، یان گرووپێکی توندوتیژ سەیر نەکردووە، بەو شێوەیە تورکیا ئەو دەرگایە لە خۆی دەکاتەوە بۆ ئەوەی پەکەکە وەك پارتێکی شۆرشگێڕی-سیاسی بناسێنرێت کە خەبات لە پێناوی ئازادیدا دەکات.

ئەوەی پەیوەندی بە عێراقیشەوە هەبێت، ئەوا سیاسەتێکی تیرۆریستی لەلایەنی دەوڵەتی عێراقی سەردەمی سەددامدا پیادە کرا کە جار دوای جار سەرکوتکاری ئەنجام دەدا لە دژی کورد، بە چەشنی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال کە لەساڵی ١٩٨٢دا ئەنجامدرا ( واتە لە سەردەم شەڕی عێراق-ئێراندا ١٩٩٠-١٩٨٨)، هەروەها دڵڕەقانەترین کردەوەی سەربازی لە دژی کورد لە ساڵی ١٩٨٨دا ئەنجام درا، کاتێك سوپاکەی سەددام حوسێن زیاتر لە ٢٠٠٠ گوندی کوردی وێران کرد، بەڵام بە بێ ئەوەی رووبەڕووی سزای ئەمریکا ببێتەوە، چونکە ئەو کاتە عێراق هاوپەیمانی واشنتۆن بوو لە ململانێکەیدا لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران (شیعە) بە چاوپۆشین لەو راستییەی کە مەزەندە دەکرێت لەم هەڵمەتی جینۆسایدەدا نزیکەی ٢٠٠،٠٠٠ کورد کوژرابێتن.

**● دەرئەنجام**

کێشەی کورد لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە تەنیا نموونەیەکە لەبارەی ئەوەی کە ناسیۆنالیزمی دەوڵەت چیتر نابێتەهۆی پاراستنی یەکێتی دەوڵەتەکە، هەروەك ئەوەی پێشتر ئەمە حاڵەتەکە بوو، بۆ نموونە لە حاڵەتی فەرەنسا لە دوای شۆرشی ١٧٨٩-١٧٩٤. بە دڵنیاییەوە کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە چەشنی زۆرێك لە «کەلتوورە بێ دەوڵەتەکان» یان «نەتەوە بێ دەوڵەتەکان» لە جیهاندا، وەك باسك، یان فەلەستینیەکان بەردەوام دەبێت لە خەباتکردن بۆ سەروەری و سەربەخۆیی. کوردی عێراق کە پشتیوانییان لە روخانی سەددام حوسێن کرد، لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە هەوڵی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بۆ کوردستان دەدەن، بەڵام یەکێك لە ئاستەنگە هەرە سەرەکییەکان بریتی بووە لە بەرهەڵستی هاوبەشی تورکیا و سووریا و ئێران. کە ترسیان هەیە لەوەی رەنگە کوردی وڵاتی ئەوانیش جیا ببنەوە، کە ئەمەش دەبێتەهۆی هەڕەشە لەسەر یەکپارچەیی خاکی سێ دەوڵەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەرچۆنێك بێت، راگەیاندنی جۆرێك لە سەربەخۆیی لەلایەن کوردەوە تەنیا مەسەلەی کاتە کە بەلای کەمەوە بەشێکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش ئیعتیرافی پێدەکات بە چەشنی ئەوەی لە حاڵەتی کۆسۆڤۆدا لە ساڵی ٢٠٠٨ بینیمان.

لە ئێستادا، خۆبەڕێوەبەرییەکەی هەرێمی کوردستان کە سێ پارێزگاریی کوردی لە خۆگرتووە لە عێراقدا گەشەکردووترین بەشە بۆ ئەوەی ببێتە یەکەم کوردستانی سەربەخۆ.

لە کۆتاییدا، کورد لە ئێستادا شایستەی ئەوەیە ببێتە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی و سەربەخۆی خۆی، ئەویش بە گوێرەی چەند پێوەرێکی جیاواز (وەك ژمارەی دانیشتووان، توانا و سەرچاوە ئابوورییەکان، رەسەنی دانیشتووانەکەی، سەرکوتکاری و .. هتد)، کە رەنگە لە زۆرێك لە دەوڵەتە بچووکەکانی ئێستای جیهانیش شایستەتر بێت، بۆ نموونە، گرووپی ئیتنی لاتڤی لە ساڵی ١٩٩١دا بووە دەوڵەتێکی سەربەخۆ (دووەم جار بوو کە سەربەخۆیی بەدەست بهێنێت) ئەمە سەرەڕای ئەوەی دانیشتووانەکەی تەنیا ٢،٦ ملیۆن کەس بووە کە نزیکەی لە سەدا ٣یان لە رووی ئیتینەوە رووسین و هیچ سەرچاوەیەکی وزەیان نیە و تەنیا چەند سەرچاوەیەکی کەمی سرووشتییان هەیە، بە بەراورد بە کورد کە ژمارەیان ٣٠ ملیۆن کەسە.

**سیاسەتی جیاکاری و سەرکوتکاری و دژەکوردی پەیڕەوکراو لەلایەن ئەنقەرەوە سەریکێشا بۆ دروستبوونی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە ساڵی ١٩٧٨دا کە هەڵسا بە گرتنەبەری شەڕی گەریلایی وەک ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی**

**کورد لە تورکیادا دووچاری جیاکاری و سەرکوتکارییەکی زۆر بۆتەوە بە بەراورد بە دەوڵەتەکانی ئێستا کە کوردیان تێدا نیشتەجێیە. کورد لە تورکیا وەک کەمینەیەکی ئیتنی و زمانەوانیی ئیعتیراف پێناکرێت کە خاوەنی زمان و کەلتووری خۆیان بن**

# ئافرەت و گەشەپێدانی هەستی نەتەوایەتی

ئافرەتانی کورد پێشەنگی خەبات و نیشتمانپەروەری بوون لە دێرزەمانەوە هەر لە سەردەمی عادیلەخانمی جاف تادەگاتە قەدەمخێر و خانزادی میری سۆران و دەیان ئافرەتی تێکۆشەری تر، دیارترین ئافرەتی خەباتکەرمان لەم سەردەمەشدا لەیلا قاسمی تێکۆشەربوو، دەتوانم بڵێم کە ئافرەتی کورد بەدرێژایی مێژوو لەخەبات دانەبڕاون.

لەم کات و قەیرانەدا ئافرەتانی کورد هەمیشە پشتگیریی هێزی پێشمەرگە بوون و بەبێ دابڕان هیچ کاتێك ئافرەتی کورد لە خەباتی کوردایەتی دانەبڕاوە، ئەوەی من بە گرنگی دەزانم لەم کاتەدا لە هەموو کات زیاتر ئافرەتانی چالاکوانان دەتوانن رۆڵی باش بۆ ڕزگارکردنی کوردستان بگێڕن. لەم کاتەدا هەوڵی ئافرەتان رزگارکردنی وڵاتە لە قەیران و کێشەکان،چونکە ئەوان دەتوانن هانی خەڵك بدەن و ببنە پاڵپشتیی گشت کۆمەلگە، بە بڕوای من هەموو ئافرەتان دەتوانن کار بکەن، بەڵام ئافرەتانی چالاکوانان باشتر دەتوانن کار بکەن، چونکە ئەوان زۆرتر کاریگەرییان لەسەر ئاراستەی کۆمەڵگە و هۆشیارکردنەوەی تاکەکان دەبێت، ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە دەبێت هەموومان هانی ئافرەتان بدەین کە هاوکاریی گشت تاکەکان بن لە وەڵامدانەوەی ناحەزانی گەلەکەمان، چونکە نەیارانی گەلی کورد هەموویان دژایەتیی ئەم ئەزموونەمان دەکەن، بەڵام دەکرێت هەموومان پێکەوە کار بکەین بۆ ڕزگارکردنی کوردستان لەم دۆخەدا. گەلی کوردستان لەم کاتەدا پێویستی بەچینی رۆژنامەنووسان و چالاکوانانە، بەتایبەتی ئافرەتانی رۆژنامەنووس و ڕاگەیاندکار کە بتوانن هەنگاوی خێرا بنێن لە ڕێگەی نووسین و بڵاوکردنەوەی بابەتی نەتەوەیی، چونکە لەم قۆناغەدا گەشەکردنی هەستی نەتەوەیی، روونتر بڵێم زیندوکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی یەکەم هەنگاوی سەرەکییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەموو ئەگەرێکی نەخوازراو، واتا دەکرێت ئافرەتانی رۆشبیر جا لە هەر جۆرە کارێکدابن بە بەردەوامی هانی گشت ئافرەتانی تر بدەن بۆ ئەوەی هەستی نەتەوایەتی بڵاوبکەنەوە،چونکە ئافرەت باشتر دەتوانێت کار لەسەر بڵاوکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی بکات لە گشت ناوچەیەکی وڵات. لەلایەکی ترەوە ئافرەتی رۆشنبیر دەتوانیت ببێتە مەشخەڵ هەلگری کۆمەڵگە پێشەوایەتیی کۆمەڵگە بکات بۆ پێشخستنی تاکەکانی کۆمەڵگە و هۆشیارکردنەوەی تاك. لە کۆتاییدا دەکرێت ئەم هەنگاوانە بکرێنە خاڵێکی گرنگ بۆ برەودان بەهەستی نەتەوایەتی تاکەکان، واتا

**ئافرەتانی چالاکوانان باشتر دەتوانن کار بکەن، چونکە ئەوان زۆرتر کاریگەرییان لەسەر ئاراستەی کۆمەڵگە و هۆشیارکردنەوەی تاکەکان دەبێت**



مەیادە محەمەد نەجار
سەرۆکی ڕێکخراوی ئاریانا

بۆ گوڵان نووسیویەتی

دەتوانین بڵێین کۆمەڵگەیەکی تۆکمەمان بە پاڵپشتیی ئافرەتان بۆ دروست دەبێت لەو باوەڕەدام لە ئێستادا ئافرەتان بە بڵاوکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی دەتوانن زۆرترین کاریگەرییان هەبێت. لەلایەکی ترەوە ئافرەت دایکە دەتوانێت نەوەکەی وەها پەروەردە بکات لە هەموو کەس زیاتر هەستی نەتەوایەتی بەهێز بێت، چونکە دایك زۆرترین کاریگەری لەسەر هەستی منداڵەکانی هەیە، لەلایەکی ترەوە ئەرکیکی زۆر گرنگ لەسەر شانی ئەو ئافرەتانەیە کە مامۆستان بەتایبەتی مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی، چونکە دەتوانن کاریگەری لەسەر هەستی نەتەوایەتی منداڵانی قوتابی دروست بکەن، وانەکانیان بکەنە خزمەتی بابەتی نەتەوایەتی و پێشخستنی هەستی نەتەوایەتی لە قوتابخانەکاندا، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە ئافرەتان دەتوانن باشترین کاریگەرییان لەسەر هەستی نەتەوایەتی هەبیت، لە ڕوویەکی ترەوە کاتێك کە تەماشای تەشەنە کردن و بە هێزبوونی هەستی نەتەوایەتی لەلای میللەتان بکەین دەبینین هەموو کاتێك ئافرەتێك بۆتە هەڵگری مەشخەڵی نەتەوەیی. ئەمە زۆر لە مێژووی گەلاندا دووبارە بۆتەوە. هەروەها پێویستە کار لەسەر ئەوە بکرێت کە ئافرەتانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەڵمەتی هۆشیاری لە گشت لادێ و گوندەکاندا دەست پێبکەن بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری نەتەوایەتی لە هەموو پارچەیەکی کوردستاندا، چونکە ئەمڕۆ گەلەکەمان بە قۆناغێکی زۆر هەستیارو تایبەتمەندا رەت دەبێت کە خۆی لە خۆیدا مێژوویەك تۆمار دەکات کە رەنگە هەتا هەتایە لاپەڕەکانی مێژوو شانازی پێوە بکەن. خاڵێکی تر کە من بەپێویستی دەزانم بە جیددی باسی بکەم ئەوەیە کە لە لاپەڕەکانی مێژوودا تیشك بخرێتە سەر ئەو ئافرەتانەی کە کاریگەرییان لەسەر رەوشی خەباتی گەلان هەبووە بەتایبەتی ئافرەتانی کورد کە خەباتکەربوون و بوونەتە پێشمەرگە و خەباتیان کردووە، بۆ نموونە مێژوونووسان و نووسەرانی وڵاتانی عەرەبی زۆر بەگرنگییەوە لە خەباتی جەمیل ئەبو حیردی جەزائیری دەدوێن بە بڕوای منیش پێویستە مێژوونووسانی کوردستان و نووسەران زۆر بە گرنگییەوە لە خەبات و کارو چالاکی تێکۆشەرێکی وەك لەیلا قاسم بدوێن، پێویستە چەندین توێژینەوەی دەرچوون و بابەتی زانستی لەسەر ئامادە بکرێت، هەروەها پێویستە توێژینەوەی تایبەتی لەسەر خەباتی گشت ئافرەتە پێشمەرگەکان هەبێت بەتایبەتی ئەوانەی بەشدارییان لەخەباتی پێشمەرگایەتی شاخ و خەباتی نهێنی ناو شار کردووە.

**ئافرەتی ڕۆشنبیر دەتوانیت ببێتە مەشخەڵ هەڵگری کۆمەڵگە پێشەوایەتیی کۆمەڵگە بکات بۆ پێشخستنی تاکەکانی کۆمەڵگە و هۆشیارکردنەوەی تاك**